مەکسیم گۆرکی

# تونێل

دکتور هیوا عمر احمد

لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی



لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ئۆفسێتی سەرکەوتن - سلێمانی

ئازاد عزیز محی الدین
سلیمانی
١٩٨٦

نووسینی : گۆرکی

# تونێل



دکتۆر هیوا عمر احمد

لە ئینگلیزی‌یەوە کردوویەتی بە کوردی

- ١٩٨٤ -

چاپخانەی سەرکەوتن سلێمانی شەقامی حەمدی

«مەکسیم گۆرکی . ئەم چیرۆکانەی لە نێوان سالآنی (١٩١١-١٩١٢ ز)دا نوسیوەو لە ڕۆژنامەی (زفیزدا) = ئەستێرە = دا بلاوی کردونەتەوە ، گۆرکی چالاکی شۆڕشگێڕانەی کرێکارانی ئیتالیای کردووە بە هەوێنی ئەم چیرۆکانە ، کە خۆی ناوی لێناوە = سەرگورشتەی ئیتالیایی = و قسەیەکی = ئەندرسۆن = یشی بۆ کردوە بە گەردانە ، کە ئەڵێ :

- هیچ چیرۆکێ هێندەی ئەو چیرۆکانە ، جوان نین کە ژیان خۆی ئەیان خوڵقێنێ - لە ئاکامی خوێندنەوەی ئەم چیرۆکانەوە ، بۆمان دەرئەکەوێ ، کە گۆرکی چۆن بە تێنوارینێکی پڕهیواو ئومێدو دووربینییەوە لە ژیانی مرۆڤ ئەڕوانێ» .

وەرگێڕ

دکتۆر هیوا عمر احمد

# مانگرتنەکە

ئیش کەرەکانی شەمەندەفەری (ناپلس) مانیان گرتبوو . گالیسکە بەتاڵەکان لە گۆریسێکی درێژ ئەچوون . تکت بڕو شۆفێرە چالاکەکان ، لە گۆرەپانی (سەرکەوتن)دا کۆمەڵیان بەستبوو . لە گەڵ ئەو خەڵکانەی ئەیانویست شەمەندەفەرەکە بیان گوێزێتەوە بۆ سەر ئیشەکانیان . قەرەباڵغی یەکی گەورەیان دروست کردبوو ، ئەو خەڵکەی لە ئیشەکەیان دوا کەوتبوون . قسەو جنێویان بە مانگرتووەکان ئەدا ، هەندێکیان چەمۆڵەو مستەکۆڵەشیان تێ ئەسرەواندن .

لەو دیو پەرژینی سەیرانگای نزیك ئێستگەکەوە . فوارەیەکی بەرز ئەبینرا ، نەرمەبایەك لە دەریاکەوە هەڵی کرد . پۆپەی دارخورما بەرزەکانی ناو باغچەی شارەکەی جوڵاندەوە . منداڵە شێوە ڕووتەکان لە شەقامەکەدا هارو هاجی یان ئەکرد ، قرەقرو گەرەلاوژێکەیان . جریوە جریوی چۆلەکەی بە بیری مرۆڤ ئەهێنایەوە .

دەنگی شەپۆلی ئاوی کەنداوەکە لە ئاستی قرەقرو هاواری شارەکەدا ، کپ ئەبوو ، مانگرتووەکان شانیان لەیەك توندکرد . و هاوارەکانیان بۆ یەك ئەسەندەوە ، ئەوانەی بە پەرژینی باغچەکەدا هەڵزنی بوون . بە دوودڵی یەوە چاویان لە مانگرتووەکان بریبوو .

چەند کەسێك . لەسەرخۆ جگەرەیان ئەکێشاو بە ناحەزی مانگرتووەکانیان ئەووت :

— (مرۆڤ چی بکات . گەر نەتوانێ تەنانەت ، مەعکەرۆنی بۆ منداڵەکانی دابین بکات ؟) .

پۆلیسی شارەوانی و کومەڵی سوارە . دوو دوو سێ سێ ، بە بێلایەنی لە لاوە وەستابوون تا نەیەڵن خەڵکەکە بەگژ یەکدا بچن یان گواستنەوە پەکی بکەوێ .

لە ناخڵەفا شەرەقسەو گاڵتە بەیەك کردنەکە خەفە بوو ، مانگرتووەکان لەیەك نزیکتر بوونەوە . دەنگێك بڵند بووەوە :

— (سەربازەکان هاتن) .

ناحەزی مانگرتووەکان . فیکەیان لەمان ئەگرت‌و چوون بەرەو پیری سەربازە کانەوە . سەربازە جل‌وبەرگ خاکی‌یەکان . بە (چەپراست) کردن نزیك‌بونەوە . سەردەستەکەیان ئەفسەرێکی جوانکەی تورەو ترۆ بوو . کابرایەکی تەپلە قیتی لەگەڵ‌دا بوو . بەدەم قسە کردنەوە . دەستی وەکو جیکەنە دەجولاندەوە .

قەرەباڵغی‌یەکە . کەمێ لە گالیسکەکان دوور کەوتنەوە ، سەربازەکان بە گشت لایەکدا بلاو بوونەوە . کابرای تەپلە قیت‌و چەند شارنشینێك لە دەوروپشتی ئەفسەرەکە کۆبوونەوە . دەستیان بۆ مانگرتوەکان راکێشاو گوتی‌یان :

— (ئەمە دواجار بێ . لەگەڵ ئێوەمانە)

ئەفسەرەکە لوتی بەرز کردبووەوە . سمێلی بادا . کابرای تەپلە قیت رایکردە پاڵی‌و چریەیەکی بۆ کرد . ئەمیش سنگی دەرپەراندو بە دەنگێکی گڕ فەرمانی بە سەربازەکان دا . ئەمانیش رایان کردە سەر چەمەلغی شەمەندەفەرەکە ، هەر دووانەو چوونە لۆچێکی‌یەوە . سەربازو شۆفێرەکان بازیان دایە خوارەوە ، وبەرەو پێشەوەی یەکەم گالیسکە رایان کرد . یەکێ لە شۆفێرەکان . لەسەر هێڵە ئاسنەکە دووپێ دوور لە پێچکەی شەمەندەفەرەکەوە پاڵ کەوت . خەڵکەکە پەشۆکان،گەنجێکی چالاك ، لە تەنیشت شۆفێرەکەوە پاڵ کەوت . ئیدی یەکە یەکە ئەوانی‌کەش ئەهاتن‌و لەسەر هێڵە ئاسنەکە پاڵ کەوتن . هەراو هوریاو پارانەوە . کەوتە ناو خەڵکەکەوە . ئافرەتان ئەیان قریشکان ، منداڵەکان هارو هاجی‌یان ئەکرد .

کابرای تەپلە قیت کەوتە ورێنە کردن . ئەفسەرەکە سەیرێکی کردو شانی راتەکاندو فەرمانی بە سەربازەکان دا . خەڵکەکە لە هێڵە ئاسنەکە دوور بخەنەوە . شارنشینەکان ، لەگەڵ تەپلە قیت دا بەرەو سوارە چەکدارەکان چوون ، کە خەریکی دوور خستنەوەی خەڵکەکە بوون لە هێڵە ئاسنەکە . . . .

پاش کەمێ بگرەو بەردە . خەڵکەکەی تەماشایان ئەکرد بە قاوو قیژ کردنەوە ، بلاوەیان کرد . خۆیان گەیاندە پەرژینە ئاسنەکە . کابرایەك شەبقە = پەنەما =ی‌یەکەی بە ئاسماندا هەڵ‌داو چوو لە پاڵ قرەترین مانگرتوودا پاڵ کەوت . خەڵکەکە یەکە یەکە رایان کردە سەر هێڵە ئاسنەکەو خۆیاندا بە زەوی‌دا . بە ئەفسەرەکە پێئەکەنین کە لەگەڵ

کابرای تەپلە قیت‌دا قسەی ئەکردو بە دەست‌کێشەکەی بەرلوتی ئەخوراندو سەری رائەوەشاند .

پێنج سەربازەکەی سەر چەمەلغی پێشەوەی شەمەندەفەرەکە . سەیری پاڵکەوتووەکانی یان ئەکردو لە تریقەی پێکەنینا بە بەرو دوادا . ئەچەمانەوەو خۆیان بە ئاسنەکەوە گرتبوو . نەوەك بکەون . ئێستا لە بوکەشوشەی میکانیکی نەئەچوون .

پاش نیوکاژێر شەمەندەفەرەکە . بە تەقەتەقو شەپور لێ‌دان بە شەقامەکانی -ناپلس-دا . هاتووچۆی ئەکرد . مانگرتووە سەرکەوتووەکان لە چەمەلغو ناو گالیسکەکەدا . ئەهاتن‌و ئەچوون‌و بە خۆشدوویی‌یەوە ، ئەیان ووت :

«تکت . . . . . ؟» .

سواربووەکانیش بە پێکەنینەوە کاغەزی زەردو سوریان ئەدانی‌و جەڤەنگیان لەگەڵ ئەکردن .

# منداڵه کانی پارما

کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر لە گۆرەپانە بچوکەکەی بەردەم ئیستگەی شەمەندەفەری =جنیوا=دا کۆ بووبوونەوە . زۆربەیان کرێکار بوون . هەندێکیشیان لەوانە بوون بەرگی جوانو خواردنی خۆشیان بۆ دابین ئەکرا . ئەندامانی شارەوانی لەبەردەم قەرەباڵغی یەکەدا وەستابوون . ئالاّ رەنگاو رەنگەکەی شاریش لەژور سەریانەوە ئەشەکایەوە . ورتە ورتێکی نزم کە لە دەنگی ئۆرکێسترایەکی کز ئەچوو . لە خەڵکەکەوە ئەهات .

پەیکەری – کۆلۆمبس – لەسەر سەکۆیەکی درێژ لە لای سەرووبانەوە دانرابوو کۆلومبس . ئازاری زۆری چێشت لە پێناوی ئەو شتانەی باوەری پی یان هەبوو . هەر ئەم باوەرەش وای لی کرد بتوانێ = خەون = ەکانی بهێنێتە دی . ئەمرۆش بەرامبەر خەڵکەکە راوەستاوە . وەك بیەوێ بڵێ :

– (تەنیا مرۆڤی خاوەن باوەر سەرئەکەوێ)

مۆسیقاژەنەکان . ئامێرەکانیان لەبەر پی ی –کۆلۆمبس–دا ، دانابوو ، مسی ئامێرەکان وەکو ئالتون ئەدرەوشایەوە ، خانووە شێوە بازنەیی یەکەی ئیستگەکە ئامێزی بۆ خەڵکەکە ئاوەڵا کردبوو . هەناسەی گەمی یەکان لە بەندەرەکەوە ئەهاتن وئاوێتەی هەڵچونی تاساوی ئاوەکەو زرەی زنجیرو هەراو هوریای خەڵکەکە ئەبوو .

ئافرەتان بە چەپکە گوڵەوە . لە بارکۆنو پەنجەرەی خانووەکاندا وەستابوون منداڵە کالاّ نوی کانیان وەکو گوڵ لە تەنیشتەوە وەستابوون

کاتێ شەمەندەفەرەکە بە شەپۆر لێدان خۆی کرد بە ئیستگەکەدا ، قەرەباڵغی یەکەی وروژان . چەندان شەپقە وەکو مەلی رەش رەش بە ئاسماندا هەڵ دران ، مۆسیقا ژەنەکان ئامێرەکانیان هەڵگرت . چەند ریش سپی یەك هاتنە بەرامبەر خەڵکەکەو دەستی یان کرد بە قسەکردن . بەدەم قسەکردنەوە دەستی یان بە راستو چەپدا ئەبزوان ، قەرەباڵغی یەکە . لێك پچرانو کەلەبەرێکی ئاشکرایان بۆ سەر شەقامەکە کردەوە .

– (بۆ پێشوازی نوێنەرەکانمان)

– (بۆ پێشوازی چەندان منداڵی پارمایی)

مانگرتنێ لە=پارما= بەرپا کراوە ، کرێکارەکان نابەزن ، وایان بریارداوە منداڵەکانیان بنێرن بۆ = جنیوا = تا لە برسێتی رزگاریان بکەن . لە پشت کۆڵەکەی ئێستگەکە وە ، کەژاوەیەکی رێك و پێکی کیژو کوران دەرکەوت ، نیمچە روتەڵە بوون ، لە کۆمەڵێ گیانلەبەرێ بچوکی چڵکن و ماندوو ئەچوون ، بەریز دەستی یەکیان گرتبوو ، هەر ریزەی پێنج منداڵ ، هەرچەندە دەموچاوە گچکەکانیان پەست دیار بوو بەڵام چاویان ئەدرەوشایەوە ، کاتێکیش ئۆرکێسترا کە مۆسیقای سرودی (گاریبالدی)ی یان لێ دا ، زەردەخەنەیەك کەوتە سەر لێوە برسی و پەلاس گرتووەکانیان ، بەو پەڕی شادی و هەراو هوریایەکی گوێ کەر کەرەوە ، قەرەباڵغی یەکە پێشوازی ژن و پیاوانی ئایندەی ئەکرد ، ئاڵاکان لە بەریانەوە بڵندو نەوی ئەکرانەوە ، منداڵەکان شەپورە مسەکانیان چووە دڵەوە ، منداڵەکان کەمێ پاش گەزبوونەوە ، لەپاشا تەکانیان دایە خۆیان بەرەو پێشەوەو خۆیان قیت کردەوە ، ئێستا کەمێ لە جاران باڵا بەرزتر دیار بوون ، بوون بەیەك بارستەو لە سەدان قورگەوە قریشکەیەکی یەك دەنگی بڵند بووەوە .

– (با بژی ئیتاڵیا)

قەرەباڵغی یەکەش وەك هەور گرماندی

– (با بژی پارما)

منداڵەکان دریان بە قەرەباڵغی یەکە داو قیژاندیان)

– (با بژی گاریبالدی)

لە پەنجەرەی میوانخانەو سەربانی خانووەکانوە ، دەسری خەڵکەکە وەك کۆتری سپی کەوتنە شەکانەوە ، بە هاوارو قیژە قیژەوە ، قەرەباڵغی یەکە گوڵباران کرا ، هەموو شتێ رەنگی شادی لێ ئەچۆرایەوە ، گیان کرابوو بەبەر گشت شتێکدا ، تەنانەت مەرمەرە

خۆڵەمێشی یەکانیش بوخچەی ڕەنگە درەوشاوەکانیان هەڵخستبوو . شنەی شەماڵ ئالاّکانی خستبووە شنانەوە ، هەر گوڵو شەبقە بوو بە ئاسماندا هەڵئەدران ، سەری گچکەی منداڵەکان لەبان سەری قەرەباڵغی یەکەوە ئەبینران ، دانەوەی چریکەیەکی نەڕەی بێبڕانەوە ئاڵودەی هەواکە بوو :

– (با بژی سۆشیالیستی) .

– (با بژی ئیتاڵیا) .

زۆربەی منداڵەکان ، لە لایەن پیاوە سمێڵ درێژەکانەوە ، بە قەڵان دۆشکانو لەئامێز گرتن قۆزرانەوە . هێشتا دەنگی مۆسیقاکە زاڵ بوو بەسەر ئەو گشت قاوو قریشكو حلیکە حلیکەدا . ئافرەتەکان ئەهاتن و ئەچوونو منداڵە نەقۆزراوەکانیان لەگەڵ خۆیاندا ئەبرد . جار جارە هاواریان ئەکردو بە یەکیان ئەووت :

– (تۆ دووات هەڵئەگری ؟) .

– (بەڵێ . ئەی تۆ ؟) .

– (مارگریتە شەل لە یاد نەکەیت یەکێکیش بۆ ئەو بەە) .

چالاکی یەکی شادی هێنیان تێکەوتبوو . لە گشت لایەکەوە هەر ڕووی خۆشو چاوی درەوشاوەی دەسواز بوو ئەبجریوان . . . هەندێ لە منداڵەکان هەر لە ئێستاوە کەوتبوونە نان خواردن .

کابرایەکی پیر . لوتی وەك دەنوکی مەل وابوو . جگەرەیەکی ڕەشی لە نێو ددانەکانیا گیر دابوو . ووتی :–

– (لە ڕۆژانی ئێمەدا کەس بیری لەم شتانە نەئەکردەوە) .

– (چەند ئاسانو ساکاریشە !) .

– (بەڵێ ئاسانو پڕ ژیری یە) .

کابرا جگەرەکەی لە دەمی دەرهێناو سەیرێکی نوکەکەی کردو کوژاندی یەوەو سوتوەکەی کردە سەر زەوی یەکە . لای کردەوە دوو منداڵی بچوکی پارمایی لە نزیکی یەوە بینی (وا دیار بوو برا بوون) . بە ساختە خۆی بە ماقوڵ نواند . منداڵەکان سڵەمینەوە ئەمیش شەبقەکەی هێنایە سەرچاوی و باوەشی کردەوە . منداڵەکان بە ترسو

لەرزەوە بەرەو دوا ڕایانکرد ، ئەمیش هاتە سەرچۆك ، وەکو کەڵەشیر قوقاندی ، دوو منداڵەکە تریقانەوەو دایانە قاقای پێکەنینو بەدەم ڕاکردنەوە خاکەکەیان ئەشێلا . . . پیاوەکە هەڵسایەوە سەرپێو شەبقەکەی ڕاست کردەوەو چوو بە ڕێی خۆیەوە ، وای ئەزانی ئەرکی خۆی بەجێ هێناوە .

افرەتێکی قژ ماشو برنجی ، دەموچاوچرچی وەك جادوگەر ، لەلای پێی پەیکەرەکەی کۆلۆمبسەوە وەستابوو ، چەند تاڵە موویەك لە چەناگەی ڕوابوو ، دایە پرمەی گریانو چاوە گل کەوتووە سور هەڵگەڕاوەکانی بەچمکی دەسماڵەکەی سڕی ، ئەو چڵکنە ڕەش داگیرساوە ، سۆزەیەکی خەمناکی بوو لەو قەرەباڵغی یە هەژاوەدا .

ئافرەتێکی گەنجی (جنیوا)یی کەزی یە ڕەش ، دەستی منداڵێکی حەوت ساڵانەی گرتبوو ، کەوشێکی لەپێدا بوو ، شەبقەیەکی هێندە گەورەی لەسەر دابوو لە شانی دەخشا هەرچەندە بەرزی ئەکردەوە ، هەر ئەهاتەوە بان چاوی ، تاکو ئافرەتەکە لەسەری داکەندو بە ئاسماندا هەڵی دا ، بەدەم گۆرانیو قاقای پێکەنینەوە ، منداڵەکە زەردەخەنەیەکی گرتو سەری بۆ دواوە وەرگێڕاو تیێ تەقاند ، لەگەڵ شەبقەکەدا لەچاو بزربوون پیاوێکی درێژی ، بازوو ماسولکەییو کاڵاً چەرم ، کیژێکی شەش ساڵانی کردبووە قەڵان دۆشکان ،

— (تێ ئەگەی مەبەستم چی یە ؟) .

ئەم ووتەیەی ئاراستەی ئەو خانمە کرد کە لەگەڵیا ڕێی ئەکردو دەستی کوڕێکی بچوکی کونجەی قژ سوری گرتبوو . . . . دووبارە ووتی :—

— (گەر ئەم جۆرە شتانە ڕەگ داکوتن ، بە ئاسانی نابەزین ، وا نی یە ؟)

بە تریقانەوەوە ، منداڵەکەی قەڵان دۆشکانی بە ئاسمانە شینەکەدا هەڵئەداو ئەیووت :

— (با بژی پارما) .

خەڵکەکە پاش ئەوەی سەرو چەند منداڵیان لە گەڵیانا بردەوە ، وردە وردە بڵاوە یان لێکرد ، گۆڕەپانەکە بەتاڵ بوو ، تەنیا گوڵە ژاکاو و بەرگی شیرینیمەنی یەکانو گرۆیە کرێکاری ڕووخۆشو دۆزەرەوەی جیهانی نوێی لێمابوو . . . چریکەی پڕ شادی ئەو خەڵکەی ڕوو لە ژیانێکی نوێ بوون ، وەك دەنگیشەپۆرێکی مەزن ئەدرایەوە .

# گوڵان

ڕۆژێکی گەرم بوو ، مەنجەنیقی نیوەڕۆکە لە دوورەوە گرمەی ئەهات ، هێمنی باڵی کێشابوو بەسەر شارە بۆندارەکەی کە بۆنی ڕۆن زەیتونو سیرو مەیو ڕۆژو خۆڵی گەرمی لێ ئەهات .

خۆر گەیشتبووە ناوەڕاستی ئاسمان ، شمشێرە ئاگرینی‌یەکانی لە بەردو ئاوەکە ئەچەقان . تیشکە گەرمەکانی لە ئاسمانە شینەکەوە بە سەر زەویو دەریاکەدا ئەپەخشان . ئاوەکە وەك پارچە ئاوریشمێکی ناو پۆش زێرین ئەبریسکایەوە ، هاژەی شەپۆلی سەوزی ئاوە گەرمەکەی کە شاڵاوی بۆ ڕۆخەکە ئەهێنا ، وێنە دانەوەیەکی چاکی چاوگی ژینو بەختیاری = خۆر = بوو .

کۆمەڵێك پیاوی خۆڵاویو ئارەقاوی بەدەم دوانەوە بە دەنگێکی پڕ شادیو بەرزەوە خەریکی خواردنی‌نانی نیوەڕۆ بوون ، هەندێکیشیان ، بەرەو ڕۆخەکە ئەچوونو بەرگە چڵکنەکانیان دائەکەندو خۆیان ئەهاویشتە ناو دەریاکەوە ، وەك لە ئاوەکەدا توابنەوە ، لەشە گەنم ڕەنگەکانیان زۆر بچوك دیار بوون ، لە چەند گەردێکی تاریکی ناو کوپەیەك = مەی = ئەچوون ، پرژەی ئاوریشمی ئاوەکەو قیژەی خۆشیو قاقای پێکەنینی مەلەکەرانو تریقانەوەی منداڵانو پەلکە زێرینەکەی بەرۆك ئاسمان وەکو هەیمای قوربانی‌یەکی شادی‌هێن وابوون .

لە چەقی ڕێگای نێوان خانووە بەرزەکاندا ، چوار کرێکاری ڕەقەڵەو بۆر لەسەر بەردەکان بۆ نان خواردن دانیشتبوون ، یەکێکیان پیرێکی چاو تیژی قژ ماشو برنجی ، سەرتاپا خۆڵاوی بوو ، خەریکی لەت‌کردنی کولێرەیەکی درێژ بوو ئەوەی لا مەبەست بوو کە کەرتەکان هێندەی یەك بن ، شەبقەیەکی سوری قیتی لەسەر دا بوو ، قەراغەکەی هاتبووە سەر چاوی ، جارجارە سەرولوتی ئەخوراند . لاوێکی گەنم ڕەنگی قژ ڕەشی لاواز ، لەسەر بەردە گەرمەکانی پاڵ پیرەکەوە لەسەر پشت ڕاکشابوو ، چەند پارچەیەك لە نانەکە کەوتنە سەر دەموچاوی ، تەمبەڵانە لایبردنو چەند ورتەیەکی وەکو وڕێنەکردنی لێوە هات ، دوو کرێکارەکەی دیکە پاڵیان بە دیوارە سپی‌یەکانی خانووەکەوە دابوو ، باوێشکیان ئەدا .

کورێك ، سوراحی‌یەك = مەی = بە دەستێکی هەڵگرتبوو ، بەرەو لای ئەمان ئەهات ، دەنگە دەنگێکی لێوە ئەهات لە جریوە جریوی باڵندان ئەچوو ، ئاگاداری ، تنوکە تنوکی (مەی)ە سورەکە نەبوو کە لە درزێکی سوراحی‌یەکەوە ئەتکایە خوارەوە ، هەر کە پیاوەپیرەکە ئەمەی دی ، نانو چەقۆکەی لەسەر سنگی لاوە پاڵکەوتووەکە داناو ، دەستی بۆ کورەکە ڕاوەشاندو نەڕاندی :

— (کورە ، کوێری ، ئەو =مەی=یە بەفیرۆ ئەدەی) .

کورەکە سوراحی‌یەکەی داناو بە هەناسەبرکێ ڕایکرد تا خۆی کرد بە (حەوشە)یەکدا کرێکارەکان پەشۆکانو قامکی‌یان بۆ سوراحی‌یەکە ڕائەکێشاو ، پێکەوە هاواریان ئەکرد ، کورەکە بە دۆلکەیەکی گەورەی زەردەوە گەڕایەوەو لەسەر زەوی‌یەکە داینا ، کابرا پیرەکە بە هۆشیاری‌یەوە = مەی = ەکەی کردەناو دۆلکەکەوە ، چوارجووت چاو بەپەرۆشەوە سەرەنجی بریسکانەوەکەیان ئەدا ، کە لێوە ووشکە لاتووەکانی خستبوونە لەرزە،ئافرەتێکی بەرگ شینی ئاسمانی ، تەوقەیەکی ئاڵتونی لە بسکە ڕەشەکەی دابوو ، دەستی کچێکی بچوکی گرتبوو کە دوو گوڵە مێخەکی سوری بە دەستەوە بوو بە پێڵاوە پاژنە بەرزەکەیەوە ڕێی ئەکرد ، کچەکەش ئەمسەرو ئەو سەری شەقامەکەی ئەکردو گۆرانی ئەووت :

— (ئای دایە ، ئای دایە ، ئای دایکە) .

لە پشت سەری پیرەکەوە ڕاوەستان ، کچەکە لە گۆرانی ووتن کەوت ، لەسەر نوکی پێ وەستاو خۆی بڵند کردەوە ، لەبان شانی پیرەکەوە ، لە (مەی)ەکەی ئەروانیکە ئەیان کردە دۆلکە زەردەکەوە . دەنگی تێ‌ڕژانەکەی وەك تەواوکەری گۆرانی‌یەکەی ئەم بوو ، دەستی لە دەستی ئافرەتەکە ڕاپسکانو گوڵەکانی هەڵوەرانو دەستە بچوکە ڕەنگ تاریکەکەی بەرز کردەوەو پەرە گوڵەکانی هەڵدایە ناو دۆلکەکەوە ، چوار پیاوەکە شڵەژانو بە پەستی‌یەوە سەرە خۆڵاوی‌یەکانیان بڵند کردەوە ، کیژەکە پێ‌کانی جووت کردو دەستی لەیەك ئالاندو دەستی کرد بە پێکەنین ، دایکی شڵەژا ، ویستی دەستی بگرێ ، بە دەنگێکی بەرز سەرزەنشتی کرد ، کورەکە بەدەم پێکەنینەوە هەستایە

سەرپێ، پیرەکە پەرداخێکی هەڵگرت و کەمێ مەی و پەڕە گوڵەکانی تێکردو بڵندی کردەوەو نای بە سەری یەوەو بە دەنگێکی گڕ ووتی :

– (بەخشینی منداڵ وەك بەخشینی خودایە، بە خۆشی ئێوەوە ئەیخۆمەوە).

ڕووی کردە منداڵەکە :

– (ڕۆڵە لەوانەیە، هەر هێندەی دایکت جوان دەرچی، بەڵام ئەوە بزانە دوو هێندەی ئەو بەختیار ئەبی).

چاوی هەڵگڵۆفی و پەرداخەکەی نا بەسەری یەوە، لێوی خۆی لێستەوەو لوتی خوراند. دایکەکە بزەیەکی گرت و ماڵئاوایی لێکردن و دەستی کچەکەی گرت و لێیان دا ڕۆیشتن، کچەکە کەوتەوە ئەمسەرو ئەو سەر کردنی شەقامەکەو گۆرانی ووتنەوە

(ئای دایە، ئای دایکە).

کرێکارەکان بە تەمبەڵی یەوە ڕوویان وەرئەچەرخان، دەمێ سەیری (مەی)ەکەیان ئەکردو دەمێ لە کیژۆڵەکەیان ئەڕوانی، زەردەخەنەیە کیان گرت و دەستیان کردەوە بە قسەکردن بە شێوەزمانە بەپەلەکەی باشوریان.

# تونێل

گۆمە شینە مەنگەکە لە ئامێزی شاخە سەرکەشە بەفراوی‌یەکاندا مات بوو بوو . باغچە چڕە تێرەکان لە گردو نشێوی‌یەکەوە تا ڕۆخی ئاوەکە کشا بوون ، خانووە سپی‌یەکان لە ئاوەکە ڕامابوون ، هێمنی‌یەك باڵی بە سەرا کێشا بوون ، لە کەروێشکە خەوی منداڵێکی ساوا ئەچوو .

بەیانی بوو ، تازە خۆر سەری لە دەمی کەل کێشا بوو ، بۆنی گوڵی بان گردەکە بلاّو بوو بووەوە ، هێشتا دڵۆپە شەونمەکانی بان گەلاّی دارو قەدی گیاکان نەرەویبوونەوە . ڕێگاکە ، وەکو گوریسێکی خۆڵەمێشی تا بناری شاخەکە هەڵکشا بوو ، هەرچەندە بەردەلاّنیش بوو ، بەلاّم وەکو پەڕی مەل سافو لوسو نەرم دەرئەکەوت .

لە تەنیشت کەڵەکە بەردەکانەوە ، کرێکارێکی ڕەش‌داگیرساو دانیشتبوو ، مەدالیاکەی ملی هاتبووە سەر سنگی ، ئازایی‌و هەستناسکی لە دەم‌وچاوی‌دا ئەخوێنرایەوە دەستە گەنم ڕەنگەکانی لەسەر ئەژنۆی دانابوو ، ئەیڕوانی‌یە دەم‌و چاوی ئەو ڕێبوارەی ، لە ژێر دارمازووەکەدا ، وەستابوو ، ووتی :-

— (جەناب ، ئەم مەدالیایەی ئەیبینی ، پاداشی بەشداری بوونمە لە دروست کردنی تونێلی (سیمپلۆن)دا) .

سەیرێکی مەدالیاکەی سەر سنگی خۆی کرد کە ئەبریسکایەوە ، بزەیە گرتی :

— (بەڵێ گشت کاری هەر هێندەی سەختە تا بە ئێسقانەکاندا ڕۆ ئەچێ‌و فێر ئەبی خۆشت بوێ ، ئیدی گیرۆدەی ئەبی‌و لات ئاسان ئەبێ) .

کەمێ سەری ڕاوەشاندو زەردەخەنەیەکی بەدەم خۆرەکەوە گرت ، خۆی گورج کردەوەو کەوتە دەست بزوتن :

— (هەندێ جاریش ترسناك بوو ، زەویش هە ستو هۆشی هەیە ، وانی‌یە ؟ . کاتێ بناری شاخەکەمان هەڵدڕی‌و چووینە ناو کەندەلاّنەکەیەوە ، لێمان شێت بوو ، دڵمانی بە هەناسە گەرمەکانی داخوڕپان‌و گێژی کردین ، ئێسقانی لەشمان دایە ژان ، نقومی ئاوی گەرمی کردین‌و بەردی بەسەرا ڕمانین ، هەرکە ئاوەکە بەر ڕوناکی ئەکەوت ، ڕەنگی سور هەڵئەگەڕا ، باوکم ئەیووت لەبەر ئەوەی گوایە ئێمە زەوی‌یەکەمان بریندار

کردووە ، لە خوێنی خۆی‌دا ئەمانگەوزێنێ ، بێ‌گومان ئەمەش تەنیا خەیاڵ بوو ، بەڵام کە مرۆڤ بە زەوی‌دا ڕۆئەچێ‌و ئەم قسانە ئەبیستێ ، تاریکستانی تاسێنەرو ئاوپرژانی بێزارکەرو زرمەی بەریەك کەوتنی ئاسن‌و بەردەکان وای لێ ئەکات ، گشت شتێ بە گونجاو بزانێ . لە بەرامبەر ئەوشاخەی کەماچی رووی هەورەکانی ئەکردو تونێلەکەمان بە هەناویدا لێ‌ئەدا ، وەکو کورتەبنە وا بووین .

خۆزگە بە چاوی خۆت ئەت دی ئەم مرۆڤە بچوکانە چ کەلەبەرێکیان خستبووە بناری ئەو شاخە ، ئەوسا زێتر لە ووتەکانم تێ‌ئەگەیشتی . شریخەی تەقەمەنی‌یەکان‌و گرمە گرمی ڕمانی خاکەکە وەکو قاقای پێکەنینی پیاوێکی شێت وابوون .) .

سەیرێکی دەستی خۆی کردو زریزەی پانتۆلەکەی کەمێ ڕێك کردەوە ، بە شانازی‌یەوە قسەکەی تەواوکرد :

(هەرچەندە مرۆڤ بچوکە ، بەڵام گەر بیەوێ کار بکات ، ئەتوانێ ببێتە هێزێکی کۆڵنەدەر ، باوەڕم پێ‌بکە ئەو ڕۆژە هەر دێ کە ئەم مرۆڤە کورتەبنەیە ، بتوانێ چی بوێ بیکات ، باوکم لە سەرەتاوە باوەری بەمە نەبوو بۆیە هەمیشە ئەیووت :

=بڕینی شاخێك لە لایەکەوە بۆ لاکەی دیکەی ، دەست دانە لە کاری خودا ، ئەو شاخانەی بۆ کەرت کردنی زەوی دامەزراندوە ، مریەمیش تەنیا پشت لەوانە ناکا کە خۆشیان ئەوێ ، ئێمە بەم کارە ، لە خۆمانی ئەرەنجێنین =

پاشان باوکم ، کە هەستی کرد لە شاخەکە بەهێزترو گەورەترین ، ئیدی وەکو من بیری ئەکردەوە ، کابرایەکی چاك‌و لەخواترس بوو ، لە ڕۆژانی جەژندا ، لەسەر مێزێ دائەنیشت‌و شوشەیەك خواردنەوەی لەبەردەم خۆی ، دائەناو ئامۆژگاری من‌و هەندێ لە هاورێکانمی ئەکرد ، خۆشترین‌و بەکارترین قسەی ئەوە بوو بە خۆشەویستەکانی ئەووت (منداڵانی خودا) ، پێ‌ی ووتین :

=منداڵانی خودا ، ناتوانن بەم جۆرە بەگژ زەوی‌دا بچن ، بریندار بکەن ، لێتان شێت‌گیر ئەبێ‌و بەرەنگارتان ئەبێتەوە ، هەموو کەس ئەزانێ ، دڵی زەوی ئاگرە ، کانێ دەستمان بەر دڵی شاخەکە ئەکەوێ ، شاڵاوی ئاگرین‌مان بۆ ئەهێنێ ، . . . . کێڵانی زەوی شتێکی دیکەیە ، بە کێڵان یارمەتی سروشت ئەدەین بژێ ، ئەمەیان ئەرکی سەرشانی مرۆڤە ، سەیر کەن تا پتر بچینە ناو شاخەکەوە هەواکەی زێتر گەرم ئەبێ‌و هەناسەمان تەنگ ئەبێ =) .

پیاوەکە نەرمە پێکەنینێکی بۆکردو بە قامکەکانی سمێڵی باداو گوتی :

(تەنیا باوکم وا بیری ئەکردەوە ، لە ڕاستیشدا ئەمە دروست بوو ، کاتێ گەیشتینە دڵی شاخەکە ، پلەی گەرما زۆر بڵند بووەوە ، ژمارەی نەخۆش و مردووەکانمان تا ئەهات پتر ئەبوو ، تاوە ناتاوێ شەنگڵێکی گەرم ئەتەقیەوە ، دوو کرێکاری خەڵکی (لۆگانۆ) شێت بوون ، لە شەویشدا هەندێکیان لە سوچ و کوچەکاندا وڕێنەیان ئەکرد یا لەخەو ڕائەپەڕین و لەسەر جێگەکەیان هەڵئەبەزینەوە ، باوکم ترسی لێ نیشتبوو کۆکە کۆکەشی تا ئەهات لێی پیس ئەکرد ، پێی ووتین :

– (ڕاستم نەکرد ، ڕاستم نەکرد ، ئێوە چۆن سروشت تان پێ ئەبەزێ ؟) پاشان لە جێدا کەوت و جارێکی دیکە ڕاست نەبووەوە ، پیاوێکی پیری بەورە بوو ، سێ هەفتە زێتر وەکو مرۆڤێ کە بایەخی خۆی بزانێ ، بێ ئەوەی بناڵێنێ ، زۆرانی لەگەڵ مەرگدا ئەگرت ، شەوێکیان پێی ووتم : ( پاولۆ ، کاری من لە کار ترازاوە ، بچۆرەوە ماڵەوە بۆ خۆت بحەسێرەوە) .

چاوەکانی قوچاندو ماوەیەکی درێژ بێدەنگ بوو) .

کابرا هەستایە سەر پێو لە شاخەکە ڕاما ، پاش ئیستێك ووتی :

– (لە پاشاندا دەستی گرتم و لە خۆی نزیك کردمەوەو گوتی :

= پاولۆ ، کورەکەم پاولۆ ، منیش هاتوومەتە سەر ئەو باوەڕەی شاخەکە ئەبەزێ باوەڕ ئەکەی ؟ وانیە پاولۆ ؟= .

ووتم : بەڵێ وایە ، بڕوام پێیەتی .

ووتی : باشە کورەکەم ، پێویستە مرۆڤ باوەڕی بەوە هەبێ کە ئەیکاو دڵنیاش بێ کە سەرئەنجام سەرئەکەوێ و باوەڕیشی بەو خودایە هەبێ کە لە هەموو کارێکی چاكدا ، پاش پارانەوەی (مریەمی پیرۆز) ، یارمەتی ئەدا ، ڕۆڵە مشکۆڵەزمەت ئەکەم ، گەر ئەو کارە هاتە دیو تونێلەکە تەواو بوو ، وەرە سەر گۆڕەکەم و بڵێ : باوکە تونێلەکە تەواو بوو ، ئەوسا من گوێم لێت ئەبێو ئەت بیستم .

دوو ڕۆژ پێش مردنی من و هاوڕێکانمی ڕاسپارد کە لە تونێلەکەدا ، لەو شوێنەدا کە کاری کردووە بینێژین ، سیازدە هەفتە پاش کۆچی دوایی باوکم ، لە ناو شاخەکەدا بەوانە گەیشتین کە لە لاکەی کەوە بەرەو ئێمە زەوییەکەیان هەڵئەدرێ ، ئای

جەناب . رۆژێکی چەند سەیر بوو . کە چووینە تاریکایی ئەو ژێر زەوی‌یەوە کە ئەیتوانی بە تەکانێ بمان پلیشێنێتەوە . دەنگی درینی زەوی‌یەکەمان لە لایەن کرێکارەکانی لا کەی کەوە ئەبیست . رۆژ بە رۆژیش تا ئەهات گەورەو ئاشکراتر ئەبوو .

خۆشی سەرکەوتنمان مەستی کردبووین . هەر وەکو بەراز کارمان ئەکرد ، هەستمان بە بێزاری‌و ماندوو بوون نەئەکرد . سوێندت بۆ ئەخۆم وەکو منالێ نەرم‌و نیان‌و جوانمەرد بوو بووینەوە ، ئای ئەگەر ئەتزانی لەو ژێر زەوی‌یە تاریکەی چەندان مانگ نەمرانە هەڵمان کۆڵی ، چەند ئارەزووی بینینی مرۆڤەکانی لا کەی دیکەمان ئەکرد) .

لە خۆشی بزەوەری‌یەکەدا ، خوێن پەری‌یە دەم‌وچاوی ، چاوە نەرمەکانی لە چاوی گوێگرەکەی بری‌و بە دەنگێکی نەرم‌و خۆشەوە قسەکەی تەواوکرد :

(کاتێ دوا چینی زەوی‌یەکە روخاو تیشکی زەردی بڵیسەکان دەم‌وچاوی چەند کرێکارو مەشخەڵ هەڵگری رۆشن کردەوە . فرمێسکی شادی لە چاوەکا نمانەوە گلۆر ئەبووەوە ، ئەو رۆژە خۆشترین رۆژی ژیانم بوو . قریشکەی سەرکەوتن‌و قریشکەی شادی بەرزبووەوە ، هەر کاتێ ئەو رۆژەم بیر دێتەوە ئەزانم کە ژیانم بەفیرۆ نەچووەو بە کارێکی پیرۆزەوە بەسەرم بردووە .

جەناب ، کاتێ هاتینە دەرەوە بەر خۆرەتاوەکە ، زۆرمان بە سەر زەوی‌یەکەدا کەوتین‌و بەدەم گریانەوە زەوی شاخە بەزاوەکەمان ماچ ئەکرد . ئەو رۆژە لە گشت رۆژێ زێتر هەستم کرد کە پەیوەندیم بە خاکەکەوە چەند بەتینە ، وەکو دڵخوازێ خۆشم ئەویست‌و شەیدای بووم .

بێ‌گومان ، چوومە سەر گۆرەکەی باوکم = ئەشم زانی مردوان هیچ نابیستن = بەڵام لەبەر ئەوە چووم ، ئەبێ رێز لە ویستی ئەو مرۆڤانە بگرین کە لە پێناوماندا تێکۆشاون‌و هێندەی ئێمە نەبێ ، کەمتر ئازاریان نەچێشتووە .

بەڵێ چوومە سەر گۆری باوکم‌و پێم بە زەوی‌یەکەدا داو خۆم مشکۆڵەزمەی راسپاردەکەی نەکردو گوتم :

– (بابە ، تونێلەکە تەواو بوو ، مرۆڤ سەرکەوت بابە کارەکە هاتە دی) .

# شارەکە

مۆسیقا ژەنە گەنجەکە ، چاوە تیژەکانی بڕیبووە دووری‌یەکەی بەردەمی‌و بە دەنگێکی نزم لە بەر خۆیەوە قسەی ئەکرد :

— (ئا ئەمەیە ، کە من ئەمەوێ بە مۆسیقا دەری ببڕم)

بە دەم برتەو بۆڵەوە ، کەوتە بڕینی ڕێگای شارەکە ، کە لە گوڕێسێکی خاکی ئەچوو ، کۆمەڵە بەرد بەم لاو بەو لای ڕێگاکەدا پەرش‌و بڵاو بووبوونەوە .

لە دوورەوە شارەکە وا دەرئەکەوت ، ئەتگوت ، ئاگری تێبەر بووەو وێران بووە . ئاسمانە سورەکە بوو بووە تەختی ئەو تابلۆیەی ، سوچی هەورە ڕەشەکان‌و بریسکانەوەی خاچ‌و قولەو هەوا پێوەکان‌و لچکی خانووە حوچەکان دروستیان کردبوو ، لێرەو لەوێ ، پەنجەرەکان کە لە دەمی بڕینی ئاوەڵا ئەچوون ، وەکو پارچە کانزا ئەبریسکانەوە .

درەختی گەورەو بێ جوڵە ، لەسەر هەر دوو لای ڕێگاکە وەکو مەشخەڵ قیت بوو بوونەوە ، هەور ئاسمانی داپۆشیبوو ، ئەستێرەکانی شارد بووەوە .

لەو ئێوارە درەنگ‌و هێمنەدا ، تەنیا دەنگی هەنگاوەکانی گەنجەکە ئەبیسترا . شەوەکە لەگەڵ ڕەوتی لاوەکەدا پێش برکێ‌ی ئەکردو بە تاریکی‌یە چرەکەی خانووە سورو سپی‌و بڵاوەکانی لە ئامێز گرتبوو ، ئەتووت جیهان لەو تاریکستانی‌یەدا تواوەتەوە ، دوکەڵ‌کیش‌و درەختی باغچەکانی بانگردەکە ، دوور لەیەك ئەبینران .

گەنجەکە ، بێ دەنگ‌و تەنیا ، هێدی هێدی ئەڕۆیشت‌و چاوی لە شارەکە نەئەتروکان ، وەکو شتێکی گرنگی پێ بێ‌و دانیشتوانی شارەکە لە زووەوە چاوەڕێ‌ی بی بکەن ، ڕووناکی‌یە شین‌و زەردو سورەکان ئەدرەوشانەوەو پێشوازیان لێ ئەکرد .

لەگەڵ ئاوابوونی خۆرەکەدا ، شارەکە بچوکتر ئەبینرا ، هەورەبان‌و هەوا پێوو خاچی کڵێسەکان دیار نەمان ، لەوانەیە ئەو کەسەی بناغەی ئەم شارەی دانابوو ، ئێستا پاڵی حەسانەوەی لێدا بێتەوە ، یان هەر زوو پەکی کەوتبێ‌و وازی هێنابێ یان باوەڕی ڕووخا بێ‌و بەو داخەوە مرد بێ ، بەڵام شارەکە ئەژی‌و ئەیەوێ بژی‌و خۆی بڕازێنێتەوەو بە شانازی‌یەوە خۆی بۆ خۆر بنوێنێ .

تا ئەهات تاریکستانی‌یەکە چڕ ئەبوو ، کوڕەکە وەستاو ئاوڕێکی دایەوەو بە چاوە نەترسەکانی لە دووری‌یەکە ڕاما ، خۆی گورج کردەوە ، شەوەکەش دوای کەوت‌و بە دەنگێکی دایکانەی پڕ سۆزەوە بالۆرەی بۆ گەنجەکە ئەووت :

— (ڕۆڵە دەست‌و بردت بێ ، بگەرە لای ئەوانەی چاوەڕوانیت ئەکەن) .

مۆسیقا ژەنە گەنجەکە ، بەدەم زەردەخەنەیەکی سەرقاڵی‌یەوە ، ووتی :

— (هەرگیز ئەمەم بە مۆسیقا بۆ تۆمار ناکرێ !) .

دەستەکانی لەیەك ئاڵاندو بە خەفەتباری‌و ژانباری‌یەوە قیژاندی :

— (چ نهێنی‌یەکی تیا پەنهان کراوە ؟) .

# نیوەڕۆ

خۆر لە ئاسمانی شینی نیوەڕۆکەدا ئەدرەوشایەوەو تیشکە گەرمەکانی بەسەر زەوی‌و دەریاکەدا ئەپەخشان ، تەمێکی چڕ لە دەریا شینە بریسکاوەکە بڵند ئەبووەوە ، هەوای رۆخەکە پڕ بوو بوو لە شێی ئاوە خوێیاوی‌یەکە .

شەپۆلە بچوکە روون‌و بێ‌کەفەکان ، تەمبەڵانە خۆیان ئەماڵی بە رۆخەکەدا ، کە بەرەو پاش ئەکشانەوە ، بەسەر چەوەکاندا ئەیرژان ، تەم‌و مژێکی ئەرخەوانی گەمارۆی شاخەکەی دابوو ، گەڵا زەیتونە خۆڵە مێشی‌یەکان لەبەر تیشکی خۆرەکەدا لە زیوی کۆن ئەچوون ، پرتەقاڵ‌و لیمۆ ئاڵتونی‌یە رەنگ گەشەکان لە باغچە سەوزە تۆخەکانی بنار گردەکەوە چاوشارکێیان ئەکرد لەگەڵ گوڵە هەنارە یاقووتی‌یەکانی بە گشت لایەکدا بڵاو بووبوونەوە .

بە راستی خۆر ئەم خاکەی خۆش ئەوێ . . . .

دوو ماسیگر لە رۆخە بەردەلانەکەدا بوون ، یەکێکیان پیرێکی تەپلە قیت‌و دەم‌و چاو خڕ بوو ، ریشێکی کورتی ماش‌و برنجی لەسەر گوپ‌و چەناگەی هێشتبووەوە ، نیوەی چلوی دیار نەبوو ، خۆرەکە دەستی گەنم‌ڕەنگ‌و لوتی سور کردبووەوە ، شوڵە قولاپاوی‌یە باریکەکەی دوور لە خۆیەوە ، لە ئاوەکەدا راگرتبوو ، لەسەر بەردێ دانیشتبوو لنگە کوڵکنەکانی شۆڕ کردبووەوە ، شەپۆلە سەوزەکان بەدەم هەڵزنینەوە ، قاچیان تەڕ ئەکرد ، چەند دڵۆپی بریسکاوەی ئاوەکە لە قامکی قاچی‌یەوە ئەتکانەوە ناو دەریاکە .

ئەوی کەیان ، پیاوێکی گەنجی رەشتاڵەی چاو رەشی باڵا بەرزو لاواز بوو ئانیشکی داهاوێژتبووە سەر بەردێکی خۆڵەمێشی داخوراو ، شەبقەیەکی سوری لەسەردا بوو ، پەستەکێکی بەسەر سنگە بەهێزەکەیدا دابوو ، رانکە شینەکەی تا سەر ئەژنۆی هەڵکرد بوو ، بەدەم بیرکردنەوەوە سمێڵەکانی بائەداو لە دەریاکەی ئەڕوانی ، ئەیڕوانی‌یە ئەو شوێنەی گەلە بەلەمە رەشەکان بە نازەوە لەسەر ئاوەکە لەنجەیان ئەکرد ، گەمی‌یەکی بێجوڵەی سپی بەئاستەم لە دوورەوە دیاربوو ، پیاوەپیرەکە شوڵەکەی هەڵبڕی‌و بە

دەنگێکی خۆشەوە ووتی :
– (ئەو خانمە دەوڵەمەندە ؟) .
پیاوە گەنجەکە بە نەرمی‌یەوە گوتی :
– (ئەمەریکی‌یە . لاموایە دەوڵەمەندە . بە گوارەو بازنو کاتژمێرەکەی‌دا وا دەرئەکەوت . سەباری ئەمانەش گوڵێکی لەیەخەی دابوو . گەوهەرێکی گەورەی تێدابوو) .
– (ئەی جوانە ؟) .
– (بەڵێ ، = بەژن‌رێك‌و چاونەرم‌و دەم‌ولێو باریك =ە) .
– (ئەم دەمە دەمی ئافرەتێکە ئەتوانێ یەك‌جار لە ژیانیدا خۆشەویستی بکا) .
– (منیش هەر وای لێ تێ‌گەیشتوم) .
پیاوە پیرەکە ، شوڵەکەی لە ئاوەکە دەرهێناو بە چاوە تەسکەکانی‌یەوە ، لە قولاپە رووتەکەی روانی‌و بەدەم برتەو بۆڵەوە گوتی :–
– (ئیدی ماسی وەك ئێمە سەریان لێ تێك‌ناچێ) .
پیاوە گەنجەکە خۆی خستە سەرلاو گوتی :–
– (کێ نیوەروان راوەماسی کردووە ؟) .
پیاوە پیرەکە ووتی :
– (من ئەیکەم) .
خۆراکێکی کرد بە قولاپەکەوەو شوڵەکەی هەڵدایەوە ناو دەریاکە ، پرسی :–
–( ووتت لە بەیانی‌یەوە خەریکیت ؟) .
پیاوە گەنجەکە بەدەم هەناسەیەکی قوڵەوە ، وەڵامی دایەوە :
–(بەڵێ ، کاتێ هاتینە ئێرە ، تازە خۆر هەڵ‌هاتبوو) .
–(ووتت بیست لیرە ؟)
– (بەڵێ) .
– (ئەو ئافرەتە ئەیتوانی زۆرتر بدات) .
– (ئەوەش بەزۆر ئەزانم) .
– (کە دوو قۆڵی پێکەوە ئەبن ، باسی چی ئەکەن ؟) .
پیاوە گەنجەکە بە خەمباری‌یەوە، سەری شۆڕ کردبووەوە ، ووتی :

– (تەنیا دە ووشەی ئیتاڵیایی ئەزانێ ، کە ئەوە برایەوە ، دەممان ئەبێ بە تەڵەی تەقیو) .
پیاوە پیرەکە . ئاورێکی بۆ دایەوە ، ددانە سپی یەکانی لەگەڵ زەردەخەنەیەکدا دەرکەوتن :
– (ئەمەیە خۆشەویستی ڕاستەقینە ، خۆشەویستی وەك بروسکە دڵ ئەسمێ) .
پیاوە گەنجەکە . خرکە بەردێکی هەڵگرتو خەریك بوو بیهاوێتە ناو دەریاکە ، بەڵام بەسەر شانیدا فرێی داو گوتی :
– (سەرمسورماوە لەم خەڵکە . ئەم هەموو زمانە جوداوازەیان بۆچی یە ؟) .
پیاوە پیرەکە هەڵی دایە :–
– (ئەڵێن ڕۆژێك دێت . وا نەمێنێ) .
پاپۆڕێکی هەڵمی سپی لە تەمە سپی یە شیری یەکەی ئاسۆی دەریاکەوە ئەکشا ، پیاوە پێرەکە . دەستی بۆ ڕاکێشاو گوتی :–
– (بەرەو = سەقلیە = ئەچێ)
جگەرەیەکی ڕەشی دەرهێناو کردی بە دوو کەرتەوە ، لە بن هەنگڵی یەوە . کەرتێکی دا بە پیاوە گەنجەکە :
– (کە پێکەوە لە بەلەمەکەدا دائەنیشتن . بیرت لە چی ئەکردەوە ؟)
– (مرۆڤ هەمیشە بیر لە بەختیاری ئەکاتەوە) .
پیاوە پیرەکە هەڵی دایەو گوتی :
– (بۆیە هەمیشە گەوجن) .
هەستانە سەرپێ . دوکەڵە شینەکە لە هەواکەدا پەرش بووەوە ،
– (من گۆرانی بۆ ئەڵێمو ئەویش زەردەخەنەم بۆ ئەگرێ) .
– چیدی ؟) .
– (خۆشت باش ئەزانی . گۆرانی بێژێکی باش نیم) .
– (نەخێر) .
– (سەوڵەکە دائەنێمو لێی ڕائەمێنم) .
– (تۆ ؟)
– لێی ڕائەمێنمو بۆ خۆم بیر ئەکەمەوە = من گەنجو بەهێزم ، تۆش خوێن ساردی ، حەزم لێ بکەو لێم گەڕێ با بە خۆشی بژیم =)

- (خوێن سارده ؟) .
- (ئەوەی بچێتە زەوی‌یەکی بێگانە ، گەر هەژار نەبێ ، ئەوا دڵشکاوە) .
- (دەم‌خۆش)
- (ماری . هێشتا کچە . بیر ئەکەمەوەو ئەڵێم = بۆ تۆ باش ئەم‌و کەسەکانی دەورو بەریشمان بەختیار ئەکەین .
پیاوە پیرەکە بەدەم پێکەنینەوە ووتی :
- (ئیکۆ من هەردەم دڵسۆزت بووم) .
- (ئُم . . . . . .)
- (یان لای من وایە . تا پێکەوە ئەژین ، زۆرم خۆش ئەوێ‌ی‌و لە پاشان تۆ پارەم بدەری . بەلەمێکی چاروکەدار ئەکڕم‌و ئەگەڕێمەوە بۆ وولاتی خۆم ، تا بمێنم لە ژیاندا ، ئەم پیاوەتیەتم لە بیر ناچێتەوە) .
- (ئەویش ئەبێ . دەمەو بەیانی لەسەر ئەو بیرە بووم هیچم ناوێ تەنیا = ماری = ئەم ئەوێ . گەر بۆ تاقە شەوێکیش بێ) .
- (وا باشترە) .
- (بۆ تاقە شەوێ) .
پیاوە پیرەکە ووتی -
- (ئیکۆ) .
- (مامە = پیستۆ = لام وایە بەختیاری تا کەمتر بێ ، بە هونەرترە) .
پیاوە پیرەکە هیچی نەووت ، لێوە ئەستورەکانی هێنایەوە یەک‌و چووە ناو ئاوە سەوزەکەوە . پیاوە گەنجەکەش بە دەنگێکی خۆش‌و خەمبارانەوە دەستی کرد بە گۆرانی ووتن :
- (ئای = میۆ = بێ‌هاوتا کەم) .

پیاوە پیرەکە بەدەم سەر لەقاندنەوە ، لەپڕ ووتی :
- (بەڵێ . بەختیاری کەم . بە هونەرترە . بەڵام هێشتا بەختیاری زۆر چاکترە پیاوی هەژار جوانمەردەو دەوڵەمەند بەهێزە) .

شەپۆلەکان لە هاژە هاژی خۆیان نەئەکەوتن ، دوکەڵەکەش هێشتا لە بان سەری‌یانەوە سەمای ئەکرد ، پیاوە گەنجەکە هەستایە سەر پێ‌و پاڵی دا بە بەردە بۆرەکەوە ، جگەرەکەی خستە سوچی دەمی ، دەستی خستە سەر سنگی‌و بە دەم وورتە ورتەوە لە دەریاکەی ئەروانی .

پیاوە پیرەکە سەری نەوی کردبۆوە ، وا دانیشت بوو ئەت ووت وەنەوزی خەو ئەیباتەوە ، تەم‌و مژە ئەرخەوانی‌یەکەی گەردن شاخەکە تا ئەهات چڕ ئەبوو ، پیاوە گەنجەکە دەستی کردەوە بە گۆرانی ووتن .

ئای = میۆ = بێ هاوتاکەم
خۆر وا لە دایك بوو
زۆر جوانترە
زۆر لە تۆ جوانترە
ئای خۆرەکە
دڵ‌و دەروونم ڕۆشن بکەرەوە .

# زەماوەند

لە ئێستگەیەکی بچوکی نێوان = ڕۆما = و = جنیوا =دا ، تکتبڕەکە دەرگای لۆچەکەی ئێمەی کردەوە ، پیرەمێردێکی ڕەقەڵە خۆی کرد بە ژووردا ، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە چەند کەسێ لە سواربووەکان ووتیان :

«چەند پیرە ؟»

پیرەمێردەکە ، زۆر چستو چالاك خۆی دەرئەخستو سوپاسی ئەو کابرایەی کرد کە یارمەتی دابوو سەر بکەوێتە سەرەوە ، شەبقە قوپاوەکەی داکەندو بە تیلەی تاکە چاوەکەی لە کورسی‌یەکان ورد بووەوە ، گوتی :

«بە یارمەتی خۆتان» .

هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو دانیشتو دەستی لەسەر ئەژنۆ دەرپەڕیوەکانی داناو زەردەخەنەیەکی پاکی گرت ، هاوڕێکەم لیّ‌ی پرسی :–

– (باپیرە ، ڕێگەت دوورە ؟)

پیرەکە وەلاّمێکی دەمەو جیّ‌ی دایەوە :

– (نەخێر ، تەنیا تاسێ وێستگەی کە ئەمێنمەوە ، ئیدی دائەبزەمو ئەچم بۆ زەماوەندی کوڕەزاکەم) .

پاش کەمێ ، لەگەڵ تەقەی سۆزەداری پێچکەی شەمەندەفەرەکەدا ، دەستی کرد بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی جارجارەش وەك لقی دارێکی شکاوی ڕۆژێکی تۆفان بەم لاو بەو لادا ئەکەوت ، ووتی :–

– (من « لیگوری»یم[1]؛ خەڵکی لیّگۆریا زۆر جوانمەردن ، من سیازدە کوڕو چوار کچم هەیە ، کوڕەزاو کچە زاکانم ئەوە هەر لە ژماردن نایەن ، ئەمەش دووەم کوڕەزامە ، زەماوەند ئەکات) .

١ – لیگۆریا . یەکێکە لە هەرێمەکانی باکوری ئیتاڵیا دەکەوێتە سەرکەنداوی = جنیوا = .

بە شانازی‌یەوە تا کە چاوەکەی تیٚ‌برین‌و بەدەم قاقای پیٚکەنینەوە گوتی :-

- (سەیرکەن ، چەند کەسم بە پاشاو ولاٚتەکەم بەخشیوە ، بەسەرهاتی لە دەست دانی چاوم ، هیٚجگار کۆنە ، هیٚشتا منالیٚ بووم یارمەتی باوکم ئەدا ، رۆژیٚکیان ، باوکم لە رەرەکەماندا زەوی هەلٚئەکەند ، زەوی‌یەکە بەرداوی بوو ، بەردیٚك لەژیٚر نۆیٚلەکەی دەرپەری‌و بەرچاوی راستم کەوت ، بە بیرم نایە هەستم بە ئازاری کردبیٚ . بەلاٚم رۆژیٚکیان لەسەر نانی نیوەرۆ ، چاوم دەرپەری ، ئای کە سامناك بوو ، زۆر هەولیٚشیان دا بیخەنەوە شوێنی خۆی ، نیوە نمەکیٚکی گەرمیشیان لیٚنا ، بەلاٚم بیٚ هودە بوو ، چاوم لە کیس چوو)

پیاوەکە بە توندی کولٚمە زەرد هەلٚگەراوەکانی هەلٚگلۆفت‌و بە زەردەخەنەیەکی پر خۆشی‌و بیٚمەرایی‌یەوە گوتی :-

- (ئەو دەمەش هیٚندەی ئەمرۆ پزیشك نەبوو ، خەلکیش ساویلکانە ئەژیان ، بەلاٚم لەوانەیە ، ئەوان لە خەلٚکی ئەم دەمە ، بەبەزەیی‌تر بوو بن ، وانی‌یە ؟

بەدیمەنی یەك‌چاوی‌و دەم‌وچاوە چرچ‌ولوچەکەی‌و ریشەماش‌و برنجی‌یەکەیەوە ، لە پیاویٚکی فیٚلباز ئەچوو . . .

- (گەر یەکیٚ ، وەك من زۆر بژی ، ئەتوانیٚ بلیٚ چۆن بیر لە خەلٚکی ئەکاتەوە ، وانی‌یە ؟) .

قامکە رەش داگیرساوە چەماوەکانی وا بەرز ئەکردەوە ، ئەتگوت هەرەشە لە یەکیٚ ئەکات .

- (هیٚشتا سیازدە سالاٚن بووم ، باوکم کۆچی دوایی کرد ، هەرچەندە لەشم بچوك‌و لاواز بوو، بەلاٚم منداڵیٚکی چوست‌و چالاك بووم ، ماندو بوونم نەئەزانی ، تەنیا ئەمەشم لە باوکمەوە بۆ بەجیٚما بوو چونکە زەوی‌و خانووەکەمان بۆ دانەوەی = قەرز = ەکانمان فرۆشت ، ئیدی بەیەك چاوو دوو دەستەوە ژیام‌و لە هەر کویٚ‌یەك کار هەبووایە کارم ئەکرد ، ژیانیٚکی کولەمەرگی ئەژیام ، بەلاٚم چونکە گەنج بووم زۆر لام سەخت نەبوو کە بووم بە نۆزدە سالاٚن ، تووشی ئەو کیژە بووم کە لە چارەمان نوسرا بوو بۆ یەك‌بین ئەویش وەك من هەژار بوو ، زۆر شۆخ‌و شەنگ نەبوو ، بالاٚ بەرزو کارامە بوو بە بەزەیی‌و زیرو دەنگ‌خۆش بوو ، کاتیٚ گۆرانی ئەووت ئەتگوت گۆرانی بیٚژیٚکی بە پیشەیە لەگەلٚ دایکە کەنەفتەکەیا ئەژیا . لە هەر کویٚ‌یەکیش کاری بدۆزیاتەوە . ئەیکرد . منیش دەنگم

خۆش بوو ، ئەمتوانی بەباشی گۆرانی بۆ خۆم بڵێم . ڕۆژێکیان لێم پرسی : « شووم پێ ئەکەی ؟» ، بە خەفەتباری یە وە ، وەڵامی دایەوە : «یەك چاو . نە من هیچم هەیەو نە تۆ ، ئیدی چۆن بژین» . ڕاستیشی ئەکرد ، هیچمان نەبوو ، بەڵام دوو هاوسەری گەنج گەر یەکیان خۆش بوێ چیدی یان ئەوێ ؟ ئێوە خۆتان ئەزانن کە خۆشەویستی داوای زۆر ناکات ، کۆڵم نەدا ، بە ئاوات گەیشتم ، لە کۆتایی دا = ئیدا =کەم ، ووتی : « لەوانەیە تۆ ڕاست بکەی ، =مریەمی پیرۆز = کە ئێستا یارمەتیمان بدات ، ئەی سبەینێ چۆن یارمەتیمان نادات ، گەر بووینە هاوسەر ، بگرە زێتر یاریدەمان ئەدات» ، چوینە لای (کاهن = . . . .)یێك ، ئەویش ووتی : ( ئەهریمەن فریوی داون ، شێت بوون ، دەرۆزەکەر ەکان کەمن ، ئەتانەوێ ئێوەش ببنە سەر باریان ، گەر بەرەنگاری ئەم شێتی یە نەبنەوە ، لەسەرتان زۆر ئەکەوێ .

لاوانی ناسیاومان گاڵتەیان پێ ئەکردین ، بە ساڵا چووەکانیش خۆیان لێ لائەداین ، گەنجی کەللەرەقی و جۆرە ژیری یەکی تێدایە ، ڕۆژی زەماوەند نزیك ئەبووەوە ، هیچمان لەوەو پێش زێتر نەبوو ، تەنانەت نەمان ئەزانی شەوی زەماوەندەکەمان لە کوێ دا بەسەر بەرین :

=ئیدا = ووتی =(ئەچینە کێڵگەیەکەوە ، بۆچی نەچین ، مریەمی پیرۆز چاوی لە مەردومە لە هەر کوێیەك بێ) .

بڕیارمان‌دا ، زەوی بکەینە ڕاخەرو ئاسمان بکەینە لێفەی خۆمان .

لێرەوە کارەکە بە جۆرێکی کە گۆرا ، خۆزگە باش گوێتان بۆ ڕادێرایە ، چونکە چاکترین چیرۆکی هەموو ژیانمە :

بەرەبەیانی ڕۆژی پێش زەماوەندەکەمان ، = جیۆڤان =ی بەساڵاچوو ، کە کاتی خۆی کارم بۆکردبوو ، بەسرپە پێ ی ووتم : «گەر ئەتانەوێ لە پشتیرەکەدا بژین ، ووشكو برنگە . ساڵێ ئەبێ ئاژەڵی تێ نەکراوە ، پاکی بکەرەوەو کای تێدا ڕاخە» . لە کاتێك‌دا بە دەم پاك‌کردنەوەی پشتیری مەڕەکانەوە گۆرانیم ئەووت ، «کۆستانزیو»ی دارتاشم دی لە ناو دەرگاکەدا ڕاوەستابوو :

– (کەواتە ئەتانەوێ لێرەدا بژین ، کوا نوێنو پێخەفتان ، من پێخەفێکی زێدەم لە ماڵەوە هەیە ، کە دەستت بەتاڵ بوو ، وەرە بیبە) .

کاتێ بۆ ئەوێ ئەچووم ، «ماریای شەڕانی» دوکاندار هاواری کرد : (گەوجینە

زەماوەند ئەكەنو لێفەو سەرینتان نی‌یە ، شتێی بەكچاو ، بوكەكەتم بۆ بنێرە) ، = ئیتۆرڤیانۆ = كە بادارى گێرى كردبوو ، سەرى لە دەرگاكەیانەوە دەرهێناو هاوارى لە =ماریا = كرد : (لی‌ی بپرسە چەندی خواردنەوە بۆ میوانەكانی داناوە ، كەی مرۆڤ وا هەڵەشە بووە ؟) .

فرمێسكێكی گەش لە یەكێ لە چرچە قوڵەكانی گوپی‌دا ئەبرسكایەوە سەرى خست بە پشتاو بەبێ دەنگی پی‌كەنی ، ملەقۆرتەكەی كەوتە جوڵە ، بە شێوەیەكی منداڵانە دەستی دا بەیەكدا خەریك بوو لە پێكەنین‌دا بتاسێ ، گوتی :-

- (ئای بەرێزان ، بەیانی رۆژی زەماوەندەكە ، چیمان پیویست بوو ، هەمان بوو پەیكەرێكی مریەم ، قاپو قاجاغ ، پەردەو كوللە ، كەلو پەلی ناومالّ ، هەموو شتی‌كمان هەبوو . سوێندت بۆ ئەخۆم ، منو ئیدا ئەگریاینو پێئەكەنین ، خەڵكەكەش هەموویان پێكەنین ، گریان لە رۆژی زەماوەن‌دا باش نی‌یە .

چەند شتێكی جوانە بۆت هەبێ ، خەڵكی بە خزمو خوێشی خۆت بانگ بكەیت ، لەوەش خۆشتر ئەوەیە ، كە ئەو خزمو خوێشەت بە تەنگەوەبن (چ زەماوەندێ بوو ، چ رۆژێ بوو ، هەموو خەڵكی گەرەكەكە هاتنو ئاهەنگەكەیان بەسەركردینەوە ، چی ئەڵی‌ی هەمان بوو ، هەر لە گۆشتو میوەوە تا نانو خواردنەوەشمان هەبوو ، هەموویان لەوێ نانیان خوارد ، گشتیان شادبوون ، ئەمەش لەبەر ئەوەی كە هیچ شادی‌یەك ناگاتە شادی‌و بەختیاری چاكە كردن لەگەڵ خەڵكدا ، باوەرم پێ بكەن هیچ شتێ لەوە جوانترو ناسكتر نی‌یە ، هەروەها (كاهن)ەكەش هاتو بە قسەی خۆش ووتی :

ئەم دوو مرۆڤەی ، لێرەدا وەستاون ، كاری‌یان بۆ هەمووتان كردووە ، ئێوەش لە باشترین رۆژی ژیانیان‌دا وەكو پێویست ، ئەركی سەر شانتان بەرامبەریان بەجێ هێناوە ، كار زۆر لە دراو گرنگترە ، هەمیشە كار گرنگترە لەو كرێ‌یەی لە بەرامبەری‌دا وەرئەگیرێ ، پارە نامێنێ ، كار ئەمێنێ ، ئەم دوو كەسە بەختیارە هەرچەندە ژیانێكی كوڵەمەرگی ژیاون ، بەلام هەرگیز سكالایان نەكردووە ، ژیانیان پر چەرمەسەری تریش بێت ، هێشتا وەرس نابن ، هەر یەكەیان دڵێكی ئازا و دەستێكی كارامەی هەیە) . زۆری بە منو ئیداو خەڵكەكەدا هەڵگوت .

پیاوە پیرەكە ، بە تاكە چاوەكەی لێمان راماو وەكو تینی گەنجێتی تێ هاتبێتەوە گوتی :

- (بەرێزان ، ئاوا شتێكم بۆ گێرانەوە ، بە دڵتان بوو وا نی‌یە ؟ .) .

# پرۆپاگەندەچی

رۆژێك لە رۆژانی بەهار ، خۆر لەوپەری درەوشانەوەی‌دا بوو ، شادی بەهارەکە گشت کەسێکی مەست کردبوو ، تەنانەت ئەتگوت پەنجەرە کراوەکانی خانووە بەردە دێرینەکان پێ‌ئەکەنن ، شەقامی شارەکە جمەی ئەهات لەو خەڵکەی بەرگی ئاڵاو والای رۆژانی پشوودانیان لەبەر کردبوو ، بە دەنگی بەرز یەکیان ئەدوان ، هەندێکیان گۆرانی‌یان ئەووت .

شەبقەو چەتری رەنگاو رەنگی ئافرەتانو میزەڵدانی زەردو سوری منداڵان ، وەکو گەوهەرو مرواری سەر کالای پاشای ناو چیرۆکی جندۆکان ، ئەدرەوشانەوە ، منداڵان بە پێکەنینە کەیان شادی‌و خۆشی‌یان بەسەر ژیانی خەڵکەکەدا دابەش ئەکرد ، پێکەنین‌و تریقانەوە کەیان هاورێ‌ی ئەو مۆسیقا دڵرفێنە بوو کە دەنگی لە دوورەوە ئەهات ، چرۆی نەپشکوتوی درەختەکان ئامێزیان بۆ تیشکی خۆرەکە ئاوەڵا کردبوو ،

ئەتگوت ئەو مرۆڤانە کوڵەمەرگی‌و ئازاریان لە یاد چۆتەوە ، وەکو منالْ دڵیان روون‌و بێ‌گەرد بۆتەوە ، ئەو مرۆڤانەی روویان لە دەروازەی ژینی داهاتوو کردبوو ، بڕوایەکی کۆڵنەدەرانەیان هەبوو بە ویستەکانیان .

ئەوەی لەم ساتە پرخۆشی‌یەدا ، جێ‌ی داخ بوو ، بینینی ئەو کابرا چوارشانە بالابەرزە بوو ، غەمبارو لێوبەبار باسکی لە باسکی ئەو خانمەدا بوو کە پێکەوە پیاسەیان ئەکرد ، تەمەنی لە (٣٠ =سی) سالان تێ نەئەپەری ، زۆربەی مووی سەری سپی بوو بوون ، لە دەم‌وچاویدا هێمنی‌و لە چاوە گەورەکانی‌یا ، ئازارو چەرمەسەری ئەخوێنرایەوە ، ئەو ئازارو چەرمەسەری‌یەی نەئەکرا لە بیری مرۆڤ بچێتەوە . هاورێکەم ووتی :

-(دووچاری کارەساتێکی وا جەرگ‌بڕ بووە ، تا دێت پتر لە ناو کرێکارەکانی با کوردا ، باسی لێوە ئەکرێ) .

دەست پێشخەری کردو دەستی کرد بە گێرانەوەی بەسەرهاتەکەیان :

– (ئەم کابرایە ، بۆیەچی‌یەو سەرنوسەری رۆژنامەیەکی کرێکارانی هەرێمی‌یە ،

یەکێك لە بیروراکانی ئەوەیە کە «زانین بڕوایەو بڕواش ئارەزووی شتزانین پتر ئەکات» ، بلیمەتو هەستناسکە . بەئاشکرا دژایەتی ئەوانە ئەکات پشتگیری کڵێسەکان ئەکەن ، سەیرکە ئەو قەشە بەرگ تۆخانە چۆن مۆرەی لێ ئەکەن ، پێنج ساڵ لەمەوبەر ، لە سوری خوێندندا . کیژێکی لاوی ناسی) .

ئەم ئافرەتانە بڕوایەکی نەلەرزیوی کوێرانەیان بە خواهەیە ، پیاوە ئایینی‌یەکان چەن چەرخێ هەوڵیان بۆ ئەمە داو بە ئامانجیان گەیشتن ، وەك ئەڵێن = کڵێسەی کاسولیك ، لەسەر سنگی ئافرەتان دامەزراوە = ، مریەم لە = مەسیح = ساکارتر بوو ، هەموو کەس خوشی ئەوێ ، بەبەزەیی‌و بەخشندەیەو هەرەشەشی بە کەس ڕانەگەیاندووە ، ئەم دڵنەرمی‌یە ڕێی بۆ تەخت کردووە بچێتە دڵی ئافرەتانەوەو داگیری بکات ، بەڵام ئەو کیژە لاوە ، توانای پرسیار کردنی هەیەو بە ساکاری‌و سەرسورمانەوە پرسیار ئەکا ، گومان‌و ترس لە هەڵس‌و کەوتی دا تێبینی ئەکرێ ، کاتێ پڕوپاگەندەچی‌یە چوارشانەکە ، لە سوری خوێندنەکەدا ، لەبارەی بیروراکانی‌یەوە ئەدوا ، کیژەکە ڕقی لێ‌هەڵئەستاو بێزی لێ‌ئەکردەوە ، خۆ ئەگەر کیژەکە ، کە زۆر شارەزای بیروباوەڕی کاسۆلیکی بوو ، پرسیارێکی لێ بکردایە ، ئاخاوتن‌و وەڵامدانەوەکەی ئەبووە دژایەتی‌یەکی ئاشکرا .

باری ئافرەتان لە ئیتاڵیا شڕترە لە باری ئافرەتانی ڕوسیا ، ئافرەتە هوشیارەکان خۆشیان زۆر سەر زەنشتی خۆیان ئەکەن بۆ ئەم بارشڕی‌یە ، هیچ ئاگایان لە چالاکی ڕۆشنبیری پیاوان نی‌یەو گرنگیشی پێ‌نادەن ، هەموو ئاگایان لە چالاکی ڕوشنبیری پیاوان نی‌یەو گرنگیشی پێ‌نادەن ، هەموو خۆشی‌و چالاکی‌یەکیان تەنیا کاروباری کڵێسەیە .

بەڵام ئەم کیژە لاوە ڕێی لە پڕوپاگەندەچی‌یە گەورەکانیش بەستبۆوە زۆر جار پروپاگەندەچی‌یە چوارشانەکەی ، ئەپەشۆکان ، جارجارەش چوارشانەکە زیرەکانە گاڵتەی بە کیژە لاوەکە ئەکرد ، بەڵام هێشتا ناچار بووبوو کە زۆر بە وردی ئەو بابەتانە ئامادە بکات کە بۆ کیژەکەو قووتابی‌یانی دیکەی باس ئەکرد .

ئەو کاتانەش کە ڕەخنەو پلاری لە ژیانی بەدفەڕی ئەو دەمە ئەگرت‌و نەخشەی بۆ ژیانێکی بەختیارو ئازاد ئەکێشا کە ئەتوانرێ لە دوارۆژدا بەدی بهێنرێ‌و لەش‌و گیانی مرۆڤی تێدا ئازاد بکرێ ، کیژەکە وەکو ئافرەتێکی گاڵتەچی زیرەك ، کە ئاگای لە چۆنی‌یەتی گۆڕانی قۆناغەکانی کۆمەڵ بێ ، وەکو منالێ کە گوێی ڕادێرا بێ بۆ چیرۆکی جندۆکان ، گوێی بۆ ڕائەدێرا . ساڵێکی ڕەبەق بەم جۆرە لە بگرەو بەردەدا بوون ، بێ ئەوەی

کەسیان هەوڵی نزیك بوونەوەی ئەوی کەیان بدات . تا لە کۆتایی‌دا . لە کیژەکە چووە پێشەوەو گوتی : ( خانمە بەڕێزەکەم ، لام وایە قسەکانم دژ بە بیروڕای تۆن . هەر چۆنێك بێ وام پێ باشە ئێمە زێتر یەك بناسین) .

کچەکە ، بەخۆشی‌یەوە ، قایل‌بوو ، ئیدی‌کەوتنە ، دەمەتەقێ‌ی سەروموڕەوە . کیژەکە لە باسی کڵێسەدا ووتی : ( گیانی ئازار چێشتووی مرۆڤ لە کڵیسەدا ئاسودەیی چنگ ئەکەوێ ، کاتێ ئەبینێ بە یەکسانی‌و بێ جودایی بەرامبەر = مریەم = ئەوەستێ) .

ئەویش هەڵی‌دایە : « مرۆڤ حەسانەوەی ناوێ ، پێویستی بە زۆرانبازی‌و ململانێ‌یە ، یەکسانی کۆمەڵایەتی ، بێ هاتنە دی سودە مادی‌یەکان ، شتێکی نەشیاوو ستەمە ، مریەم ، مرۆڤ یەکسان‌بوونی لە ڕێ لائەداو بە کوێری‌و نەزانی‌و کەڵەمەرگی ئەیهێڵێتەوە ، بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵە کەسانێکی دیاری‌کراو) .

ئیدی کارو پیشەیان بوو بە بگرەو بەردەو ململانێ کردن ، لە هەموو ژوانێکیان‌دا باس هەر ئەم باسە بوو ، تا ئەهات بڕوای هەر یەکەیان بە بیرو باوەڕەکەی بەهێزتر ئەبوو ، پڕوپاگەندەچی‌یەکە ئەمەی دائەنا بە هەوڵ‌دان بۆ شت‌زانین ، لەو بڕوایەدا بوو پێویستە هەموو مرۆڤێ بێ‌جیاوازی بەشداری ئەو زۆرانبازی‌یە بکات کە ئەیەوێ مل بە سروشت کەچ بکات ، کاتێ مێشك بەباشی بەکارئەهێنرێ ، ئەم زۆرانبازی‌یە ئەگاتە قەڵاپۆپەکەی ، کچەکەش کە لای وابوو ئەبێ مێشك کڕنووش ببات بۆ ویست‌و خواستەکانی مرۆڤ ، ژیانی دائەنا بە قوربانی‌دانێکی پڕ شادی بۆ شتێکی نەزانراو ، ئەم کیژە ، زۆر جوان نەبوو ، لاوازو چاو بەڵەك‌بوو ، مۆنی‌و بەزەیی لە دەم‌وچاوی‌دا ئەخوێنرایەوە ، جارێ کابرا بەسەرسوڕمانەوە لێ‌ی‌پرسی :

– (کەواتە بۆ ئامادەی وانەکانم ئەبی ، چۆن لە سۆشیالیزم تێ‌گەیشتووی ؟) .

کیژەکە بەخەفەت‌باری‌یەوە گووتی :

– (ئەزانم کە هەڵەم گەر ڕەفتارەکانم دژ بە بیروباوەڕم بێ ، بەڵام وام پێ باشە ، گوێ بۆ وانەکانت ڕابگرم‌و خەون بەو ژیانە بەختیارەوە ببینم کە ئەڵێ‌ی ڕۆژێ دێ بۆ هەموو مرۆڤێکی سەر زەوی بێتە دی) .

کیژەکە دڵی بە کڵێسەو مۆزەخانە ئەکرایەوە ، زۆر حەزی لە وێنەو تابلۆ ئەکرد کە بە وردی لێ‌یان ڕائەما ، ئەیگوت :–

– (چەند سەیرە ، بۆ ئەبێ ئەم شتە جوانانە لە ماڵی خواپێداوەکاندا بەند بکرێ‌و تەنیا یەك

کەس چێژیان لێوەربگرێ ، گەر جوانی‌یەك دەست هەموان نەکەوێ ، جوانی‌یەکی بێ‌گیانە) .

کیژەکە ، لەگەڵ خێزا کەیدا ئەژیا ، کە بریتی بوو لە باوکێکی کەنەفت‌و دایکێکی پیرو خوشکێکی منداڵ) ، هێندە سەیر ئەدوا ، ئەتگوت بریندارێکەو ئەناڵێ ، وەکو دایکێك مرۆڤی خۆش ئەویست ، دوودڵی‌و بەزەیی ئاوێتەی ئەم خۆشەویستی‌یە کردبوو ، کابراش وەك لە سەر ئاگر وەستابێ ، بە پەرۆشەوە چاوەنواری ئەو کاتەی ئەکرد ، کیژەکە بهێنێتە سەر بیروباوەری خۆی ، کە ئەبینی کیژەکە بە پەرۆشەوە گوێی بۆ رائەگرێ ، ئەمە وای لێ‌ئەکرد ، زۆر لە جاران گەرمتر قسەی بۆ بکات . رۆژێکیان کیژەکەی رەوانەی ماڵەوەیان ئەکرد ، بە کچەکەی ووت کە ئامانجی وایە = بینە هاوسەر = ، کیژەکە شڵەژاو چاوی ئەبلەق بوو ، رەنگی پەری‌و پاڵی دا بە دیوارێکەوە ، بە سڵەمانەوە لە کابرا راماو گوتی :

– (ئەمزانی ، هەستم پێ‌کردبوو ، منیش لە زووەوە تۆم خۆش‌ئەوێ ، بەڵام ، خوایە ، چی‌بکەین ؟) .

کابرا هەڵی‌دایە :

– (پێکەوە کارئەکەین‌و ژیانێکی پر بەختیاری مسۆگەر ئەکەین) .

کچەکە ، سەری شۆر کردەوەو گوتی :)

– (نابێ ، نەخێر نابێ باسی خۆشەویستی بکەین) .

– (بۆچی ؟) .

بەدەنگێکی نزم پرسی :

–(لە کڵێسە مارەم ئەکەی ؟) .

–(نەخێر) .

–(کەواتە ، خوات لەگەڵ) .

لێی دوورکەوتەوە ، کابرا دوای‌کەوت‌و رایگرت ، بەهێمنی گوێی بۆ قسەکانی کابرا راگرتبوو تا ووتی :–

– (من ، دایکم ، باوکم ، بروامان بە خوا هەیە ، مارەکردنی لای دادوەر بۆ من نەهاتووە ، ئێمە بروادارین‌و هەرواش ئەمرین) ، (منداڵەکانمان بەدبەخت ئەبن ، بەختیاری‌و ئاشتی تەنیا لە مارەکردنی ناو کڵێسەوە بەدی دێت) .

بۆی دەرکەوت نە ئەم بەو خاڵە قایل ئەبێو نە کیژەکەش وا بە ئاسانی دێتە ژێر بار ، لە یەك جیابوونەوە ، کیژەکە ووتی :

— (با یەك نەرەنجێنین ، هەوڵیش مەدە ئیدی بمبینی ، ئەم کارە لە تواناى من دا نی یە ، من هەژارم) .

کابرا ووتی :

—(ناتوانم پەیمانی ئەوەت بەمێ) .

بەم جۆرە کیشەیەکی نوێ سەری هەڵدا ، هەر یەکەیان ئاواتی ئەخواست بەرامبەرەکەی بەرگەی ئازاری دووری یەکە نەگرێ ، ئەیانویست بە یەك بگەنەوە ، بۆیە لە جاران زووتر ژوانیان بەستەوە ، زۆر لە جاران گەرمتر ژوانیان بەستەوە ، سەرانسەر پێك گەیشتنەکانیان ئالۆدەی ئازارو چەرمەسەری بوو ، کابرا وای هەست ئەکرد ، هەرەسی هێناوەو بێ کیژەکە دەرگای هەموو یارمەتی یەکی لێ داخراوە ، کیژەکەش هەر کە لە ئەو دوور ئەکەوتەوە ، ئەیدایە پرمەی گریان .

کابرا ئەیزانی کە بەربەستی نێوانیان تا دێ بەرزو ئەستور ئەبێو هەرەشەی ئەوەشیان لێ ئەکات ، بە یەکجاری لە یەکیان دابڕێ ، لە پشودانێکدا لە باخچەی شارەکەدا پیاسەیان ئەکرد ، بە کیژەکەی ووت :

—(زۆر جار بۆم دەرئەکەوێ ، کە ئەتوانم بت کوژم) .

ئەمەشی بە هەرەشە نەبوو ، کیژەکە نقەی لێوە نەهات ،

— (گوێت لێ یە چی ئەڵێم ؟) .

کچەکە ، چاوێکی تێبری و گوتی : — بەڵێ) .

زۆرجار پێش ئەم = بەڵێ = یە لە ئامێزی ئەکردو ماچی ئەکرد ، کچەکەش لە سەرەتادا خۆی ڕائەپسکان ، بەڵام دوایی خۆی شل کرد ، ئەمە هیوای کورەکەی ژیانەوە ، ئەیویست ( ژنێتی ) تێدا بژێنێتەوەو لەمەوە کیژەکە نەرم بکات ، بەڵام بۆی دەرکەوت ، کیژە تا بمێنێ نەرم نابێ ، بۆیە ئیدی هەوڵی ژیانەوەی (ژنێتی)یەکەی نەدا ، ئەیویست بەدیبنی کیژەکە بسرێتەوە ، بەڵام ئەو بە زەردەخەنەیەکی خەواڵووەوە گوێی بۆ شل ئەکردو لە دڵیش دا باوەری پێ نەئەکرد ، جارێکیان کچەکە ووتی :—

— (هەندێ جار ، باوەر بە هەموو قسەکانت ئەکەم ، بەڵام کەڵێکی ئەدەمەوە بۆم دەرئەکەوێ لەڕاستی ووتەکانەوە نی یە ، بەڵکو لەوەوەیە من تۆم خۆش ئەوێ ، ناتوانم

باوەرت پێ بهێنم ، کاتێ جێم ئەهێلی ، هەموو شتێکت لەگەڵتا ئەبەیو کاریگەری لام نامێنێ) .

تا دوو ساڵ بەم شێوەیە مانەوە ، ڕۆژێکیان کیژەکە نەخۆش کەوت ، کابرا ئیشەکەی بەجێ‌هێشتو لە هاوەڵەکانی دوورکەوتەوە ، زۆربەی کاتی لە تەنیشت کیژەکەوە بەسەر ئەبرد ، ئاگاداری ئەوە بوو کە نەخۆشی‌یەکە تائەهات لە کیژەکەی پیس ئەکرد ، کیژەکە بەدەم پارانەوە ووتی :

–(باسی دوارۆژم بۆ بکە) .

بەلام ئەم باسی ئێستای بۆ ئەکردو ئەو هۆکارانەی بۆ باس ئەکرد کە بوونەتە کۆتو پارمەتی دواکەوتنی مرۆڤ ئەدەن ، ئەویش گوێی بۆ شل کردبوو ، کاتێ ئازارەکەی گەیشتە ڕادەیەك بەرگەی نەگرێ دەستی دا لە دەستی‌یەوەو قسەکردنەکەی پێ بڕیو چاوی بڕی‌یە چاوەکانی ، جارێکیان لێی پرسی :

– (من ئەمرم ؟) .

چەند ڕۆژێ لەوەو پاش ، دکتۆر بە کابرای ووت (تووشی دەردەسیل) بووەو هیچ هیوایەکی چاكبوونەوەی تێدا بەدی ناکرێ ، کابرا ڕووی وەرچەرخاند ، کچەکە ووتی :

– (دەستم بەرێ ، ئەزانم مەرگم نزیك بۆتەوە) .

کە دەستی بۆ درێژکرد ، ماچێکی دەستی کردو گوتی :–

– لێم ببورە ، هەڵەم لەگەڵدا کردووی ، ئێستا بۆم دەرکەوت بیروباوەڕەکەم هیچ نی‌یە ، تەنیا ترسانە لەوەی نازانم چیم ئەویو ترسانە لە هەوڵەکانی تۆ ، بەلام ئەم ترسە چۆتە خوێنمەوە ، مێشکم هەیە ، بەلام دڵم ، ناتوانێ لەگەڵتا ڕێك‌بکەوێ ، ئەم ترسە لەگەڵمدا لەدایك بووە) .

پاش چەند ڕۆژێ کیژەکە مرد ، کابرا چووە شارای مەرگ ، قژی سپی بوو بەڵێ لە تەمەنی (بیستو حەوت) ساڵێدا ، سەری سپی بوو .

پاش ماوەیەك ، کیژێکی قووتابی‌و هاوڕێی خۆی مارە کرد ، ئێستاش ئەبینی وەکو هەموو ڕۆژێکی پشوودانی کە ئەچن گوڵ ئەخەنە سەر گۆڕی کیژەکە .

باوەری نەئەکرد کە کیژەکە بەڕاستی بوو کاتێ دانی بەوەدا نا باوەڕی پێ هێناوە ، وای ئەزانی لەبەر دڵی ئەم ئەو قسەیەی کردووە ، ژنەکەشی هەمان بڕوای هەبوو بەو قسەیە ،

قەرەباڵغی‌یە شادەکە وەکو ڕووبارێکی بریسکاوە ، ئەکشا ، دەنگە دەنگ‌و قسەکانیان تێکەڵاوی پێکەنین‌و قریشکەی منداڵان بوو بوو ،

گەر ڕاستیت ئەوێ قەرەباڵغی‌یەکە هەمووی دڵخۆش نەبوون دڵی چەند مرۆڤی گیرۆدەی چرنۆکی دێوی خەم‌و ناسۆر بوو . بەڵام هەموو کاروانە ڕێی ئازادیمان گرتبووە بەر ،

وورده وورده لێیان نزیك بووینەوە ، گەیشتینە ئاستی‌یان ، پێمان هەڵگرت‌و پێشیان کەوتین .

# — دایك —

با دەنگمان بڵند بکەینەوە بۆ ستایشی ئافرەت ، بۆ ستایشی دایك کە چاوگی دانەمرکاوەی هەموو ژیانە ، ئەمە چیرۆکی تەیموری لەنگی بێبەزەیی یە ، چیرۆکی پڵنگێکی شەلە ، چیرۆکی ( ساخیبی گیرانی )یە ، کە ناحەزەکانی ناویان نابوو ، داگیرکەری بەبەختی (تەمیرلان) ، ئەو مرۆڤەی هەوڵی تێك و پێكدانی هەموو جیهانی دا ، نزیکەی پەنجا ساڵ زەوی دا بەپێ وە ، وەك چۆن فیلێك بە پێ بەك شارە مێرولەیەك پان ئەکاتەوە ، ئاوەها بە پاژنە ئاسنینەکانی شارو دەوڵەتانی ئەپلیشانەوە ، روباری خوێنینی بە گشت لابەکدا بەردایەوە ، تەلاری بەرزی لە ئێسکی مرۆڤە بەزیوەکان هەڵچنی ، پێش برکێی لەگەڵ مەرگ دا ئەکرد بۆ قەلاچۆکردنی مرۆڤ ،

ئەمەی هەمووی لە تۆڵەی مردنی =جیجانگیر=ی کوری دا ئەکرد ، ئەیویست بەم وێرانکاری یە تینوێتی تۆڵەسەندنەوەکەی بشکێنێ .

لەو رۆژەوە = جیجانگیری =کوری مردو - دانیشتوانی سەمەرقەند تووشی داوی ئەهریمەن بوون ، بەشیان رەش پۆشیو قورپێوان بوو .

بەدرێژایی (سی = ٣٠) ساڵ دەروازەی دڵی لەئاستی بەزەیی و سۆزدا پێوەدا ، بەمۆنی ژناو کەس زەردەخەنەی لێ نەدی ، تاکو مردن لە (ئۆتراڤ) پشتیدا بە زەوی داو ژیانی لێ زەوت کرد .

با سرودی ستایش بۆ ئافرەت ، بۆ دایك ، بۆ ئەو تا کە هێزە بڵێین کە مەرگ بێ فیز سەری بۆ دائەنوێنێ . با ئەو راستی یە بڵێین کە چۆن تەیموری لەنگی کۆیلەو ئەڵقە لەگوێی مەرگ و خوێن رێژو دڵرەق لە بەری دا چەمابەوە .

تەیمور بەگ . ئاهەنگێکی لە دۆڵی (کانی گوڵ)ی دڵرفێنو رازاوە بە گوڵ و یاسەمین گێرابوو . ئەو دۆڵەی هۆنەرەکانی سەمەرقەند ناویان نابوو (دۆڵی گوڵان) ، لە شوێنێکەوە منارە شینەکانی شارە گەورەکەو گومەزی شینی مزگەوتەکان ئەبینران ، پازدە هەزار رەشماڵی گوڵ رەنگی لە دۆڵەکەدا بۆ دامەزرابوو . وەکو باوەشین ، لە پازدە هەزار گوڵە گەنم ئەچوون . لەسەر هەر رەشماڵەش سەدان ئالای بچوك بچوك بەدەم تەرمەباوە ئەشنانەوە .

له ناوەندیان‌دا ، ڕەشماڵەکەی = تەیموری گوروگان = دامەزرابوو کە لە شاژنی نێوان دەست‌و پێوەندەکانی ئەچوو ، ڕەشماڵێکی چوارلابوو ، هەر لایەی پەنجا هەنگاو درێژبوو ، بەرزی‌یەکەشی سێ ڕم‌بوو ، لە ناوەڕاست‌دا بە دوازدە کۆڵەکەی ئاڵتون ڕاگیر کرابوو ، هەر کۆڵەکەیەی هێندەی مرۆڤێ ئەستور ئەبوو لاکانی لە ئاوریشمی میللداری زەردو شین‌و ڕەش‌و ترۆپکەکەیشی لە ئاوریشمی شینی کاڵ دروست کرابوو ، بە پێنج سەد ، پەتی سور بە زەوی‌یەکەوە گیرکرابوو ،. تا نەهێڵێ بەرز بێتەوە بۆ حەوا ، چوار هەڵۆی زیویش لە چوارگۆشەکەیدا دانرابوو ، هەڵۆی پێنجەمیش لە ژێر گومەزی ناوەندەکەیدا دانرابوو ،

تەیموری گوروگانی شای شایان ، کالآیەکی ئاوریشمی فشی ڕەنگ ئاسمانی لەبەردابوو ، بە لای کەمەوە پێنج هەزار دانە مرواری پێوە بوو ، کلاوێکی قیتی سپی لەسەر کردبوو ، گەوهەرێکی وەك چاوێکی پڕ خوێنی لە ترۆپکەکەیدا بوو ، دەم‌و چاوی لە دەمی چەقۆیەك ئەچوو ، ژەنگی ئەو خوێنەی گرتبوو ، کە هەزاران جار تێ‌ی پەڕیبوو ، هیچ شتێك لە چاوە تەسکە تیژەکانی بزر نەئەبوو ، تیشکی چاوی لە تیشکی (زمروت) ئەچوو ، ( زمروت = گەوهەری عەرەبی‌یە ، بێگانە پێ‌ی ئەڵێ = زمروت ، بۆ نەهێشتنی نەخۆشباوی باشە) ، گوارەیەکی گەوهەری سیلانی لەگوێ‌دا بوو ، لە ڕەنگی لێوی کیژێکی شۆخ‌و شەنگ ئەچوو .

لەسەر ڕاخەری ناو ڕەشماڵەکە ، سێ سەد ، سوراحی ئاڵتونی پڕمەی دانرا بوون ، هەموو شتێکی شایستەی ئاهەنگی شایانە بوو ، مۆسیقاژەنەکان لە پشتی‌یەوە دانیشتبوون ، کەسی لە تەنیشتا نەبوو ، پاشاو میرو سەردارو دەست‌و پێوەندەکانی لای پێ‌یەوە دانیشت‌بوون ، نزیکترین دانیشتوو ، = کرمانی = هۆنەری مەست‌بوو ، ئەو هۆنەرەی جارێکیان کاولکەری جیهان لێ‌ی پرسی :

— (کرمانی ؛ گەر لە بازاڕدا بمفرۆشن ، بە چەند ئەمکڕی) ؟

وەلآمی دایەوە ،

-- (بیست‌و پێنج ئاسکەر[1])

---

١ ئاسکەر . دراوی ئەوسەردەمەی سەمەرقەندبووە .

تەیمور بە گاڵتەچی‌یەوە لی‌ی پرسی‌بەوە :

– (تەنیا پشتێنەکەم بایی ئەو پارەیەیە) .

کرمانی ووتی :

– (منیش مەبەستم پشتێنەکەت بوو ، دەنا خۆت هیچ ناهێنی) .

کرمانی ، بەم شێوازە لەگەڵ شای شایانی وێرانکەردا ، دوا .(با ستایشی هۆنەر بکەین ، کە هەمیشە هاوری‌ی ڕاستی‌یەو لەسەرکەوتنەکانی تەیموری لەنگ بەبایخ‌تر بووە ، با ستایشی ئەو هۆنەرانە بکەین تەنیا یەك خوێنەناسن کە ئەویش ، ووشەی جوانی ڕاستی‌یە .)

لەو ساتەدا کە ئاهەنگ‌و هەرایە ، لە گەرمەی شانازی‌و گێرانەوەی شەڕان‌و سەرکەوتنەکاندا ، کە پیاوەکانی تەیمور نوقمی سامی ئەو بوو بوون لە خوماری مۆسیقای دەنگ بڵندو یاری‌یە میللی‌یەکان‌دا ، ژمارەیەکی زۆر جۆکەران هەڵبەزو دابەزیان ئەکرد ، وا خۆیان ئەنوشتانەوەو سەرمەوقولاتیان ئەدا  ئەتگوت ئێسقان لە لەشیاندا نی‌یە ، وەرزشەوانان زۆرانیان ئەگرت ، جەنگاوەران بە توندی شمشێرەکانیان پێك دائەدا ، کۆمەڵە فیلێك ئامادەکرابوون ، ئەوانەی ڕەنگی سورو زەردو سەوز کرابوون ترسناك‌بوون ، هەندێکی کەیان مرۆڤی یان ئەخستە پێکەنین ، لەم کاتەدا کە پیاوەکانی تەیموری لەنگ مەی‌و (کاومیس [1]) یان هەڵ‌ئەقوراند ، لەم کاتەدا قریشکەی ژنێك ، قریشکەی ماهەلۆیەك ، گەیشتە گوێ‌ی ئەو کەسەی (سوڵتان بایەزید)ی بەزاند ، زامی گیانە بریندارەکەی کولانەوە ، ئەو گیانەی برینداری دەستی مەرگ بوو . . . فەرمانی دا بە پیاوەکانی ، کە بزانن ئەوە کێ‌یە ؟ ، بەو دەنگە بەکوڵەوە ئەقریشکێنێ ، پێ‌یان ووت : ژنێکە ، گیانلەبەرێکی شێتی قوربەسەرە ، سێ‌لایەی ئاوەدانی سەرزەوی بەپێوەداوەو هاتووە بە =عەرەبی= قسە ئەکاو ئەیەوێ بەڵێ ئەیەوێ کە پاشا ببینێ .

پاشا ووتی :

– (بیهێننە ئێرە) .

ژنەکە بە پێ‌ی پەتی‌و بەرگی کۆنی ڕیشاڵ ڕیشاڵەوە کە خۆرەتاو ڕەنگی کاڵ کردبووەوە ، لەبەر دەمی تەیموربەگ‌دا ڕاوەستا ، بسکە ڕەشە ئاڵۆزکاوەکەی هێنابووە

(۱) – کاومیس : شیری هەوێن کراوی ماینە .

سەر سنگە ڕووتەکەی دەموچاوی گەنمڕەنگ بوو ، چەوساندنەوە لە چاوەکانی دا دەخوێنرایەوە ، بە بێ لەرزین دەستی بۆ داگیرکەرە شەلەکە ڕاکێشاو پرسی :

– (تۆی ئەو کەسەی ، سوڵتان بایەزیدت بەزاندووە ؟) .

– (بەڵێ ، چەندێ جگە لەویشم بەزاندووە ، ها بزانم کارت چی یە ؟) .

– (من خەڵکی ناوچەی (سالیرنۆ)م لەو پەڕی ئیتاڵیاوە هاتووم ، تۆ ئەو ناوچەیە ناناسی ، باوکم و مێردەکەم ، ماسی گر بوون ، مێردەکەم هێجگار قۆزبوو ، بۆ خۆمان بە بەختیاری ئەژییاین کوڕێکم هەبوو ، خۆشەویسترین منداڵی سەرزەمین بوو) .

تەیموری لەنگ بۆڵەیەکی لێوەهات :

–(وەکو جیجانگیری کوڕی من) .

– (کەس وەکو کوری من قۆزو زیرەك نەبوو ، تەمەنی شەش ساڵان بوو ، کۆمەڵێك جەردەی دەریا لە ڕۆژهەلاتەوە هاتبوون ، دایان بەسەر ئەو ڕۆخەی ئێمەی تێدا ئەژییاین ، باوکم و مێردەکەم و زۆر کەسی کەیان کوشت و کوڕەکەمیان برد ، ئەوە چوار ساڵە بەم پەڕو ئەوپەڕی زەوی دا بۆی ئەگەڕێم ، ئێستا لای تۆیە ، چۆن کەوتۆتە لای تۆ ئەوە بەم جۆرەیە ، پیاوەکانی بایەزید ، جەردەکانیان دیل کرد ، تۆش بایەزیدت بەزاندو دەستت بەسەر سامان و دەوڵەتەکەیدا گرت ، ئەبێ سۆراخی کوڕەکەم بکەیت و بیدەیتەوە پێم) .

دانیشتوان و پاشاکانی خۆیان بەژێر ئەزانی ، دەستیان کرد بە پێکەنین و گوتیان — (ئەو ژنە شێتە) .

تەنیا (کرمانی) پێ نەکەنی و ئازایانە چاوی بڕی یە ژنەکە ، تەیموریش بەو پەڕی سەرسوڕ مانەوە چاوی لە ژنەکە بڕیبوو .

(کرمانی) شێتی گری تەڕ ، بە نەرمی یەوە ووتی :

–(شێتە ، وەکو هەموو دایکێکی سك سوتاو) .

ژنەکە ووتی :

– (گوێم بۆ ڕادێرە ، هەرچی یەکت کردبێ ، لەوە ژێتر نیت کە پیاوێکی ، بەڵام من دایکم ، تۆ نۆکەری مەرگی ، من نۆکەری ژیانم ، هاتووم داوای ئەوەت لێ بکەم خۆت لەو تاوانە پاك بکەیتەوە کە لە ئاستی من دا کردووتە . هەر چەند پێیان ووتم دروشمت ئەوەیە کە (بەهێزی لە دادوەری یەوەیە) ، بەڵام بڕوای پێ ناکەم تا وا نەبێ لەگەڵ مندا ،

ئەبێ واش بێ ، چونکە من دایکم) .
شاکە هێندە ژیر بوو ، ئەیزانی ئەو قسە نەترسانە لە کوێوە ئەکات :
–(گوێم رادێراوە ، دانیشە بزانم چی ئەڵێی ؟) .
لەسەر سەکۆی شایانەدا ، دانیشتو دەستیکرد بە گێرانەوەی بەسەرهاتەکەی :

پاشای وێرانکار ووتی :–
(ژنەکە چۆن لەو ناوچە دوورە نەناسراوەوە ، دەریاو روبارو چیاو دارو جەنگەڵت بڕیوەو گەیشتویتەتە ئێرە ؟ ، چۆندڕندەو مرۆڤ کە زۆر جار لە دڕندە ، دڕندەترە ، نەهاتونەتە رێتەو توانیووتە تاکو تەنیا بەبێ چەك ، کە هاوریێی لانەوازو بێهێزەو هاورێیەکی هێندە بەنمەکە ، تا هێزی تێدابێ بەکاری بهێنێ ، ناپاکی لە مرۆڤ ناکا ، چۆن وا بێ چەك گەیشتویتەتە ئێرە تا ئەمانەم بۆ رون نەکەیتەوە ، ووتەکانت ناچێتە مێشکمەوە) .
با سرودی ستایش بۆ ئافرەت بلێین ، ستایشی دایك هی ئەو کەسەی خۆشەویستییەکەی وای لێ ئەکات سەختی کۆسپو تەگەرەی لا ئاسان ئەبێ ، چ شتێك لە مرۆڤدا جوانە ، لە تیشکی خۆرو شیری دایکەوە وەرئەگیرێ ، بە شیری خۆی هەموو جیهان تێر ئەکاو دەروونمان بە خۆشەویستی ژیان تێرو تەسەل ئەکا ، ژنەکە هەڵیدایە :–
–(لە گەرانەکەمدا ، یەك دەریام هاتۆتە رێ ، ئەویش پڕ بوو لە دورگەو گەمی ، کاتێ مرۆڤ عەوداڵی شتێکی خۆشەویستی ئەبێ ، (با)ش لێی ئەترسێ ، ئەو کەسەش لە کەناری دەریادا گەورە بوو بێ ، لای گران نییە دەریا بە مەلە ببڕێ ، هیچ چیایەکیشم نەهاتۆتە رێ) .
کرمانێ مەست بەخۆشییەوە ، گوتی :
– (ئەوەی خۆشەویستی دڵی رۆشن کردبێتەوە ، چیای لێ ئەبێتە تەختایی و نشێوی) .
– (تووشی جەنگەڵو دارستانیش هاتم ، بەرازی کێویو پشیلەی کێوی ، ورچو گای ملچەماوەی تۆقێنەرمدی ، بەو چاوانەی لە چاوی تۆ ئەچوون ، لێی ئەروانیم ، بەڵام هەموو گیانداری دڵی هەیە . هەر چۆن لەگەڵ تۆدا ئەدوێم . لەگەڵ ئەوانیشدا دوام ، باوەڕیان پێکردم ، هەر کە ووتم دایکم ، بەزەییان پێمدا هاتەوەو ملی رێی خۆیان گرت ، تۆ نازانی کە چوارپێش منداڵەکانی خۆی خۆش ئەوێو ئەتوانێ ، هێندەی مرۆڤ بۆ

ژیانو پاراستنی ئازادیان بجەنگیٚ) تەیمور ووتی :

— (ئافرەتیٚکی . چاكبیٚژی ، ئەزانم چوارپیٚش خۆشەویستی ئەکاو ئەش جەنگیٚ بگرە لەم هەلوٚیستانەدا لە مرۆڤ کارامەترە ) ژنەکە وەکو مندالٚ قسەکەی تەواو کرد . هەموو دایکیٚکیش مندالیٚکی گەورەیە :

— (هەموو پیاویٚ دایکی هەیەو پیاو هەمیشە لای دایکیان مندالن ، تۆش پیرەمیٚردەکە لە ئافرەت بوویت ، ئەتوانی نکۆلی لە خودا بکەیت ، بەلاٚم ناتوانی بەهیچ جۆری نکۆلی لەم راستی‌یە بکەیت).

کرمانی نەترس هاواری‌کرد :

— (دەم‌خۆش ، دەم‌خۆش ، کۆمەلە گایەك ناتوانن گوێرەکەیەك بخەنەوە ، بەبیٚ خۆر گولٚ ناپشکویٚ ، بیٚ‌خوشەویستی بەختیاری نی‌یە ، بیٚ‌ئافرەت ، خوشەویستی نی‌یە ، بەبیٚ دایك نە هۆنەر هەیەو نەپالەوان) .

ژنەکە ووتی :

— (مندالەکەم پیٚ بدەرەوە ، من دایکی ئەوم ، خۆشیم ئەویٚ) .

با لەبەر ئافرەت‌دا بچەمیٚینەوە ، کە «موساو مەسیح‌و محەمەد»ی خستۆتەوە = مەسیح = ئەو پیٚغەمەبرە مەزنەی ، نوکەرانی ئەهریمەن لە خاچیان‌دا ، وەکو (شریف –دین) ووتوویەتی ، لە شاری (دیمەشق) ، بەلیٚ لە شاری (دیمەشق)دا سەرهەلٚ‌ئەداتەوەو لە مردو زیندوان ئەپرسیٚتەوە . با لەبەر ئەو کەسەدا بچەمیٚینەوە کە بیٚ‌وەرس بوون مندالٚ ئەخاتەوە ، ئەرەستۆو فیردەوسی‌و سەعدی کە وەك هەنگوین شیرین‌بوو ، یان‌عومەرخەیام کە وەك = مەی ئاویٚتەی ژەهر وابوو، یان ئەسکەندەرو هۆمیرۆسی نابین هەموویان کوری ئافرەتن‌و بە شیری ئەو گۆش بوون ، هەر لەو کاتەوە کە هیٚندەی – مشکەکویٚرە –یەك بوون دەستی گرتوون‌و رابەری کردون بۆ ژیان ، چاوگی شانازی جیهان دایکە ،

تەیموری گوروگان ، پلنگە شەلەکە ، ئیٚستیٚکی دریٚژی بۆکرد ، بەوانەی دەورو پشتی ووت :–

— (من تەیموری کویٚلەی خوام ، ئەوە ئەلیٚم کە پیٚویستە بووتریٚ ، چەند سالە ئەژیم‌و زەوی لەژیٚر پیٚمدا ئەنالیٚنیٚ ، سی سالە لەم زەوی‌یەدا ویٚرانکاری ئەکەم ، تینۆیٚتی تولەی

(جیجانگیر)ی کورم دائەمرکێنمەوە ، ئەوانەی لەگەڵمدا جەنگاون کەسیان لە پێناوی مرۆڤدا نەجەنگاون ، بەڵکو لە پێناوی سامانو دەوڵەتدا بەزەنگارم بوونەتەوە ، مرۆڤ لام بێ نرخ بووە ، نەشم زانیوە کە ئەوانەی لە ڕێگەمدا ئەوەستن ، کێنو لە پێناوی چیدا ، وا ئەکەن .

ئەمە منم ئەو کەسەی کاتێ بایەزیدم بەزاندو بە کۆتو زنجیر کراوییەوە هێنایانە بەردەمم ویێم ووت : (ئای بایەزید ، ئەبێ مرۆڤو وڵات هیچ نرخێکییان نەبێ لای خوا ، دەنا چۆن ڕێگە ئەدات بە تۆی یەک چاوو منی شەل ئاوا دووچاری ئەم ژانو ئازارەیان بکەین) .

تامی ژیانم لاتاڵ بووەو هیچ چێژێکی لام نەماوە .

ژنێك لەبەر دەمما دانیشتووە ، لەناو دە هەزاران کەس دا ، هەستێکی وای لە گیانمدا بێدارکردەوە ، لەوەو پێش هیچ هەستێکی وام نەکردووە ، چۆن لەگەڵ یەکێکی ئاستی خۆیدا بدوێ ، ئاوا لەگەڵ منا دوا ، هیچ لێم نەپاڕایەوە ، بەڵکو ئازاانە داواکارییەکەی خستەروو . . . ئێستا ئەزانم بۆچی وا بەهێزە ، چونکە ئاگری خۆشەویستی لە دڵیدا کڵپەی سەندووەو ئەمەش فێری کردوە کە منداڵەکەی بەو برو سکەی ژیانە دابنێ ، کە بروسکەکەی تا چەندان سەدە هەر کڵپە ئەسێنێ ، ئایا پێغەمبەرو پاڵەوانان منداڵی ئافرەت نەبوون ؟ ، تۆی (جیجانگیر) بینایی چاوم ، ئێستا من جیهانم لە خوێن دا گەوزاندووە ، کێ ئەڵێ لە چارەت نەنوسرا بوو کە جیهان ڕووناك بکەیتەوەو بەختیاری تێدا بچێنی) .

شای شایان جارێکی کە بێدەنگ بوو ، لە پاشا دەستی کردەوە بەقسە :

– (من تەیموری بەندەی خودام ، ئەوە ئەڵێم کە پێویستە بووترێ ، هەر ئێستا سێ سەد سوار بەرەو کوچەکانی فەرمانڕەوایی‌یەکەم بچنو بپشکنن بۆ سۆراخ کردنی کوری ئەم ژنە ، لێرەدا چاوەڕوانی ئەکەین تا دێنەوە ، ئەوەی منداڵەکە بینێتەوە ، دەروازەی بەختی لێ ئەکرێتەوە ، من تەیمورم ئەمە ئەڵێم ، ژنەکە قسەکانمت بەدڵ بوو ؟) .

دایکەکە ، بسکە ڕەشەکەی لەسەر ڕووی لاداو بەدەم بزەیەکەوە ووتی :

– (چاکت کرد ، پاشا) .

پیاوە پیرەکە هەستاو بە بێدەنگی لەبەردەمیدا چەمایەوە ، (کرمانی) هۆنەری گەپ ،

به شادی‌یەکی زۆرەوە دەستی کرد بە سرود ووتن .
(چ شتیٚ لە سرودی گوڵو ئەستێرە جوانترە ؟
هەموو مرۆڤیٚ ئەزانیٚ : سرودی خۆشەویستی‌یە
چ شتیٚ لە تیشکی خۆری نیوەڕۆی (مایس) دڵڕفێنترە
دڵداران ئەڵێن ، دڵخوازانمان
ئای ئەستێرەی ئاسمانی نیوەشەو چەند جوانە !
خۆری نیوەڕۆی هاوین چەند جوانە !
بەلاٚم چاوی دڵخوازەکەم لە گشت گوڵیٚ دڵڕفێن‌ترە
زەردەخەنەکەی لە تیشکی خۆر شەنگ‌ترە
هێشتا جوان‌ترین سرود هەر ئەووترێتەوە
کە سرودی دەست‌پی‌کردنی گشت شتێکە لەسەر زەوی
سرودی دڵی جیهانە ، ئەو دڵە ئەفسوناوی‌یەی
هی ئەو مرۆڤەیە لەسەر زەوی پی‌ی ئەڵێن = دایك =)
تەیمور بە هونەرەکەی ووت :
— (دەم‌خۆش کرمانی ، خوابە هەڵەدا نەچووە کاتیٚ ، ئەو لێوانەی هەڵبژاردووە ، ژیری خۆی پیٚ دەربڕیٚ) .
کرمانی سەرمەست وەلاٚمی دایەوە :
پاش ئەوەی بزەیە کەوتە سەر لێوی ژنەکە ، پاشاکان زەردەخەنەیان گرت‌و بە تێنوارینێکی وەکو هی مناڵەوە لی‌ی ڕامان .
چی لێرەدا ووتراوە ، سەراپا ڕاستە ، دایکیشمان ئەمە ئەزانن لی‌یان بپرسن پی‌تان ئەڵێن :
— (بەڵیٚ ئەمانە هەمووی ڕاستی بەڵگەنەویستن ، ئێمە لە مردن بەهێزترین ، هەردەم پەنددارو هونەرو پاڵەوانان ئەخەینەوە واش گۆشیان ئەکەین ، بچنە ڕیزی نەمرانەوە .) .

# ڕمووزنە (١)

ڕۆژێکی گەرم بوو ، خۆر وەکو بیلبیلەی ئاسمانە شینەکە تیشکی ئەدایەوە ، کەشکەشانی ئاسمان بەبەزەیی‌یەوە لە زەوی ئەڕوانی ، خامۆشی‌و هێمنی باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشابوو . بەلەمی ڕاوەماسی ڕەنگاو ڕەنگ ، کەوانەیەکی بێ جوڵەیان ، لە ناو ئاوی شینی کەنداوەکەدا پێك هێنا بوو ، ئاوەکە وەکو ئاسمان ئەبریسکایەوەو ئاوی چاوی ئەبرد . گاشە بەردێك ورگی دابووە ناو ئاوەکە ، لە دوورەوە دورگە ئەرخەوانی‌یەکان ئەبینران

هێشووە تری‌و نارنج‌و لیمۆو هەنجیرو گەلآزەیتونی کاڵی زیوی‌و گوڵی ئاڵتونی‌و زەردو سور . ڕۆخە بەرداوی‌یەکەیان داپۆشیبوو ، کە بە سنورێکی خوارو خێچەوە ، خۆی ترنجاندبووە دەریا کەوە ، میوە نارنجی‌و زەردەکان ، ئەستێرەی شەوێکی سایەقەیان بە یادی مروڤ ئەهێنایەوە .

ژنێکی بالآبەرزی ڕەش‌پۆش کە خۆرەتاو بەرگە قەڵباوی‌یەکەی قاوەیی کردبوو ، هێدی هێدی بە ڕێی نێوان باغچەکاندا ، لە بەردێکەوە هەنگاوی ئەنا بۆ بەردێکی کە . ڕێگاکە لێژو تەنگاو بوو بەلآم ئەم خانمە هێندە بە دڵنیایی‌یەوە هەنگاوەکانی هەڵ ئەهێنایەوە . ئەتگوت قاچەکانیشی چاویان هەیەو زەوی‌یەکەی پێ ئەبینێ . بسکی زیوی و سەری رووت بوو چەند گێسوویەکی ئاڵۆزکاو ، هاتبوونە سەر ناوچەوان‌و کوڵمەڕەش داگیرساوەکانی دەم‌و چاوی مۆن‌و درێژکۆلەبوو ، هەر کەسێ یەکجار ئەم دەم‌و چاوەی بدیایە ستەم بوو لە بیری بچێتەوە . سەری شۆر کردبووەوە ، لەگەڵ هەنگاوەکانی دا لەنجەی ئەکرد ، خەڵکی بەسەرهاتەکەی وەك ئەمەی خوارەوە ئەگێڕنەوە :

— (ژنی ماسی‌گرێك بوو ، پاش زەماوەندیان ، کابرا چوو بۆ ڕاوو نەگەڕایەوە ، ئەمی بەسك‌پری بە جێ هێشت ، کاتێ ، منداڵەکەی بوو ، لەگەڵ خۆی نەیئەبردە دەرەوە ، لە کوچەیەکی تاریکی مالۆچکەکەیدا . ئەیشاردەوە ، هێشتا واش دراوسێکانی دیبوویان ، ئەیان گوت ،

---

(١) — ڕمووزنە : دەعەجانی : Monster

– (منداڵێکی سەر زلو دەمو چاوزەرد هەڵگەڕاو وچاوگەورەو بێجوڵە بوو) .
ئەیان ووت :
– (ئای ئەم خانمە چەند لەش سوكو ڕووخۆش بوو ، ململانێی لەگەڵ (نەداری)ی دا ئەکردو شادی بەسەر خەڵکەکەدا ئەپەخشان ، ئێستاش خەمبارو لێوبەبارەو خۆی لە خەڵکی دابڕیوە) .
زۆری نەبرد ، هەموو کەس زانی منداڵەکەی = ڕمووزنە =یە ، کە ئەمەیان زانی چوونە لایو پێیان ووت :–
– (ئەزانین ئەم ڕمووزنەیەی مەگەر = مریەم = بزانێ سزای چ کارێکە ، جێی شەرمەزاریە ، بەڵام شتەکە لە دەستی تۆدا نەبووە ، لەبەر ئەوە پێویست ناکا سوچەکەی بخەیتە سەر منداڵەکەو لە ڕوناکی خۆری بێبەش بکەیت) .
گوێی بۆ ڕادێرانو ڕمووزنەکەی پیشاندان ، دەستەکانی هێندە کورت بوو ، ئەتگوت پەڕەکەی ماسیە ، ملی باریكو لاواز بوو ، دەمو چاوی چرچو لۆچ ، دەمی زلو هەمیشە کراوەبوو ، ئەتگوت بەدەم دێوی مەرگەوە پێئەکەنێ ، خانمەکە لەسەر زەوی دانشتبوو ، دەمو چاوی بەدەستی شاردبووەوەو ئەگریا ، خەڵکەکە بەبێز لێکردنەوەوە ڕویان لە ڕمووزنە وەرئەچەرخان ، خانمەکە جارجارە سەری بەرز ئەکردەوە ، بەچاوی پڕ پرسیارەوە لە دراوسێکانی ئەڕوانی ، ئەمانیش سندوقێکی تەختەیان بۆ دروستکردو هەندێ پەڕۆوپاڵیان تێدا ڕاخستو ڕمووزنەکەیان تێخستو لە سێبەرێکی ناو حەوشەکەدا هەڵیان واسی .
ڕۆژگار ڕابوردو ڕمووزنە هەروەکو خۆیمایەوە ، ئەوەندە نەبێ ، بزەیەکی سەیری کەوتەڕوو ، دوو ڕیز ددانی خوارو خێچیش لە دەمیا دەرهات ، فێری ئەوەش بوو بە دەستە کوڵەکانی ، پارچە نان بگرێو بیبات بۆ دەمەزلەکەی ، هەر کە بۆنو بەرامەی خواردنی ئەکرد ، سەرەزلەکەی ڕائەوەشاندو دەستی ئەکرد بە لورەلور ، تا خواردنیان فریا نەخستایە نەیئەبڕیەوە ، کە خواردنیشیان بۆ ئەهێنا بە هەڵپە هەڵیئەلوشی ، تا ئەهات ئەم چڵێسیەی زێتر ئەبوو .
دایکی سیسو باریك بوو بوو ، دەستکەوتی کز بوو ، تا وای لێهات بژێویشی دەست نەئەکەوت ، ئەمە وەڕسی نەکرد ، بە بێ دەنگیش دەستگیرۆیی دراوسێکانی وەرئەگرت ، ئەوەی هێندەی کە ئەم چەرمەسەریەی گەورە کردبوو ، لورەلوری

ڕمووزنەکە بوو ، هەچ شتێکی بگەیشتایەتە چنگ‌و بۆ خواردن بشیایە ، ئەیهاوێژتە ئەشکەوتی دەمی‌یەوە .
بە ئافرەتەکەیان ووت :
(زۆر نابا ، تۆش هەڵدەلوشیێ ، بۆچی نایسپێری بە خەستەخانە یان داڵدەگایەك ؟) .
دایکەکە ئەمەی پی‌گران بوو هەڵی دایە :
(من بۆ ئەو ئەژیم ، تا بمێنم خۆم بەخێوی ئەکەم) .
ئافرەتێکی شۆخ‌وشەنگ بوو ، زۆر پیاوان هەوڵیان دابوو ، ببنە «هاوسەری» بەڵام بەرپەرچی هەموویانی دایەوە ، یەکێکیانی چووبووە دڵەوە ، پیێ‌ی‌ووت :
– (ئەزانی بۆچی قایل نابم بەوەی ببینە ژن‌ومێرد ، چونکە لەوە ئەترسم ڕمووزنەیەکی دیکەش بخەمەوە) .
پیاوەکە زۆر هەوڵی‌دا ، دڵی نەرم بکاو ئەم بیرەی لەسەر دەرکا ، پیێ‌ی ئەووت :
– (مریەم = زۆر بەزەیی بە دایکان‌دا دێتەوە ، وەکو خوشکی خۆی سەیریان ئەکا) .
دایکی ڕمووزنەکە ووتی :
– (نازانم چی بڵێم ، سەیری ئەم سزا بێ‌بەزەیی‌یانە بکە) .
کابرا لیێ‌ی پارایەوەو دەستی کرد بەگریان ، بەڵام خانمەکە پیێ‌ی ووت :
– (نەخێر ، هەرگیز شتێ ناکەم باوەڕم پیێ‌ی نەبێ ، وازم لێ‌بێنە) .
بەم جۆرە وازی لێ‌هێناو سەری خۆی هەڵگرت‌و نەگەڕایەوە .
تا چەند ساڵان ، بەخێوی کرد ، سەری هێندەی توپێکی گەورەی لێ‌هات ، ملە باریکەکەی نەیئەتوانی ئەو سەرە زلە هەڵ‌بگرێ ، بۆیە بەم لاو بەو لادا ئەکەوت ، گەر بێگانەیەك ڕمووزنەکەی لە حەوشەی ماڵەوەیاندا ئەدی ، زراوی ئەچوو ، نەشی ئەتوانی ، بۆ خۆی لێك بداتەوە کە چی بینیوە ؟ ، بە سەرەزل‌و لوتەپان‌و چاوەدەرپەڕیوەکانی‌یەوە ، لە سندوقەکەوە سەری دەرئەهێناو سەرەنجی سەیرکەرانی ئەدا ، چاوی بەرەو پردی لوتی خێل‌ئەکردو ددانی ڕیچ ئەکردنەوە ، گویێ‌ی وەکو هی ئاژەڵێ زل‌ودرێژ بوو تویەڵی مووی لول‌و پێچاو پێچ لە تەوقی سەری دابوو ، دەستە بچووکەکانی لە چرنوکی مارمێلکە ئەچوون . ئەوەی ئەیدی ستایشی بەشی خۆیان ئەکرد .
= بلاك سمیث = کە پیرەمێردێکی بێ بەزەیی‌بوو ، هەمیشە ئەیووت :

– (که ئەم دەمە زلەم دێ ، ئەو دەعەجانیەم هاتە پێش چاو ، هێزو تینی مرۆڤ هەڵئەلوشی‌و پیروکەنەفتی ئەکات ، ئەڵێی ئێمە لە پێناوی (مشەخۆراندا) ئەژین‌و هەر لە پێناویشیاندا ئەمرین) .

دایکەکە پێکەنینی لەبیر چووبووەوە ، نەیئەزانی پێکەنین چی‌یە ، هەموو ئەو قسەو پلارانەی گوێ لێبوو ، کە ئەیان گرتە خۆی‌و رمووزنەکە ، دەم‌و چاوو قژی رەنگی پیری‌یان لێ نیشت ، هەر کە شەو ئەهات لە دەرگای ماڵۆچکەکەی‌دا ئەوەستاو رووی ئەکردە ئاسمان ، وەکو چاوەنواڕی هاتنی کەسێك بێ ، دراوسێکانی لەیەکیان ئەپرسی :

– (چاوەنواڕی کێ‌یە ؟) ،

دراوسێکانی بەسەریا ئەهاتن‌و پێ‌یان ئەووت :

– (بۆ نایخەیتە سوچی کڵێسەیەکەوە ، هەر خێرەومەند زۆرە ، خێری پێ بکەن) .

خانمەکە ئەمانەی بەدڵ نەبوو ، ئەیووت :

– (کاری وام پێ ناکرێ ، بێگانەکان چیمان پێ ئەڵێن ؟)

– (هەموو کەس ئەزانێ ، بێدەرامەتی گشت لایەکی گرتۆتەوە) .

سەری پێ باش نەبوونی بۆ ڕائەوەشاندن .

ڕێنوماکەران پێش بێگانەکان ئەکەوتن‌و گوزەر گوزەر ئەیان گێڕان ، ڕۆژێکیان گەیشتنە ماڵی رمووزنە . دایکی لە ماڵەوە بەمۆنی ڕۆیشتبوو بە قێزلی کردنەوەوە ، سەیری دەم‌و چاوی پوچەڵی ئەو خەڵکە تیرو تەسەلەی ئەکرد ، گوێی لێبوو ، باسی کوڕەکەیان ئەکردو گاڵتەیان پێ ئەکردو لچیان لێ هەڵ ئەقورتان ، ئەمە ڕمووزنەی پەست ئەکردو لە گشت شتێ زێتر ئازاری دایکەکەی ئەدا ، چوو بۆ لای هەڵسوڕێنەری ناوچەکەیان سکاڵای لێ کردو داوای لێ کرد بزانێ ئەم (بیانی)یانە بۆ وای پێ ئەکەن ؟

ئەویش ناوچەوانی گرژ کردو گوتی :

– (کێ ئەمەی ووتووە ؟ گوایە ، ئیتاڵیا پێش نەژادە ڕوومانی‌یەکانی کە ، تەفرو تونا ئەبێ ، کێ ئەم درۆیەی بۆ کردوی ؟) .

خانمەکە وەڵامی نەدایەوە ، لێ‌دا ڕۆیشت ، لە حەوشەکەیان‌دا ، لەپاڵ سندوقەکەدا دانیشت‌و دەستی خستە سەرسەری بێژیانی کوڕەکەی وچاوەڕوانی ئەوانەی ئەکرد ، بۆ بینینی منداڵەکەی هاتبوون .

چاوی پڕ پرسیاری بڕی‌یە چاوی‌یان ، کەسیان قسەیان نەکرد ، هەندێکیان حەزیان ئەکرد دڵی بەنەوەو پیرۆزبایی ئەوەی لێ بکەن لەو چەرمەسەری‌یە رزگاری بووە کەتێی کەوتبوو ، بەڵام هیچ کەس نقەی لێوە نەهات ، چونکە ئەیان زانی باشتر وایە هەندێ شت بخرێتە پشت گوێ .

تا ماوەیەکی زۆر لە دراوسێو خەڵکەکە راما ، پرسیارێکی لاڵ لە چاوەکانیدا ئەخوێنرایەوە ، بەڵام زۆری نەبرد ، دڵی ئەمیش وەك دڵی ساکاری ئەو خەڵکەی لێ‌هاتەوە .

## – دایکی ناپاکەکە –

مرۆڤ چەندی بویٚ ئەتوانیٚ لە بارەی دایکەوە بدویٚ . . . چەند هەفتەیەك بوو ، دوژمن وەکو بازنێکی پۆلایین ئابلوقەی شارەکەی دابوو ، شەوانە لەسەر دیواری شارەکە ئاگرە هەلٚگیرساوەکان ئەدرەوشانەوە ، ترسی ئەخستە دلٚی دانیشتوانی شارەکەوە ، لە دیوارەکەوە مۆلٚگای دوژمنیان ئەبینی ، هەندێکیان وەکو تارمایی رەش رەش بە دەوری ئەو ئاگرانەدا هەلٚس‌وکەوتیان ئەکرد ، کە کردبوویانەوە دەنگی گۆرانیو حیلکە حیلکی ئەسپی دابەستەو تەقەتەقی چەکی دوژمنەکەیان ئەهاتە گویٚ ، چ شتیٚ هێندەی حلیکە حلیکی دوژمنو گۆرانی‌یەکانیان ئازاری گویٚ ئەدات .

دوژمن سەرچاوەی ئاوی شارەکەی بە لاشەی کوژراوان پڕ کردبووەوە ، کێلٚگەکانی رووتاندبووەوەو رەزی گوێسوانەی دیواری شارەکەی سوتاند بوو ، هێندە بە مەنجەنیق باروتو ئاسنی بەسەر شارەکەدا باراند بوو ، کەلەبەری خستبووە زۆر لای دیواری شارەکەوە ، سەربازە ماندووەکان لەو قات‌وقری‌یەدا بەبرسێتی بە شەقامی تەسکی شارەکەدا هاتووچۆیان ئەکرد ، نالٚەو ورێنەی بریندارانو پارانەوەی ژنانو گریانی مندالاٚن ، لە پەنجەرەی مالاٚنەوە ، ئەگەیشتە گویٚی خەلٚکی شارەکە ، خەلٚکەکە پێکەوە بە چرپە ئەدووان ، لە پڕدا ئەیان بزرکاندو ئەیان پرسی – (ئەریٚ دوژمن هێرشی هێنا ؟)

ناخۆشترین کاتی شارەکە شەو بوو ، کە نالٚەو قریشکەکان ئاشکراتر ئەبیستران بەشەو مۆلٚگای دوژمن دیار نەئەما ، مانگ لە کەلەوە سەری دەرئەهێنا ، تارمایی‌یەرەشەکان لە بناری چیا دوورەکانەوە بەرەو کەلەبەری دیواری شارەکە ئەکشان .

دانیشتوانی شارەکە چاوەنواری گەیشتنی یارمەتی‌یان ئەکرد ، بەلاٚم برسێتیو کاری بەردەوام ، بیٚئومێدی خستبووە دلٚیانەوەو رۆژ دوای‌رۆژ ، بیٚئومێدی‌یەکەیان زیٚتر ئەبوو ، تەنیا یەك ئەستێرەش لەئاسماندا نەیئەجریوان تا دلٚیان بداتەوە ، غەلٚبە غەلٚبی دوژمنو ئاقاری گرنج گرنجی چیاکان مردنیان بیری مرۆڤ ئەخستەوە ، نەیان ئەوێرا چرای

ماڵەکانیان هەڵ بکەن ، تاریکی یەکی چڕ شەقەمەکانی شارەکەی لە ئامێز گرتبوو ، لەم ئەنگوستەچاوەدا ، ژنێکی ڕەش پۆش ، وەکو ماسی یەك چۆن قوڵایی ڕوبارێك شەقار ئەکات ، ئاوا بەئاسپایی ئەگەڕا ، کاتێك خەڵکەکە ئەیانبینی ، چرپەیان بۆیەك ئەکرد :

– (تۆبڵێی ئەوبێ ؟)

– (ئا خۆیەتی) .

لێی دوور ئەکەوتنەوەو خۆیان ئەکرد بە تاریکستانی یەکاندا ، یان بە بێدەنگی و سەرکزی یەوە بەلایدا ڕائەبوردن . سەرۆکی ئێشکچی یەکان بەتوندی یەوە پێی ووت :

– (دۆنا ماریانا = دیسان لە دەرەوەی ، ئاگات لە خۆت بێ ، یەکێك ئەتکوژێ و وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرئەچێ) .

خۆی گورج کردەوە ، وەستانێکی بۆکرد ، کەمینەکان بەلایدا ڕابوران و لێی دوور کەوتنەوە ، بەتاقی تەنیا وەکو لاشەی مردوویەك بەجێیان هێشت ، هاوارو ناڵەی بریندارانو برتەو بۆڵەی سەربازە هیوابڕاوەکان ، شەوگارەکەی ووروژاند بوو ، ئەمیش وەکو هەیمای بەدبەختی شارەکە ، ئەم شەقامو ئەو شەقامی شارەکەی ئەدا بەپێوە . وەکو شارنشینێك بیری لە شارەکە ئەکردەوە ، وەکو دایکێك بیری لە کوڕەکەی ئەکردەوە ، کە سەردەستەی ئەوانە بوو ئابلۆقەی شارەکەیان دابوو ، کوڕێکی قۆزو دڵڕەق بوو ، ماوەیەك لەوەو پێش دایکەکە بە شانازی یەوە لێی ئەڕوانی وای ئەزانی بەخشینێکی دانسقەیە بە شارەکەی بەخشیوە ، وای ئەزانی هێزێکی بە کەڵکە بۆ پاڵپشتی دانیشتوانی ئەو شارەی خۆی و کوڕەکەی تێدا هاتونەتە ژیانەوەو تێیدا گۆش بوون ، دڵی لە سەدلاوە بەو بەردە کۆنانەوە بەند بوو کە باوانی خانوویان لێ دروست کردبوو یان دیواری شارەکەیان پێ هەڵچنی بوو ، دڵی لە سەد لاوە بەند بوو بەو خاکەوە کە ئێسك و پروسکی خزمو خوێش و سەردارانی تیرەکەی تێدا شارابووەوە ، دڵی بەند بوو بە ئەفسانەو گۆرانی و ئاواتەکانی گەلەکەیەوە ، خۆشەویستی کوڕەکەی و خۆشەویستی ئەو شارەی چاوی تێدا پشکوابوو ، بەرامبەر بوون ، نەی ئەزانی کامیان سەنگترە .

بەو جۆرە بە تاك و تەنیا وێڵی شەقامەکانی شارەکە بوو ، ئەوی نەی ئەناسی لێی ئەسڵەمی یەوە ، ئەو کەسەش ئەیناسی پشتی تێئەکرد .

ڕۆژێکیان لە کوچەیەکی ئەو پەڕی شاردا ، ئافرەتێکی دی ، وەکو پارچەیەك لە

زەوی‌یەکە لەپاڵ لاشەیەکدا چۆکی دادابوو ، رووە هەڵبزرکاوەکەی کردبووە ئاسمانو نوێژی ئەکرد . تەقەی بەر دیوار کەوتنی چەکی ئێشکچی‌یەکان ئەهات کە بە چرپە لەسەر دیواری شارەکە قسەیان ئەکرد .

دایکی ناپاکەکە پرسی :

- (ئەمە مێردتە کوژراوە ؟) .
- (نەخێر) .
- (ئەی براتە ؟) .
- (کورمە ، مێردەکەم سیازدە رۆژە کوژراوە ، ئەمرۆش کورەکەم بووە قوربانی) .

هەستایە سەر پێ‌و ، دایکی کوژراوەکە بە کڵۆڵی‌یەوە گوتی :

- (ئەو چاکەیەم لە بیرناچێتەوە ، (مریەم) لەگەڵی کردوم) .

دایکی ناپاکەکە پرسی :-

- (چی بوکردوی ؟) .

وەڵامی دایەوە :

(کورەکەم بە شانازی‌یەوە لە پێناوی پاراستنی شارەکەی‌دا ، گیانی بەخت کرد ، ئەوەش ئەڵێم ، کورەکەم دڵگەش‌و حەزی لە رابواردن ئەکرد ، ئەترسام ئەمیش وەکو کورەکەی (ماریانا) ناپاکی لە شارەکەی بکات ، ئەو کورەی دوژمنی مرۆڤ‌و دوژمنی خوایەو سەرداری ئابلۆقەدەرانە ، نەفرەت لە خۆی‌و لەو کەسەی خستی‌یەوە) .

=ماریانا = دەم‌وچاوی شاردەوە ، رۆیشت بەرێ‌ی خۆیەوە ، بۆ بەیانی ، هاتە بەردەم جەنگاوەرەکان ، گوتی :-

- (کورەکەم بووەبە دوژمنتان ، یام کوژن یان دەروازەی شارم بۆ بخەنە سەر پشت ، تا ئەچم بۆ لای ئەو) .

وەڵامیان دایەوە :

- (تۆ مرۆڤی ئەبێ شارەکەتت خۆش بوێ ، کورەکەت دوژمنی تۆو دوژمنی ئێمەشە)
- (من دایکی ئەوم ، خۆشم ئەوێ ، من بەرپرسیاری کارەکانی ئەوم) .

راوێژیان بەیەك کردو بریاریان‌دا :-

-(شتێکی بێ‌هونەری‌یە ، لەبەر تاوانی کورەکەت بت کوژین ، خۆ تۆ هەڵت نەناوە بۆ ئەم

کارە ، ئاگادارین لە چ چەرمەسەری یەکدا ئەژیت ، شارەکە وەك دەست بەسەر نات هێڵێتەوە ، برۆ بۆ لای کورەکەت گەر ئەشزانی شیاوی سزاوەرگرتنی ، ئەوە لەو باوەڕەداین کە تۆشی فەرامۆش کردووە ، با هەر ئەمە سزات بێ چونکە ئەم سزایە لە مردن سەختره) .

ووتی :

(بەڵێ تابڵێن گرانو سەختە) .

دەروازەکەیان بۆ ئاوەڵا کرد ، مۆڵەتیان‌دا ئەو شارە بەجێ بهێڵێ ، کە ئەمی تێدا لە دایك بووەو کورەکەی ئابڵوقەی داوە ، لە لۆچی دیوارەکەشەوە چاودێری‌یەکی درێژیان کرد ، لەسەرخۆ ئەڕۆیشت ، قاچی لەدوی نەئەهات ، ئەم خاکە بەجێ بهێڵێ ، کە ئەگەیشتە لاشەی ساردەوەبووی جەنگاوەرەکان ، کڕنوشی بۆ ئەبردنو چەکە شکاوەکانی بەقیزلێ‌کردنەوەوە لائەدا ، چونکە هەموو چەکێك بێزکردنەوەی دایکان ئەهەژێنێ ، ئەو چەکە نەبێ بۆ پاراستنی ژیان بەکارئەبرێ . زۆر بە پارێزەوە ئەڕۆیشت ، تا ئەهات لەبەر چاوی ئەوانەدا بچوك ئەبووەوە کە لە سەر دیوارەکەوە ، چاودێری‌یان ئەکرد ، وایان ئەزانی شارەکە چ خەمو نائومێدی‌یەکی بووە ، لەگەڵ ڕۆیشتنی ژنەکەدا ، بەجێ‌ی هێشتوون ، چاویان لێ‌بوو لە نیوەی ڕێگادا وەستاو کلێتەی پاڵتۆکەی لاداو ماوەیەکی درێژ چاوی بری‌یە شارەکە .

لە مۆڵگای دوژمنیشەوە چاویان لێ‌بوو ، ڕەشپۆشێك بەتەنیا کێڵگەکان ئەبڕێ ، چەند زەلامێ بەپارێزەوە لێ‌ی نزیك‌بوونەوە ، لێ‌یان پرسی کێ‌یەو لەکوێ‌وە هاتووە ؟ پێ‌ی ووتن :

— (من دایکی سەرۆکەکەتانم)

هیچ سەربازێکیان لە قسەکەی خانە گومان نەبوو ، لە دەوری گلێر بوونەوەو باسی ئازایی‌و زیرەکی کورەکەی‌یان بۆ ئەکرد ، ئەمیش بەشانازی‌یەوە گوێ‌ی لێ‌گرتبوون ، نیشانەی سەرسوڕمانی لێ نەئەبینرا ، چونکە ئەوەی لە کورەکەی ڕائەبینی .

زۆری نەبرد ، گەیشتە لای کورەکەی ، ئەو کەسەی نۆ مانگ پێش ئەوەی چاوی بپشکوێ ناسیوێتی ، هیچ کاتێ لە بەشێکی دڵی خۆی جیا نەکردۆتەوە ، هەموو شتێکی لەو خەوانە ئەچوو ، زۆر جار پێوەی دی‌بوو ، بەرگێکی کەتانو ئاوریشمی لەبەردابوو ،

چەکەکانی بەگەوهەر نەخشێنرا بوون . دەستی دایکی ماچ‌کردو گوتی :—
— (باش بوو هاتیت ، لە بەیانی زووترنی‌یە ، تەخت‌و تاراجی ئەو شارە تێك‌و پێك ئەدەم)
دایکەکە ووتی :—
— (ئەو شارەی تێیدا لە دایك بووی ؟)
حەز بە ناوبانگ دەرکردن ، مێشکی پووت کردبوو ، بە کەف‌و کوڵی گەنجێتی‌یەوە ، وەڵامی دایەوە :—
— (من بۆ جیهان‌و لە جیهان‌دا لە دایك بووم ، ئەم شارە درکی ڕێگەی سەرکەوتنمە ، ئەمەوێ جیهان لەبەر دەمما بلەرزێ ، لەبەر تۆ بوو تا ئێستا ڕاوەستابووم‌و خاکی ئەو شارەم بە تورەکە نەبێژاوەتەوە) :
دایکەکە ووتی :
— (ئەو شارەی هەموو بەردێکی ئەتناسی‌و منالێت تێدا شاردۆتەوە ؟)
— (بەرد لاڵە ، مرۆڤ ئەیهێنێتە زمان ، من ئەمەوێ چیاکان بهێنمە زمان‌و باسم بکەن) .
لێی پرسی :
— (ئەی خەڵکەکە ؟) .
— (ئەوانم پێویستە ، مرۆڤ نەبێ پاڵەوانان بە نەمری نامێننەوە) .
— (پاڵەوان ئەوەیە بەرەنگاری مەرگ ئەبێتەوە بۆ پاراستنی ژیان) .
هەڵی دایە :—
— (نەخێر ئەوەی شاران وێران ئەکات هێندەی ئەوە بەناوبانگە کە شاران دروست ئەکات ، سەیرکە کێ ئەزانێ ، (ئینیاس)یا = ڕۆمیۆلۆس = ،کامیان = ڕۆما = یان دروست کردوە ، بەلاّم چاك ئەزانین کە (ئەلاریك)و پاڵەوانانی کە ، ڕۆمایان وێران کرد) تا شێوان وا قسەیان کرد ، ئیدی کەمتر بەرپەرچی قسەی ڕەقی کورەکەی ئەدایەوە ، سەری شانازی کردنیشی نەوی کردەوە .
دایك ، چەندنەترسە ئەوەندەش ، بێ بەزەیی‌و بلیمەتە بۆ پاراستنی ئەو ژیانەی خوڵقاندویەتی ، کە باسی وێرانکاری بۆ ئەکرێ ، بەئەتك کردنی ئەزانێ ، بەلاّم کورەکە ئەمەی نەئەزانی ، حەز بەدەرکەوتن دڵی مراندبوو ، هەستی نەهێشتبوو ، دایکەکە سەری

داخستو دانیشت ، لەکونەکانی ڕەشماڵەکەوە لە شارەکەی ئەروانی ، بۆ یەکەم جار لەو شارەدا ژانی لەدایك بوونی ئەو کورەی گرت ، کە ئێستا ئەیەوێ خاپوری بکا .

تیشکی سوری خۆرەکە ، قولەی ناو شارو دیواری شارەکەی سور کردبوو ، لە پەنجەرەی ماڵەکانەوە ئەدرایەوە ، لەم کاتەدا شارەکە لە برینێکی گەورە ئەچوو کاتێ تاریکایی داهات شێوەی لاشەی مردوویەکی ئەنواند ، ئەستێرە کزەکانی ئاستی سەر شارەکە ، شینو ماتەمیان بۆ ئەگێڕا .

خەریك بوو لە بۆنی لاشەی بۆنکردوی کوژراواندا بتاسێ ، گوێی لە چرپەی تاساوی گەلەکەی بوو لە شارە خۆشەویستەکەیدا ، کە چاوەڕوانی دێوی مەرگ بوون ، هەورەکان لە لوتکە ڕەشەکانەوە ، وەکو ئەسپی سپی باڵدار بەرەو دۆڵو نشێوییەکە ئەکشانو ڕاستە سەری شارەکەدا لەنگەریان ئەگرت .

دایکەکە وای ئەزانی دایکی دانیشتوانی هەموو شارەکەیە ، بە بێ دەنگییەوە چاوەنواری دوا بڕیار بوو ، کورەکەی ووتی :—

— (ئەگەر ئەمشەو تاریكو نوتەك بێ ، شالاو ئەبەینە سەر شارەکە ، چونکە جەنگی ڕۆژانە سەختە ، چەکەکان ئەبریسکێنەوەو مرۆڤ کوێر ئەکەن) .

سەیرێکی شمشێرەکەی کردو گوتی :

— (زۆر بۆ داهێنانەوەش ، بەفیڕۆ ئەچێ)

دایکەکە پێی ووت :

— (وەرە کوری خۆم ، سەر بکە سەر سنگمو پشوویە بدە ، ئایا کاتێ منداڵی خۆت نایەتەوە یاد ، چەند دڵکەشو بەبەزەیی بووی ، هەموو کەسێ خۆشی ئەویستی)

سەری خستە سەر سنگیو بە دەم چاو نوقاندنەوە ، ووتی :—

— (تەنیا سەرکەوتنو تۆم خۆش ئەوێ ، کە کردمت بەمەی ئێستا هەم)

سەری بەسەردا چەمانەوەو پرسی :—

— (ئەی ئافرەت ؟) .

— (ئافرەت زۆرن ، مرۆڤ هەرچۆن لە گشت شتێکی شیرین ئەبێزرێ ، واش لەوان بێزار ئەبێ)

بۆ دوا جار لێی پرسی :

— (حەز ئەکەی منالت هەبێ ؟) .

– (نا ، حەز ناکەم ، بۆ ئەوەی پیاوێکی وەکو من بیان کوژێ ؟ ، ئەوساش هێندە پیر ئەبم ، ناتوانم تۆڵەیان لێ بسێنمەوە ، ئیدی ئەبنە هۆی ژانو ئازارەکانم) .

بە هەناسە هەڵکێشانەوە ، ووتی :–

– (تۆ جوانکەی ، بەڵام وەك بروسکەی هەورەتریشقە بێبەری) .

– (بەڵێ وەکو هەورە تریشقە وام) .

پاڵتۆ ڕەشەکەی بەسەردا کێشاو کێردەکەی کرد بەسەر دڵیدا ، دەمودەست هەناسەی دەرچوو ، کێ لەو باشتر ئەزانێ دڵی کورەکەی بپێکێ . لاشەکەی فرێدایە بەر پێی ئێشك چییە حەپەساوەکان ، رووی دەمی کردە شارەکەو گوتی :

– (وەکو شارنشینێ ، ئەوەی توانیم لە پێناوی شارەکەمدا کردم ، بەڵام وەکو دایکێك کورەکەم بەجێ ناهێڵم ، چونکە جگە لەوەی ژیانم کەڵکی کەسی پێوە نەماوە ، ئەو کاتەش بەسەرچوو ، بتوانم منداڵێکی کە بخەمەوە)

کێردەکە هێشتا گەرمایی خوێنی کورەکەی پێوە بوو ، بە دەستێکی بێلەرزینەوە ، لە سنگی خویدا چەقاندی ، ئەمجارەشیان دڵی پێکا ، چونکە دۆزینەوەی دڵی ژانگرتوو زۆر گران نییە .

# ڕاسپاردەی ماسیگرەکە

گێژەڵوکەیەك هەڵی کرد ، درەختەکانی چەماندەوەو خستنیە شەکانەوە . شەپۆلی ئاوی دەریاکەی ئەهێناو ئەیدا بە ڕۆخە بەرداوییەکەدا . ماسیگرێکی پیر لە سێبەری گاشەبەردەکانی کەنارەکەدا ، دانیشتبوو ، گوتی :—

— (لە خۆرئاوابوون‌دا ، گێژەڵوکەیەکی توند هەڵ‌ئەکات) .

شەپۆلە بچوکەکان گیائاوییە زەردو سورو قاوەیی‌یەکانی سەر بەردە گەرمبووەکانی ئەشتەوەو بەسەر یەكدا ئەشکانەوە ، نیوەی چاوی ماسیگرە پیرەکە لە چرچ‌و لۆچی دەم‌وچاویدا بزر بووبوو ، لوتی لە دەنوکی مەل ئەچوو ، قامکە گرێ گرێیاوییەکانی لەسەر ئەژنۆی دانابوو ، بە دەنگێکی بەسۆزەوە ، ووتی :

— (هەرگیز ئەو ڕۆژە بەهارییەم لەیاد ناچێ ، کاتێ تەمەنم (شازدە) سالان ئەبوو ، پەنجا ساڵ لەمەوپێش ، هەموو کەس شادو دڵخۆش بوون ، گۆرانی‌یان ئەووت ، باوکم کە تەمەنی چل ساڵ ئەبوو ، پیی ووتم =گۆیدۆ ، بابچین ، نەختێ = پیزۆنی ڕاو بکەین = ، جەناب ، (پیزۆنی) ماسی‌یەکی نەرم‌و بەتامە ، لە بنی دەریادا لە ناو ڕەگی (مەرجان)دا جێگر ئەبێ ، لەبەر ئەمە پێشی ئەووترێ (ماسی مەرجانی) ، پولەکەکانی ، مێخەکەیین ، ماسی‌یەکی هێجگار جوانکەلەیە .

بەڵێ ، چووین بۆ ڕاوە — پیزۆنی ، بەنیازی ڕاوێکی چەور ، باوکم بەهێزو دنیا دیدەبوو ، بەلام ماوەیەك لەوەوبەر تووشی نەخۆشی (ماسیگر)ان بوو سنگی ژانی ئەکرد ، قامکەکانی بە باداری چەمابوونەوە . . . ئەم بایەی ئێستا لە هەڵ کردنایە ، هێجگار ناپاك‌و لە خشتە بەرە ، هەرکە چوویتە ناو ئاوەکەوە ، لە ناخڵەفا ، شالاوت بۆ ئەهێنێ‌و سەرت لێ ئەشێوێنێ ، لەچاو تروکانێك‌دا بێ ئەوەی فریای ئەوە بکەوی نەفرەتێکی لێ‌بکەی یان ناوی خودا بهێنی فرێت ئەداتە شوێنێکی دوورەوە ، بایەکی وەك ئەم بایەمان لێ پەیدا بوو ، لە ناکاودا فرێی داینە چوار کیلۆمەتر دوور لە کەنارەکە ، باوکم سەوڵەکانی بەدەستە چەماوەکانی گرت‌و هاواری کرد : (گۆیدۆ ،

[illegible]

ئەکات ، کە بەرامبەرەکەی لیٚی چاوەروانە)

زۆربەی قسەکانی بەدەم باکەوە دوور ئەکەوتنەوە ، باش لیٚی تیٚ نەئەگەیشتم ، کاتیٚ مردن دەستەویەخەی مرۆڤ ئەبیٚتەوە ، هیٚزی تیٚگەیشتنی ناهیٚلیٚ زۆر ترسم ، لیٚ نیشتبوو ، وەکو دویٚنیٚ بوو بیٚ باوکمم لەبەر چاوە ، لە بنکی بەلەمەکەدا دانیشتبوو ، خۆی بە تەنیشتی بەلەمەکەوە گرتبوو ، ئاو شەبقەکەی داشۆری بوو .

شەپۆلەکان لە هەر چوارلاوە شالاٚویان بۆ ئەبرد ، هەموو جاریٚکیش سەری قووت ئەکردەوەو (قخ)یٚکی بۆ ئەکردو هاواری لیٚ ئەکردم ،

– (گویٚ بگرە ، ئەمبیسی ؟)

هەندیٚ جار وەلاٚم ئەدایەوە ،

– (بەلیٚ گویٚم لیٚتە)

– (لەیادت نەچیٚ ، مرۆڤ سەرچاوەی گشت چاکەیەکە)

– (لە بیرم ناچیٚ) .

هەرگیز لەوەوپیٚش ، بەو شیٚوەیە لەگەلیانەدوابوو ، هەمیشە دلٚکەش و بەبەزەیی بوو ، من وام هەست ئەکرد بە قیٚزو بیٚزو گالٚتە پیٚ کردنەوە لیٚم ئەروانیٚو هەر بە منداڵم ئەزانیٚ ، ئەمەش ئەیرەنجاندم ، چونکە گەنج بووم و گەنج زوو ئەرەنجیٚ)

ماسی گرە پیرەکە ، بیٚ دەنگ بوو ، چاوی بری یە کەفی سەرئاوەکە ، لەپاشا بزەیەکی گرتو بەچاو ترو کاندنەوەوە ، دەستی کردەوە بە گیٚرانەوەی بەسەر هاتەکە :

– (جەناب ، لەو سالاٚنەدا کە ژیاوم ، بۆ دەرکەوتووە کە بەبیر هیٚنانەوە ، وەك تیٚگەیشتن وایە ، هەرچەندە باش تیٚبگەی ، باشتر ئەبینی و باشترشتەکانت دیٚتەوە یاد ، ئەمە راستە .) . (لەبیرمە دەمو چاوە ئازیزەکەی تەر بووبوو ، چاوەگەورەکانی لیٚ بریبووم ، ئەو کاتە تیٚگەیشتم کە ئەو رۆژە نامرم ، سەرەنجام هەلٚگەرِاینەوە ، کەوتینە ناو ئاوەکەوە ، سەرەرای ئەوەی شەپۆلەکان ئەیان مالٚین بە بنی بەلەمەکەدا ، کەفی ئاوەکە چاوی کویٚرکردبووین تووشی سەرەگیٚژە بووین ، نەمان ئەتوانی بەباشی سەرمان لەسەر ئاوەکەوە بهیٚلینەوە ئاو چووە گویٚچکەو قورگمانەوە ، حەوت کاژیٚر ، ئەمە بەشمان بوو ، لەناکاوا رەشەباکە وەر چەرخا رووەو ووشکانی هەلٚی گرتین ، بەخۆشی یەوە هاوارم کرد – (خەریٚکە رزگارمان ئەبیٚ) ، باوکم وەلاٚمیٚکی دامەوە ، بەلاٚم تەنیا یەك ووشەی هاتە گویٚم : (بەردەکان)

بیری لەبەردی کەنارەکە ئەکردەوە ، زۆر دوور بوون من لیٚ ی نەئەترسام ، بەلاٌم ئەوچاکتری ئەزانی ، لەئاکاما بەبیٚ هۆشی هاویژتینیە نیٚو بەردەکانەوە .

گاشە بەردی رۆخەکەمان لیٚ دەرکەوت ، تا ئەهات لەیەك نزیك ئەبووینەوە ، بەسەر ئاوەکەدا چەمابوونەوە ، وەك بیانەویٚ بمان پلیشیٚننەوە ،سوچی بەردەکان وەکو چەقۆی تیژ تیژوا بوون ، سەری باوکمم لەسەر خۆمەوە دیتومەز، باوکم خۆی بەسەرما چەماندبووەوە تالەو چرنوکە تیژانەم بپاریزیٚ لەپاشا ، باوکم بەسەر (چرنوکی بەردەکان)ەوە مایەوە ، نازانم پاش کاژیٚریٚ یادوو کاژیٚر ، خەلٌك و خوا ، گرتبووینیانەوە ، گازەرای پشتی باوکم شکابووکەللە سەری پلیشابووەوە ، ئیٚستاش لەبیرمە ، میٚشکی لە کەلەبەری کەللەیەوە هاتبووە دەرەوە ، لەشی شیٚوا بوو ، بەلاٌم دەم و چاوی هیٚشتا هیٚمن و ئاشکرابوو لەشی منیش باش تیٚك شکا بوو ، خەلٌکی باکوری ( ئەمالفی ) ئیٚمە یان گرتبووەوە ئەوانیش، ئەم شتەیان لا سەیر نەبوو ، چونکە ماسی گربوون ، دوو چاری کارەساتی وا هاتبوون ، ئەو کەسانەی ژیانیان پڕ مەترسی یە ، هەمیشە بەبەزەیین .

( ئەو هەستەی بەرامبەر ، باوکم هەم بوو ، لەو کاتەوە تائیٚستا پاش (پەنجا ویەك) سالٌ وەکو ئەوسا دلٌی داگیر کردومو هەروەك خۆی ماوەتەوە ، بەلاٌم ناتوانم بە قسە دەری ببڕم) .

پیرەمیٚردەکە ، شەبقە ڕیشالٌ ڕیشالٌەکەی داکەندو سەبیلەکەی دەرهیٚناو بەدلٌنیایی یەوە ، ووتی :

– (جەنابی خۆشەویست ، ڕاستە چۆن لەمرۆڤ بڕوانی وا بەرە و رووت ئەبیٚتەوە ، گەر ئەتەویٚ چاکە لەگەلٌ خۆتو ئەوانیش دا بکەی بە بەزەیی یەوە لیٚیان بنواڕە ، ئەمەش زۆر ئاسانە وانی یە ؟)

گیٚژەلۆکەیەکی توند هەلٌی کرد ، تا ئەهاتن شەپۆلەکان بەرزو گەورە ئەبوونو بەسەر ڕۆخەکەدا بلاٌو ئەبوونەوە .

# — دادوەری کردنەکە —

ئەو رەشەبا شیّ دارەی کە لەخوارووی رۆژئاواوە ، هەڵی کردبوو ، مرۆڤی دەمارگیرو تورە و ترۆ ئەکرد ، دوو هاونیشتمانی (لیۆگی)و (جۆسیپ سیرۆتا) بە گژ یەك داچوون ، خەڵکە کە فریا نەکەوتنایە باش یەکتریان ئەکوتا ، کەس نەیئەزانی کە سوچی کامیانە و کیّیان لەپێشەوە دەستیەوە شاندووە . بەلاّم (لیۆگی)یان دی بوو ، شالاّوی بۆ (جۆسیپ) برد بوو ، چەند مستەکۆڵەیەکی مزری لەبناگویّی سرەواند بوو ، کە خەڵکەکە لیّکی جیا کردنەوە ، ئەیان پرسی : (ئەمە لەسەر چی بوو ؟)

( لیۆگی) ئاگری لیّ ئەباری ، قیژاندی :

– (ئەو گازلە ، قسەی بۆژنەکەم هەڵ بەستووە ، باپیّتان بڵیّ ، چی پیّ ووتووە ؟)

=جۆسیپ = ئەیویست خۆی لە (هەڵوێست = موقف)ەکە بدزێتەوە ، لەولاوە = میتا = هەڵی دایەو بەدەنگی بەرزووتی :

– (ئەڵیّ ، گوایە لەگەڵ ژنەکەی = لیۆگی =دا نوستووە)

ورتە ورتێك کەوتە ناوخەڵکەکەوە :

– (ئۆو ، ئەمەیان گاڵتە نی یە ،=لیۆگی = هەرچەندە تۆ بێگانەی لەناو ئێمەدا ، بەلاّمژنەکەت لەسەر بێشکەوە ، لەناوئێمەداگۆش بووەو چاکی ئەناسین ، با ئێمە (دادوەری) تان بکەین) .

خەڵکەکە بەروکی = سیرۆتا = یانگرت :

– تۆ ئەمەت ووتووە ؟

– بەڵیّ ووتوومە .

–جاراستە ؟

– کەس درۆی لەمن بیستووە ؟

زۆریان پیّ سەیر بوو ، سیرۆتـا – خاوەن ژنو ماڵەو دانیشتوویەکی چاكو دێرین بوو ، لیۆگی چووە ماڵەوە ، بە (کونسیتا)ی ژنی ووت :–

– گەر ، نەیسەلمێنی ئەو چەپەڵە درۆئەکات ، تازە دانولەمان پێکەوە ناکوڵێ ژنەکە گریا ، هیچ سودی نەبوو چونکە گریان پیشەی بێدەستەڵاتانە .

لیۆگی ، ئەمی لەگەڵ منداڵێکی شیرە خۆرەدا بەجێ هێشتو سەری خۆی هەڵگرت ، ژنانی ناوچەکە کەوتنە ناوەوە ، یەکێکیان (کاترینا)ی سەوزە فرۆش بوو ، وەکو رێوی فێڵباز بوو ، زۆربەی تەمەنی بەگەرانی (تیاترۆ = ملهی) ، بە سەربرد بوو ، بەخەڵکەکەی ووت :–

– (بەرێزان ، من = کونسیتا = ئەبەمە ماڵی خۆم ، تاراستی کارەساتەکە دەرئەکەوێ)

پاش کەمێ ، (کاترینا) لەگەڵ پیرەژنێکی زۆرانی ئاردو ئاوکەر دا ، کەناوی (لوشیا)بوو ، چوونە وێزەی (جیۆسیپ) ، پاش ئەوەی بانگیان کردە ماڵەوە یان :

– چەند جار لەگەڵ =کۆنسیتا = نوستوی ؟

(جیۆسیپ)ەقەڵەو کەمێ داماو گوتی : – یەك جار

لوشیا = وەك لەبەرخۆیەوە قسە بکات ، ووتی :–

– ئێوارەبوو ، شەوبوو یان بەیانی بوو ؟

جیۆسیپ ، بێ راراپی ئێوارەی هەڵبژارد

– روناکی مابوو ؟

– بەڵێ .

– لەشیت بینی ؟

– بێ گومان بینیم .

– باشە ، باسێکی لەشیان بۆبکە .

ئەم پرسیارە گرۆڵەی خستە لێژی ، دەمی دا چەقاندو بە بۆڵە بۆلیکەوە ووتی :

– مەبەستت لەم قسانە چی‌یە ؟ خۆ من وەك = دکتۆر = نەم پشکنیوە

لوشیا –ووتی :– چۆن خۆتێبینی شوێنێکیت هەر کردووە ؟

– زۆر بە پەلەبوو ، سوێند ئەخۆم ، تێبینی هیچ شوێنێکیم نەکرد کاترینا قیژاندی :– ئەمە بەڵگەی ئەوەیە ، هەرگیز لەگەڵیا نەنوستوی .

بەقسەو پرسیار ، تۆرێکی وایان بۆ نایەوە ، کە نەتوانێ لێی رزگار بێ . لەکۆتاییدا ناچاربوو دان بەراستی‌یەکەدا بنێ :–

– هیچی وا روی نەداوە ، من خۆم ئەم قسەیەم هەڵبەست .

پیرەژنەکان ئەمەیان پی ّسەیر نەبوو ، دەریان کردو پی ّیان ووت :

– هەر ئەمان زانی درۆ ئەکەی .

(دژوار = مشکلة)ەکەیان روو بەرووی خەڵکەکە کردەوە ، بۆ سبەینیّ یەکیەتی کرێکاران کۆبوونەوەو (ژنە قسە بۆ هەڵبەستراوەکەو جیۆسیپ)یان لەبەردەمیان دا راگرت ، (بلاك سمیث) ، بەووتەیەکی جوان دانیشتنەکەی دەست پی ّکرد : ( هاوریّیان ، ئەی خەڵکە بە ئابروە کە .

گەر ئێمە کرا بین بە سەرپشك لەم (دادوەری کردن = محاکمة)ەدا ، ئەبیّ بە دڵسۆزی‌یەوە ، بیگرینە ئەستۆ ، ئەم کابرایە قسەی بۆ ئافرەتیّ هەڵ بەستووەو لکەداری کردووە ، بەمە خێزانێکی تێك داوەو هاوریّیەکی (ئەتك =اهانة) کردوین ، جگە لەوەی ژنەکەی خۆی خستۆتە خانەگومانیو (جارکێشان = غیرة)ەوە ، لەبەر ئەمە ئەبیّ بەتوندوتیژی سزای بدەین ، ئێوە بڵێن ، ئەبیّ چی لی ّبکەین ؟)

شەستو حەوت دەنگ ، لەسەر ئەوە رێك‌کەوتن کە : (لە کۆمەڵەکە مان دەری بکەین) . پازدەکەس ، ئەمەیان بەسزایەکی زۆر توندو تیژ ئەزانی ، پێشنیاریان کرد کە : (ئێمە بەم بریارەمان ، چارەنوسی ئادەمیزادیّ دیاری ئەکەین ، کە خاوەنی ژنو سیّ منداڵە ، بەرەنجی خۆی مالۆچکەیەکی بۆخۆی پێکەوە ناوە ، لەدێرەوە لەناومان‌دا ئەژی ، ئەگەر ئەوتاوانی کردبیّ ، تاوانی ژنو منداڵەکانی چی‌یە ، بەرەلاّ بن‌و سەری یان لیّ بشێویّ) .

جیۆسیپ ، رەش داگیر سابوو ، بەتەنیا لە سوچێکەوە لە سەرکورسی یەك دانیشتبوو شەبقەکەی بەدەستەوە بوو ، کەلی ّیان پرسی ، کە ئەویش بەرگری خۆی بکات ، بە گرانی هەستایە سەرپیّ وگوتی :–

– (هەمووکەس هەڵە ئەکات ، داوای بەزەیی‌تان لی ّئەکەم ، لەم خاکە دوورم مەخەنەوە ، کە باوباپیرانمی تیا نێژراوە و خۆشم (سی ساڵە) تێیدا ئەژیم) ئافرەتان لەگەڵ ئەوەدا نەبوون دەربکریّ ، لەپاشا = فاسکا= ئەم پێشنیارەی کرد : (هاوریّیان ، من لەو باوەرە دام ، باشترین سزا ، ئەوەیە ، کە یارمەتی ژنو منداڵەکەی (لیۆگی)بدات ، نیوەی دەستکەوتی جارانی لیۆگی = یان بداتیّ)

زۆر پێشنیار کرا ، بەلاّم لەدوایی‌دا هەر ئەم پێشنیارەیان هەڵبژارد ، (جیۆسیپ)وای ئەزانی زۆر بەئاسانی رزگاری بووە .

ئێمە خەڵکێکی ساکارین و ساکاریش لەژیان ئەروانین ، حەز ناکەین ، دژوارەکانمان لەڕۆژنامەکاندا وا بنوسرێتەوە ، هێندەی پەنجەکانی دەست لەووشەکانی بگەین ، وە حەزیش ناکەین بێگانەیەك دادوەریمان بکات ، کەوەك =کێویلە= لێمان بروانێ و خۆی بە هەڵۆی پیاوی دەوڵەمەند بزانێ ، ئەنجامدا بڕیار درا :

– (جیۆسیپ = یارمەتی ژنو منداڵەکەی = لیۆگی = بدات)

بەڵام دژوارەکە لێرەدا کۆتایی نەهات ، کاتێ = لیۆگی = بۆی دەرکەوت کە ژنەکەی = بێ تاوان =ەو = سیرۆتا= ئەوەی بەدرۆ بۆ هەڵبەستبوو ، وەبڕیارەکەی ئێمەشی پێ گەیشتبوو ، نامەیەکی بۆ ژنەکەی نارد کە بچێ بۆلای ، نوسیبووی :–

–(یەك (عانە) [1] ، لەو پیاوە وەرمەگرە ، چیت لێوەرگرتووە فڕێی دەرەوە بەسەرو چاویدا ، ئەو هەڵەیەی منیش بەرامبەر تۆکردم ئەنجامی درۆی ئەو ناپیاوە بوو ، وەرە بۆلام ، ژیانێکی بەختیار پێك ئەهێنینەوە) .

نامەیەکیشی بۆ = سیرۆتا = نووسی :

– (سێ برام هەیە ، بڕیارمان داوە وەك (ئاژەڵ بت تۆپێنین گەر ئەو ناوچەیە بەجێ نەهێڵی ، کە ئاگادارم کردیتەوە بچۆ بۆ (سۆرنیتۆ ، کاستیلا ، تۆر) بۆ هەرکوێیە ئەچی بچۆ ، خێزانەکەم پێویستی بە پارەی تۆ نی‌یە ، بەرازەکەشم مووشەی نانی تۆناکات) .

بە =سیرۆتا=یان ووت نامەکە پیشانی دادوەرەکەمان بدات ، بەڵام ئەو هێندە دەبەنگ نەبوو ، کاری وابکا چونکە ئەیزانی دادوەرەکە ئەڵێ :

– (ئێمە ئەتوانین (لیۆگی) بخەینە بەندیخانەوە ، بەڵام براکانی دێنو ئەت کوژن ، دان بەخۆتدا بگرە تا ڕقو کینەکەیان دائەمرکێتەوە . چونکە ڕقو قینە وەکو خۆشەویستی زۆر نامێنێتەوە) .

ئێمەی کرێکار ، خەڵکێکی ساکارین ، ڕێبازی ژیانو بیروتێنوارینی خۆمان هەیە ، چۆن بەباشی بزانینو چۆنمان ویست وا ئەژین .

هەموو کرێکارێ بەسۆشیالیستی لەدایك ئەبێ ، هەرچەندە پەرتوك ناخوێنینەوە ، بەڵام هەستی بۆن کردنمان بەهێزە بۆ ناسینەوەی ئارەقی ناوچەوانی کرێکار .

---

(١) – عانە : بەرامبەر = سێنتیمۆ = دانراوە کە پارەیەکی ئیتالی‌یەو لەدەوروبەری (٥) فلس دایە .

# جیۆڤانی چۆن بووبە سۆشیالیستی ؟

لەنزیك دەرگای رەزێکی کۆندا ، (ڤینسینزۆ)ی بۆیەچی و (جیۆڤانی) میکانیکی دانیشتبوون ، مێزێکیان لەناو گوڵی ژێر سێبەری کەپرێکدا دانا بوو ، دۆلکەیە خواردنەوەی لەسەربوو . بۆیەچی یە کەلاوازو بچوك بوو سەری باریك و درێژ ، چاوی رەش و قژی سوروپێستی تاریك بوو . زەردەخەنەیەکی مندالانەی بەسەرلێوەوە بوو ، قەڵبەیەك بەلای دەمی یەوە بوو ، زنجیرێکی بەدەستەوە بوو ، زنجیرەکەی نابەلێوی یەوە ، ووتی :(لەوانەیە ، بەلام من نازانم)

جیۆڤانی ووتی :(بەلێ ، خەڵکی ئەو باکورە ، زۆر خۆگرن) .

جیۆڤانی ناوشان پان و سەر زل و قژرەش بوو ، چاوی لەچاوە گا ئەچوو ، پەنجە گەورەی دەستە چەپی نەبوو ، قومێکی درێژی لە پەرداخەکەی دەستی داو گوتی :

(کارخانەکانی = میلان و تورین = مرۆڤی ژیرو نوێی تێدا گۆش ئەکرێ)

بۆیەچی یە کە ووتی (بەلێ)و پەرداخەکەی دایە بەرتیشکی خۆرەکەو ، کەوتە گۆرانی ووتن :

– ئای زەوی لەبەیانیاندا چەند گەرمە

بەلام موخابن ، ئێمە ئەمرین و گەرمی یە کارامەکەمان نامێنێ .

– (تۆ تا ئەو پەڕی باکور چوویت ؟ ، روسی و ئەڵمانی و فەرەنسی یەکان ئازان ، وەکو ئێمە نین)

– (بەلێ)

– (ئەو خەڵکە ، لەوپەری چەرمەسەریشدا ، هەر سەرکێشیان ئەکردو کاری مەزنیان ئەکرد ، هەموو رۆژهەلات بەهۆی ئەوانەوە ژیانەوە)

– (خاکی پاڵەوانانە ، چەندە حەزم ئەکرد ، لەوێ بژیمایە)

جیۆڤانی بەلادەستی ئەی دا بە ئەژنۆی دا ، هاواری کرد : (تۆ ، تەنیا بەیەك هەفتە ئەبوویت بە شەختەیەك سەهۆل)

دەستیان کرد بە پێکەنین ،– (کوری باش ڤینسینزۆ ، گوێم بۆ رادێرە بابۆت ،

بگێڕمەوە ، چۆن بووم بە سۆشیالیستی ، تۆش بیکە بە چامەیە هۆنراوە ، لەمەوپێش بۆم گیراویتەوە ؟)

– (نەخێر ، تۆکەی باسی خۆت ئەکەی ؟)

– (بەروو تو قوتیو گەوجی وەکو تۆو هەموو مرۆڤێکی دیکە لەدایك بووم ، تەنیا خەونم لە گەنجیدا ئەوەبوو ژنێکی دەوڵەمەند بهێنم ، کەچووم بۆ سەربازی ، زۆرم هەوڵدا ببمە (ئەفسەر = ضابط) بۆیەچییەکە ئانیشکی دادایە ، سەرمێزەکەو سەیری دارکاژەکانی بانگردەکەی کرد ،

– (یەکە=وحدة=کەیان ڕەوانەی = بۆلۆنگا = کردین ، چونکە گوندنشینەکان ، کەوتبوونە ئاژاوە نانەوەو لەکاربەدەستان یاخی ئەبوون ، لەوێ زۆر قارس بووبووم ، سەرباری گەرما ، هەرشەوەی لەشوێنێ ئێشکیان پێئەگرتین چەند قومێکی بچوك بچوکی لەخواردنەوەکە دا): (گوندنشینەکان وەکو ڕانە مەڕ ، بەبێ دەنگی ئەیان دا بەسەر کێڵگەکاندا ، بەقۆناغە تفەنگ ، بلاوەمان پێئەکردن ، بەبێ ترس ، بلاوەیان لێئەکردو هێدی هێدی کۆئەبوونەوە ، تا ئەهات هێزی یان لەزۆر بوون دابوو .

(لۆتۆ)ی سەرکردەمان ، خەڵکی گوندەکانی (ئەبرۆزی) بوو ، چەند جوانکەبوو ، هێندەش بەدینو لەڕو ڕەنگ هەڵبزرکاوبوو ، ئەیووت : (گوندنشینە سەربەرازەکان ، سەربەهەموو جێیەکدا ئەکەن ، بەچاوی پڕلەقینەوە سەیرمان ئەکەن ، ناچارمان ئەکەن چەکەکانمان بەکار بهێنین بەمەش بارەکە زێتر ئەشێوێ) .

بۆیەچییەکە ، پەرداخێکی بۆ =جیۆڤانی= ڕاگرت و (فەرمو)ی لێکرد ، میکانیکییەکە هاواری کرد ، (سوپاس) ، خواردنەوەکەی هەڵقوڕاندو دەستی بە سمێڵییا هێناو قسەکەی تەواوکرد

– (ڕۆژێکیان لەنزیك باخێکی دارزەیتوونەوە ئێشکچی بووم ، دووگوندنشینم لەبناریگر دەکەدا دی ، پیرولاوێ بوون ، سەنگەریان لێئەدا ، خۆرەتاوێکی گەرمی هەبوو ، سەری کەچەڵی ئەسوتاند ، لەرۆژیوادا مرۆڤ لەتینوێتیدا ، خۆزگە بەماسی ئەخوازێ ، سەیرم ئەکردن ، دۆڵکەیەك (مەی)یان دەرهێنا ، بەخۆم ووت (خوابتباتەوە) ، منیاننەدیبوو ، هەر کە پیرەکەیان بینیمی ، قسەیەکی بۆلاوەکەکرد ئەویش سەری لە قاندو بەدۆڵکەکەوە هات بۆلام ، بەنەرمییەوە ووتی (باوکم ، ئەڵێ : نەوەك تینووت بێ ، ئەم خواردنەوەیەی بۆناردی) ، هەرچەندە ئەبووایە وەرم نەگرتبایە ،

بەسەر لەقاند سوپاسی پیرەکەم کرد ، لاوەکەووتی ( جەناب ، بخۆرەوە ئێمە وەك مرۆڤی نەوەك سەربازێ سەیرت ئەکەین) ، بەخۆمم ووت – (دەبخۆرەوە ، خۆ جیهان سەرەوژێرنابێ) ، قومێکم هەڵداو سوپاسم کردن ، لاوەکە چووە خوارەوە دەستیان کرد بەنان خواردن ،(هۆگو)ی خەڵکی (سالیرنۆ) هات ، جێگەکەم بگرێتەوە ، پێم ووت کە خۆی لەو دوو گوندنشینە نەگەیەنێ چونکە مرۆڤی چاکن‌و زیانیان نی‌یە .

ئێوارەیەکیان لەدەرگای (گەراج)ێکدا ئێشکچی بووم ، چەند خشتێکیان لەودیو دیوارەکەوە تێ گرتم ، یەکێکیان بەرسەرم کەوت ئازاری زۆر نەدام ، بەلام خشتێکی کەیان دا بە شانی چەپمدا ، شانم داکەوت)

جیۆڤانی ، دەستی کرد بەپێکەنین ، چاوی هەڵگلۆفت ، هەر بەپێکەنینەوە ، ووتی :

– (ئەو رۆژانە لەم شوێنانەدا ، لە ناخڵەفا دارێك یان بەردێکیان تێ ئەسرەوانین ، بەراستی (زەندەق)مان چووبوو) .

نیگایەکی غەمگین لە چاوی بۆیەچی‌یەکەدا ، ئەخوێنرایەوە ، بەنەرمی‌یەوە ، ووتی :

– (باسی ئەم شتانە ، گیانم ئازارئەدەن)

– (سەرت نەیە شێنم ، لە ماڵێکەوە هاواریان بۆهێنام ،کەچووم سەیرئەکەم یەکێ لەبرادەرەکانم لەوێ کەوتبوو ، دەم‌و چاوی هەر خوێن بوو ، کەلێم پرسی چۆن وای لێ هاتووە ، بەزەردەخەنەیەکەوە پێ‌ی ووتم – (پیرەژنێکی گوندنشین پەلاماری دام)

– (پیرەژنەکە گیراوە ؟)

– (نەخێر ، من لە ئازاردا کەوتم ، بەلام چۆن بەسەرکردە بڵێم ، پیرەژنێ برینداری کردوم ، چۆن باوەرم پێ دەکات چەند ژیانێکی چەرمەسەری‌یە ، ئێستا ئەزانم ، گوندنشینەکان بۆچی رقیان لێمانە) .

( لە نەخۆشخانە ، پزیشکێك‌و دووخانم هاتن سەریان لێداین ، خانمێکیانم لەیاد نەماوە بەلام ئەوی‌کەیان ، زۆر جوان بوو ، بسکی هەنگوینی و خرو خەپان بوو ، لام وایە خەڵکی (ڤینیسیا) بوو ، سەیری شانیان کردم‌و بەستیان‌و لێیان دارۆیشتن) .

جیۆڤانی ، بێ دەنگ بوو ، داما ، هاوری‌کەی پەرداخەکانی پر کردەوە :–

– (لەگەڵ برادەرەکەمدا لە پەنجەرەیەکی ژوری نەخۆش خانەکەدا ، دانیشتبووین) بە داماوی‌یەوە لەسەری رۆیشت (بەناو باغچەکەدا پیاسەیان ئەکردو بەفەرەنسی ئەدوان ،

باش لیّیان تیّئەگەیشتم گویّم لیّ بوو ، خانمە جوانەکە ووتی : (سەیری ئەوچاوانەیت کرد ، دڵنیام ئەمیش لە گوندنیشینەکانە ، دەوەرە شەق مەبە ، ئەم مرۆڤانە گەر دەست بەسەر جیهان‌دا بگرن وهەموو شتیّ بگۆڕن ، ئەوسا ئیّمە دەربکەن ، چی ئەقەومیّ ! ئەمە هەمووی لە پیّناوی کەمیّ یەکسانی‌دا) ، پزیشکەکە پیّی ووت – (گشتیان گیّل‌و گەوجن ، نیوەیان منداڵن‌و نیوەکەی کەیان ئاژەڵن)

– (ڕاست ئەکەی ئاژەڵن ، بەڵام سەریان دای لەبەرد وەکو منداڵ وابن)

– (خەوو بەیەکسانی نیّوان هەموو مرۆڤەوە ئەبینن)

خانمەکە ووتی : (دەوەرە شەق مەبە من‌و ئەو چاوە گایە یەکسان بین ، ئیّمە وەکو ئەو خەڵکە هەڕەمەکی‌یە بژین ، ئەتوانی هەر بە یەکیان بەکوشت بدەی‌و لە ناویان ببەی) بەگەرمی‌یەوە ، زۆر قسەی کرد ، گویّم لیّ ڕادیّرابوو ، لەوە وپیّش وام ئەزانی هەموو مرۆڤیّکی چینە بەرزەکان زیرەکن ، لە هاوڕیّکەم پرسی ئایا لە قسەکانیان ئەگات ، بەڵام فەرەنسی نەئەزانی ، کە پیّم ووت ، چی‌یان ووتووە ، زۆر پەست بوو ، هەر ئەم سەرو ئەوسەری ژوورەکەی ئەکرد ، ووتی : (کەواتە ، ئیشیشم پیّ ئەکەن و بەئادەمیزادیشم نازانن من لە پیّناوی ئەودا دڵەڕاوکیّی سەربازی بە سەر ئەبەم ئەویش ئابڕووم ئەخاتە ژیّر پیّلاوەکانی‌یەوە وبەئاژەڵم ئەزانیّ ، من لە پیّناوی پاراستنی ئەودا گیانم خستۆتە سەر لەپی دەستم ، کەچی بە مرۆڤم نازانیّ) .

ئەو ئەتك کردنە ، زۆر کاری تیّ کردین ، بۆ بەیانی بیّ شاردنەوە باسی ئەو فسانەمان ئەکرد ، (لۆتۆ)ی سەر کردەمان ئامۆژگاری ئەکردین : ( ڕۆڵەکانم ، لەبیرتان نەچیّ ئیّوە سەربازن و ڕژیّم و یاسا هەیە) ، پیّمان ووت (لەیاد مان نەچووە بەڵام لەم ڕۆ بە دواوە ، کویّرولاڵ ئەبین ، گوندنشینە کانیش چی ئەکەن بابیکەن) ، بەڵیّ گوندنشینەکان بردیانەوە ، هۆگری یەك بووین ، ئەو خانمە زمان دریّژەیان فیّرکرد چۆن لەگەڵ مرۆڤی بە ئابڕودا قسەبکات ، کاتیّ لەو شویّنە گویّزراینەوە گوڵمان لەگەڵ یەك‌دا بۆ یادگار گۆڕی‌یەوە ، کاتیّ شەمەندەفەرەکەمان کەوتە ڕیّ ، گوڵ بارانیان کردین ، بەڵیّ لە جیاتی ئەوەی بەرد و خشتمان تیّ بگرن ، گوڵیان تیّ گرتین .

جیۆڤانی بە پیّکەنینەوە ووتی : (ڤینسینزۆ ، بیکە بە هۆنراوە)

بە بزەیەکی سەر قاڵی‌یەوە ووتی : (بەڵیّ ئەیکەم ، بابەتیّکی لەبارە بۆ هۆنراوە ، کە مرۆڤ تەمەنی لە (بیست و پیّنج) ساڵان تیّ ئەپەڕیّ ، ئیدی بە ئاسانی هۆنراوەی دڵداری

بۆ نایە)

جیۆڤانی بۆڵە بۆڵێکی کرد :( ئەم خۆرە چاك تەمبەڵی کردوین)

ڤینسینزۆ ، ناوچەوانی کرژ کردو گوتی :-( لەمەولا هۆنراوەی دلداری نانوسمەوە ، زۆر دڵم تەنگە)

– (مەبەستت چی یە ؟)

پاش دامانێ ، بۆیەچی یەکە بە دەنگێکی نزم ، دەستی کرد بەگۆرانی ووتن

هەتاوی پایزە دێرەکە ، ماڵ ئاوایی

لە گاشە بەردیدا خوراوی رۆخە چۆڵ کراوە ئەکات

شەپۆلەکان بەگژ کەندە لانەکاندا

ئەچن و تیشکی خۆرەکە ئەشۆنەوە

گەلا زلەکان بە بای خەزان هەڵئەوەرین

کەفی خێزاوەکە لە زەرنەقوتەی بێ پەڕ ئەچێ

ئاسمان بە غەمبارییەوە لەدەریا پەستەکە

ئەروانێ ، تەنیا خۆر پێ ئەکەنێ ، ئەویش ماڵ ئاوایی ئەکات .

پشویەکی درێژیان دا ، بۆیەچی یەکە سەری شۆڕ کردەوە ، سەیری زەوی یەکەی ئەکرد ، جیۆڤانی بەشادییەوە ووتی :

– (شت زۆرە مرۆڤ لەبارەیەوە بنوسێ ، بەلام چاکترینیان سرودی مرۆڤی چاکە لەبارەی مرۆڤەوە بنوسرێتەوە) .

# خوشك و برايەك

گورزە تيشكە ئاڵتونى يەكانى خۆرەكە لەنێوان كەپرە مێوە تێرەكانەوە ، ئەكەوتنە سەر گوێسوانەى ميوانخانەكە و بەهەوا كەدا پەرت و بڵاو ئەبوونەوە ، هێشسووە ترىَ‌ى بەر هەتاوەكە وەك مروارى ئەدرەوشانەوە ، چەفتەيەكى قەراغ چنراو ، لە نێوان مێزەكاندا داخرابوو ، خانمێكى تابڵىَ‌ى جوانى لە سەر پاڵ كەوتبوو . هێمنى باڵى كێشا بوو بەسەر هەموو شتێكدا ، تەنيا جريوە و خوێندنى باڵندان و زيكەزيكى هەنگى بان گوڵان و دەنگى بالۆرەى ناو رەزى بان گردەكە ئەهاتنە گوێ ، ئەم بالۆرەيەى زێتر لەوێرە وێرى نوێژ ئەچوو ،ژنو پياوێك ئەيان ووت و بۆيەكيان ئەسەندەوە .

خانمێك هێدى هێدى لە پێ پليكانەى باغچەكەوە دائەبەزىَ ، پيرەژنێكى باڵا بەرز و دەم وچاو مۆن بوو ، لووتى چەماوە و بالۆكەيەكى گەورەى بەچەنەوە بوو ، چاوى هێندە بەقووتا چوو بوو ، ئەتگوت كوێرە ، پيرەمێردێكى پشت كۆم لە پشتى‌يەوە رىَ‌ى ئەكرد ، شەبقەيەكى خۆڵەمێشى لەسەردا بوو ، سەرى زل و كاڵايەكى سپى لەبەردا بوو جوونىَ جزمەى سپى لە پىَ كردبوو ، دەستى خستبووە گيرفانى بەروانكە كەيەوە ، ئەمەواى لىَ كرد بوو ، قەبەدەركەوىَ ، چەند موويەكى تەڵخ لەسەر لچى دەرهاتبوون ، لەگەڵ هەناسە دانا ، لوتى فش ئەبووەوە ، چاوى گەورە و لاقى كورت بوو ، لە كاتى رۆيشتندا بە تەواوى ئەچەمايەوە ، ئەنگوستيلەيەكى گەورەى ئاڵتونى كردبووە قامكى براتوتەى دەستە چەپى ، مەداليايەكى گەورەى زێرى لەملدا بوو . پيرەمێردێكى بچوكى دەم وچاو خڕ لە سەر ڕێڕەوەكەى ئەمانى پيا ئەڕۆيشتن لە پشتيانەوە ئەڕۆيشت ، چاوەكانى بە بريقەبوون ، بەزەيى لەدەم و چاوىدا ئەخوێنرايەوە .

كاروانێكى پێكەنيناوى يانپێك هێنابوو ، بەرەو دەرگاى ميوانخانەكە ڕىَ‌يان ئەكرد خانمەكەيان بەرگێكى درێژى ئاوريشمى لەبەردا بوو ، ئاڵتون ڕازاند بوويەوە ، ئێسقانى سەر شانى دەرپەرى بوون ، تفەنگێكى سورى قۆناغ درێژى بەدەستەوە بوو ،

بەدەستەکەی دیکەی هەگبەیەکی دەستی قەیفەی ڕەشی هەڵگرتبوو ، بەڕەوتێکی سەربازانە بەخۆرەتاوە کەدا ئەڕۆیشت ، ئەم مرۆڤانە هێندە غەمبارو نامۆبوون ، ئاهی ئەوان جیهانی هەڵ بزرکاندبوو ، خانمەکە و پیرەمێردە پشت کۆمەکە منداڵی گەوهەر سازێکی گەورەی هۆڵندی بوون ، گەریەکێ باوەڕ بەوە بکات لەبارەیانەوە ئەگێڕ درێتەوە ، سەرگوروشتەیەکی هێجگار سەیریان لیٚ ئەگێڕنەوە .

پشت کۆمەکە بەمنداڵی هێمن و بلیمەت و شەرمن بوو ، حەزی بەیاری کردن نەئەکرد باوكو دایکی ئەمەیان بە نائاسایی دائەنا ، خوشکەکەی کەچوار ساڵ لەم گەورەتر بوو کاتی خۆی بۆتەرخان ئەکرد و کەل و پەلی یاری بۆئەهێنا ، ئەمیش هەڵی ئەچنین و قولەی پیٚ دروست ئەکردن و بەدیاری‌یەوە دائەما ، ئەمە خوشکەکەی پەست ئەکردو قاچی لیٚ ئەدا بەزەوی دا وەبەسەریا ئەقریشکان :-

– (ماندوو نەبووی ، تێرت لەوانە نەخوارد ؟ !)

مستە کۆڵەی لیٚ ئەدا و نقورچی لیٚ ئەگرت ، ئەویش ئەگریا و بە باسکە درێژەکانی خۆی ئەپاراست ، هەرگیز لە بەر دەستی ڕای نەئەکرد ، کاتیٚ فامی کردەوە ، خوشکەکەی پیٚی ووت

– (تۆ پشتت کۆمە ، گەر زیرەك و بلیمەت نەبی ، بابە و دایە و من و هەمووکەسیٚ شەرمەزار ئەکەی ، تەنانەت خزمەتچی‌یەکانیش ڕوویان نایە ، لەماڵێکدا کاربکەن منداڵێکی‌کەنەفتی تێدابی ، هەمووشتیٚ لەماڵی خواپێداوا یائەبیٚ جوان یان زیرەك بیٚ ، تیٚ گەیشتی)

سەرە زلەکەی ئەلەقاند و بەچاوە ئەبڵقە کانی‌یەوە ، وەڵامی دایەوە :-

– (بەڵیٚ)

دایك و باوکیان ئەمەیان پیٚ خۆش بوو کچە کەیان خۆی بەبراکەیەوە خەریك ئەکات ، بەرەبەرە بووە هاوڕیٚ یەکی نزیکی براکەی ، چیرۆکی = جندۆکان = و شازادەی بۆئەخوێندەوە ، ئەم بەسەر هاتانە بزەیان ئەخستە سەرلێوی ، ڕۆژێکیان لە خوشکەکەی پرسی :

– شازادەی پشت کۆم هەیە ؟

– نەخێر .

– ئەی سوارچاکی پشت کۆم هەیە ؟

– بێ گومان نی‌یە

ئاهێکی هەڵ ئەکێشا ، خوشکەکەی دەستی بەقژە لولەکەی دا ئەهێنا و ئەی‌ووت :-

– بەڵام جادوگەری بلیمەت هەیە .

بە پەرۆشەوە ، گووتی :

–کەواتە ئەتوانم بم بە جادوگەر ؟

دوای پشوویەك بیرکردنەوە ، ووتی :

–هەمیشە جندۆکە جوانە ، وانی‌یە ؟

– راستە ، هەمیشە جوانە .

– وەکو تۆ جوانە .

بە شەرمەوە ، ئەی‌ووت :

– لاموایە زۆر لەمن جوانترن

کاتێ بوو بە هەشت ساڵان ، خوشکەکەی سەرەنجی ئەوەی ئەدا ، کە لەگەڵ خۆی ئەیبردە دەرەوە ، کورەکە بە بینینی خانوو دروست کردن ئەگەشایەوە و بەسەر سورمانەوە سەیری ئیش کەرانی ئەکرد و ئاورێکی لە خوشکەکەی ئەدایەوە و بەچاوێکی پڕ پرسیارەوە تەماشای ئەکرد . خوشکەکەی لێی پرسی :

– حەز لەمانە ئەکەی ؟

وەڵامی دەدایەوە :

–بەڵێ .

– بۆچی ؟

– نازانم

رۆژێکیان بە خوشکەکەی ووت :

– خانووی هەموو شاران ، ئەم مرۆڤە بچوکانە ، بەو خشتە وردانە دروستی ئەکەن ؟

– بێ‌گومان

– خانووەکانی ئێمەش ؟

– ئەی چۆن ! ؟

چاوی بڕی‌یە براکەی و بەنەرمی‌یەوە پێی ووت :

- که گەورەبووی ئەبیت بە ئەندازیارێکی خانوو دروست کردنی بەناوبانگ کۆمەڵە بلۆکێکی تەختەیان بۆ کڕی ، ئیدی چەند ڕۆژێ لەناو ژورەکەیدا پێ هەڵسان ، خۆی پێیانەوە خەریك ئەکرد و شتی پێ هەڵ ئەچنین کە بۆشیان ئەرووخاند ، هەر دروستی ئەکردەوە ، ئەوەندە خووی پێوەگرتبوو لەسەر نان‌خواردنیش هەوڵی ئەدا ، بەکەوچك و چەقۆو چنگاڵەکان شتێ دروست بکات .

کە بە شارەکەدا ، پیاسەی ئەکرد ، حەزی ئەکرد سێ چوار کاژێر بەدیار خانوو دروست کردنەوە ڕابووەستێ و، بەلوتەفشەکەی تۆزی خشتەکان هەڵ بمژێ وسەرەنجی ئەوەبدات چۆن هێدی هێدی لە زەوی‌یەوە ، بەرزی ئەکەنەوە بۆ حەوا . . . .

کە پێیان ئەووت :-

- شەرمە وا ڕائەوەستی و ئەبلەق ئەبی

واخۆی پیشان ئەدا ، گوێی لێ نەبووە ، کە خوشکەکەی دەستی ڕائەکێشاو ئەیووت (وەرە) ، ئیدی سەری شۆڕئەکردەوە و ملی ڕێی ئەگرت ، بەلام هەر ئاوڕی لە خانووەکان ئەدایەوە :

- (ئەبیتە ئەندازیاری خانوو دروست کردن ، وانی‌یە ؟)

- (بەڵێ)

ڕۆژێکیان پاش (فراڤین = نانی نیوەڕوان) لە ژوری نیگار کێشان ، بۆ قاوە خواردنەوە ، دانیشتبوون ، باوکە سەرەنجی ئەوەی دا ، کە کورەکەی سەرقاڵی خوێندنەوەیە ، خوشکەکەی ووتی :-

- (بابە ، ڕاست‌نی‌یە ، ناتەوێ بیخەیتە بەرخوێندن)

باوکیان ، پیاوێکی قەڵەوی ، تراش کردوو بوو ، کالاکەی یەك دوو لا لەوێچ گەوهەری پێوەبوو . .

- (بوچی ڕاست نی‌یە ؟)

- (خۆت باش ئەزانی بۆچی ؟)

لەم‌ساتەدا ، کە باسیان ئەکرد ، کورەکە ئەچووە دەرەوە ، گوێی لێ بوو ، خوشکەکەی ووتی :

- بەلام گشت کەسێ گاڵتەی پێ ئەکات ؟

دایکی وەك ڕەشەبا گرماندی :

- (ڕاستە . وایە)

خوشکەکەی بەسۆزەوە ، ووتی :

– (یەکێ وەك ئەوبێ و نەخرێتە بەر خوێندنیش ، ئەبێ لە خەڵکی بشاردرێتەوە)

پشت کۆمەکە لەدەرگاکەدا ، گەرایەوە ،ووتی :

– (راستە ، پشتم کۆمە ، بەلاّم گەلحۆنیم ، خۆت باش ئەمە ئەزانی)

باوکەکە ووتیّ :

– (ئەبێ هەوڵێکی بۆ بەین)

دایکی هەڵیدایە

– (کەس نالێ کە تۆ . . .)

خوشکەکەی تەوای کرد :

– (لە ماڵەوە بخوێنێ)

وای لە کورەکە کرد ، کە لەپاڵیا دابنیشێ :–

– (فێری هەموو شتێکت ئەکەن ، کە پێویستت پێ بێ بۆ ئەوەی ببیتە ئەندازیارێکی خانوو دروستکردن ، حەزت لێیەتی ؟)

– (بەڵێ ، ئەشبینی)

– (چی ئەبینم ؟)

– (کە حەزم لە چی یە ؟)

کیژەکە کەبووە پازدە ساڵان کەمێ لە براکەی درێژتر بوو ، بەلاّم لەبەر چاوی براکەیدا لە هەمووکەس بگرە لە دایك و باوکیشی درێژتر بوو ، کیژەکە ، کوڵەکەی هەڵگرتنی ماڵەکە بوو ، وەکو جندۆکەیەکی جوانکەلە ئەهاتە پێش چاوی براکەی . .

ئەوانەی ئەهاتن لەماڵەوە بە پشت کۆمەکە بخوێنن ، بە رەوشتو خود ساردبوون ، بە پەرۆشەوە باسی شتیان بۆ ئەکردو پرسیاریان لێ ئەکرد ، بەلاّم ئەم ئەیگوت گوایە لە مامۆستاکانی تێناگاو مەودای بیرکردنەوەی فراوان بووەوە ، هەندێجار پرسیاری سەیری ئەکرد :

– (ئەوکەسەی نەیەوێ کاربکات ، چی بەسەردێ ؟)

مامۆستاکەی وەکو قەشە ،یان سەرباز پاڵتۆیەکی ڕەشی لەبەردابوو تابینەقاقای داخستبوو ، وەلاّمی دایەوە :–

– زۆر سەیری بەسەرادێ ، بۆ نمونە لەوانەیە ببێ بەسۆشیالیستی) .

وەکو مرۆڤێکی پێگەیشتوو لەگەڵ مامۆستاکەیدا ڕەفتاری ئەکرد ، ووتی :

– (سوپاست ئەکەم ، بەڵام سۆشیالیستی چی‌یە ؟)

– (باشی‌یەکەی لەوەدایە ، لەزیندەخەونو ئەندێشەدا ئەژین ، سۆشیالیستی دەردێکە تووشی مێشکی مرۆڤ ئەبێ ، ئیدی ئەو مرۆڤە خوداوولاٚتو جوداگانە = میزە گانی‌مرۆڤ رەچاو ناکات)

مامۆستاکانی بەکورتی وەڵامیان ئەدایەوە ، ئەم وەڵامەش وەکو نەخشی بەرد لەمێشکی‌دا ئەنەخشا :

– (پیرەژن تووشی ئەم دەردە ئەبێ ؟)

– (بێ‌گومان تووش ئەبێ)

– (ئەی کیژۆڵە ؟)

– (بەڵێ ، ئەویش تووش‌ئەبێ ، ئەم سۆشیالیستی‌یە لەگەڵ مرۆڤ‌دا لە دایك ئەبێ)

مامۆستاکەی کەباسی ئەکرد ، ئەی ووت :

– (زۆر حەزی لە ماتماتیك = الریاضیات = نی‌یە ، بەڵام حەزی لە بابەتی ڕەوشتی‌یە)

کە خوشکەکەی ئەمەی لەبارەی براکەیەوە بیست ، پی‌ی ووت :–

– تۆ زۆر ئەڵی‌ی !

– ئەوان لە من پتر ئەڵێن .

– نوێژیش ناکەی !

– نوێژ ، پشت کۆمی‌یەکەم چا ناکاتەوە .

– کەواتە بیرت لەم شتانە ئەکردەوە .

بە گاڵتەوە ، قسەکەی تەواو کرد ،

– (ئەمجارە لێت ئەبورم)

دیسان ووتی :

– (تازووە ئەم بیروباوەرانە لەسەرت دەرکە ، گوێت لی‌یە ؟)

– (بەڵێ) .

کە بوو بە سیازدە ساڵ ، ئیدی زێتر گوێبەندی بۆ خوشکەکەی ئەنایەوە ، جارێکیان پاڵی بە خوشکەکەیەوە ناو ئازاری پی‌گەیاند ، ئەویش بە پەستی‌و ڕەنگ هەڵبزرکاوی نیشتەسەری و قیژاندی :

— (بۆ بەدەستی ئەنقەست ، پاڵت پێوەنام ؟)

کێشای بەدەم و چاوی‌دا ، لە بەرئەوەی لاوازبوو ، خۆی بۆ ڕانەگیراو کەوتە سەرزەوی‌یەکە ، بێ بەرگری و گریان ، بە نەرمی‌یەوە گوتی :—

— (چۆن قسەی وائەکەی ، تۆ منت خۆش ئەوێ ، وانی‌یە ، وانی‌یە ؟)

خوشکەکەی ڕایکردو دوورکەوتەوە ، هەر بەئازارەوە ئەتلایەوە ، تا لەپاشا هاتەوە ، داوای لێبوردنی لێبکات :

—(ئەمە یەکەمجار بوو ، وابکەیت)

بەهێمنی‌یەوە بەدەم شت کۆکردنەوەوە ، وەڵامی دایەوە :

— (لەمەوپێش وام نەکردووە)

ژوورەکەی بەسەریەکدا ترشاندبوو ، لێی پرسی :

— (ئەم هەموو خڵتەو پارچە تەختەیە چی‌یە ؟ ، کۆت‌کردۆتەوە ؟)

بە گومانو قێز لێ‌کردنەوەوە ، لە دەوروپشتی کچەکەی ڕووانی و گوتی :

— (ئەیبینی)

دەستی کرد بە دروست کردنی تەڵەی کەروێشك‌و خانووی سەگ ، لەپاشا خۆی خەریك کرد بە دروست کردنی تەڵەیەکی مشك گرتنەوە ، خوشکەکەی ئەمەی زۆرپێ خۆش بوو ، بە پەرۆشەوە بۆ دایك‌و باوکی ئەگێڕایەوە ، باوکی سەری پێ باش بوونی بۆ لەقاند ، ووتی :

— (هەموو شتێکی گەورە ، لە شتێکی بچوکەوە ، دەست پێ ئەکات)

دایکەکە کچەکەی لە ئامێز گرت‌و بە کورەکەی ووت :

— (ئەزانیت ئەبێ چەند سوپاس‌مەندی خوشکەکەت بی ؟)

پشت‌کۆمەکە هەڵی دایە :

—(بەڵێ)

کاتێ تەڵەی مشکەکەی تەواوکرد ، خوشکەکەی بانگ‌کردو کارەکەی پیشان‌دا :—

— ئەمەیان گاڵتەنی‌یە ، چەندساکارە ، هێندەش بەهێزە ، لەوانەیە پاداشتی داهێنانەکەم بدەنێ ، قامکت بخەرە ئێرەوە) .

کچەکە دەستی بۆ بردو شەقەیەك هات ، قریشکاندی ، پشت‌کۆمەکە ، کەوت

هەڵپەڕین و هاوار کردن :-

(ئۆ ، هەڵەت کرد ، هەڵەت کرد)

دایکیان بە ڕا کردن هات ، نۆکەرەکانیش بە دوایدا ، پەنجەکەیان لە تەڵەکە ڕزگار کرد ، بە بێ هۆشی‌یەوە ، هەڵیان گرت .

بۆ ئێوارە ، خوشکەکەی بانگی کردو پێی ووت

- (ئەمەت بۆ کرد ، بۆ ئەتەوێ پەنجەی دەستم بقرتێنی ؟)

سەری شۆڕکردەوە ، بەدەنگێکی نزم ، لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە :

- (هەرئەوەبوو ، بە هەڵەوە دەستت بۆ برد)

- (درۆ ئەکەی) .

- (بەڵام من بۆچی ئەمەوێ قامکت بقرتێنم ، خۆ ئەو دەستەت نەبوو کە پێی لێت‌دام ؟)

- (پێت ئەڵێم ، ناتوانی من لە خشتە بەری)

- (ئەزانم)

پەست بوو ، بەڵام دەرنەئەکەوت کە درۆ بکات ، ئیدی نە ئەچووە ژووری براکەی ، تاکو دەستەخوشکە (بزێو = عەجول)ەکانی هاتن‌و جوڵەیان خستە ماڵەکەیانەوە ، کیژەکان هاتنە ژورەکەی ، بەپارێزەوە تەوقەیان لەگەڵ ئەکردو قسەیان لەگەڵ ئەکرد ، بەڵام چێژیان لێ وەر ئەگرت ، ئەیزانی خوشکەکەی باسی ئەمی بۆ کردون‌و پێی ئەڵێن (داهێنەرەکە) ، خوشکەکەی پێی ئەووتن کە «زۆر نابا ، کارێکی وا ئەکا ، ناوی باوکیانی پێ بەرزبکاتەوە ، هەرچەند جوانکە نی‌یە بەڵام زۆر بلیمەتە» .

کە کچەکە بوو بە نوزدە ساڵان ، داخوازی کەری هات ، دایك‌و باوکیان بۆ گەشتێکی دەریایی چووبوون ، گەمی‌یەکەیان تێك‌شکاو خنکان ، کیژەکەش نیازی وابوو لەگەڵیان بڕوا ، بەڵام ددان ئێشە = دانێشە = لە ماڵەوەی هێشتبووەوە ، کاتێ دەنگ‌و باسی مەرگی دایك‌و باوکیان دایە ، دانێشەکەی لە بیرچووەوە ، بە دەم گریان‌و شیوەن کردنەوە ، بە ناو ژورەکەدا هاتووچۆی ئەکرد

- (نا ، هەرگیز نابێ)

پشت‌کۆمەکە لەدەرگای ژورەکەدا وەستابوو ، گوتی :

- (باوکم زۆر چاوکراوەبوو ، باوەڕ ناکەم مردبێ) .

– (بێدەنگ‌بە ، باسی مەکە ، تۆ کەست خۆش ناوێ).
کوڕەکە ووتی :
– (من زمانم لووس نی‌یە ، دەنا بە دڵ خەڵکم خۆش ئەوێ)لاشەی باوکی‌یان بۆ نە دۆزرایەوە ، دایکی پێش ئەوەی بگاتە ئاوەکە ، مردبوو ، لاشەی ئەمیان دۆزی‌یەوە ، لە ناو سندوقێك‌دا پاڵ‌خرابوو ، ئەتگوت زیندووە ، دوای ناشتنی دایکیان بە غەمباری‌یەوە بەبراکەی ووت :
– (وامن‌و تۆ تەنیا کەوتین)
باسی چاوە خوڵەمێشی‌یەکانی دایکی کرد ، لە پاشا ووتی :
– (چەرمەسەری یەکی باشمان توش بووە ، ئێمە شارەزایی‌مان نی‌یە لەوانەیە سامانەکەمان بە فیرۆ بچێ ، حەیفەکەم ناش‌بێ ئێستا شووبکەم)
پشت‌کۆمەکە هەڵی‌دایە :
– (ئۆو)
– (ئەوە ووتت چی ؟)
پاش پشوویەك بیرکردنەوە :
– (ئێمە تاك‌و تەنیاو بێ‌کەسین)
– (واقسەکەئەکەی ، ئەڵێی پێت خۆشە ، بێکەس کەوتووین)
– (هیچم پی‌خۆش نی‌یە)
– (تۆ زۆر مرۆڤیکی ڕەزاقورسی)
ئێوارە بوو ، دەستگیرانەکەی هات بۆ سەردانی ، پیاوێکی بچوکی رووخۆش بوو ، دەم‌و چاو خڕو سمێڵ پڕ بوو ، هەموو ئێوارەکە هەر پێ ئەکەنی ، کچەکەیان مارەبڕی ، خانوو یەکیان لە باشترین شەقامی شاردا ، بە دروست‌کردن‌دا ، پشت‌کۆمەکە ئەمەی نەدی‌بوو ، حەزیشی نەئەکرد باسی بکەن ، زاواکەی لە قەڵان دۆشکانی کردو بەدەم بزەیەکەوە ووتی :–
– (ئەبێ بێیت‌و خانووەکە ببینی ، باشە ، چی ئەڵێی ؟)
لە پێشەوە قایل نەبوو ، دوایی هەموو پێکەوە چوون بۆ سەیرکردنی ، دوو پیاوەکە سەرکەوتنە سەر پەیکەری خانووەکە ، کە گەیشتنە قەڵاپۆپەکەی ، کەوتنە خوارەوە زاواکە یەکسەر کەوتە سەرزەوی ، درکێکی گازەرای پشتی شکاو کەمێ لا پاڵی

هەڵدرا ، بەڵام براکەی بە شیشێکەوە گیرسایەوە ، کە بە بەرگەکەی‌دا چوو بوو ، ئیشکەرەکان دایانگرت تەنیا دەستوپیێی لەجێ چوو بوو ، کەمێ دەم‌و چاویشی بریندار بوو بوو ، کچەکە تووشی فێ لێ‌هاتن بوو ، لەسەر زەوی ئەکەوت‌و بە چڕنوك زەوی‌یەکەی هەڵئیەکەندو خۆڵەپەتانی پێ ئەکرد .

شیوەنی زۆرکرد ، لەڕو لاواز بوو ، بە براکەی ووت :

- (تۆ هۆی بەدبەختی منی)

پشت‌کۆمەکە ، ڕقەی نەکرد ، چاوی بڕی‌یە بەرپێی ، ئیدی کچەکە ڕەشی‌پۆشی‌و لوتی لە براکەی خوارکرد ، کە بە براکەی ئەگەیشت ، ددانی لێ ڕیچ ئەکردەوە ئەویش هەوڵی‌دا کەمتر چاوی بە خوشکەکەی بکەوێت .

بەم شێوەیە ژیان ، تا کوڕەکە گەورەبوو ، ئەوسا ژیلەمۆی ئاژاوەی نێوانیان سەری هەڵدایەوە ، ڕۆژێکیان بە توڕەیی‌یەوە بەخوشکەکەی ووت :

«نە جادوگەری بلیمەت هەیەو نە جندۆکەی چاك ، تەنیا ئەو مرۆڤانە هەن هەندێکیان باشەو ئەوانی‌کە گەوجن ، بەزەیی‌و بەزەیی هاتنەوەش شتێکە مەگەر هەر لەسەرگوروشتەی = جندۆکان =دا ببیسترێ ، لەبیرت‌ماوە چیت ئەووت ،

(هەموو شتێ لە ماڵی خواپێداوا یا ئەبێ جوان بێ یان زیرەك بێ) .

لە دەرەوەی شار پارچە زەوی‌یەکم کڕیوە ، خانوویەکی تێدا دروست ئەکەم بۆ خۆم‌و پەككەوتەکانی وەك خۆم ، لەم شارە دووریان ئەخەمەوە ، کە زۆرشتی تێدایە ئازاریان ئەدات ، لە ئەتك‌کردنی مرۆڤی وەك تۆ دووریان ئەخەمەوە)

کچەکە ووتی :

- نابێ ئەمەبکەی ، شێت بووی ؟

- تۆ وائەڵێی .

بەتوندو تیژی‌یەوە قسەیان ئەکرد ، پشت‌کۆمەکە ووتی :

- بڕیارێکەو داومە .

خوشکەکەی هەڵی‌دایە

- بەمنت نەووتووە

سەری بەرزکردەوەو لێیدا ڕۆیشت ، پاش‌کەمێ ، خوشکەکەی ڕاستی قسەکانی براکەی بۆ دەرکەوت ، پێی ووت :

— (تۆ هێشتا خۆت بە منداڵ ئەزانی ،! ئەمەیان یاری منداڵان نی‌یە)
وەڵامی نەدایەوە ،
هەموو هەفتەیەك ، بەسواری گالیسکەیەك کەخۆی لێی ئەخوری لەشار دوور ئەکەوتەوە ، ئەچوو بۆ ئەوشوێنەی براکەی خانووی تێدا دروست ئەکرد ، لەدوورەوە سەرەنجی ئەدان ، براکەی ئەبینی وەکو قرژانگ بەسەر پەیکەری خانووەکەدا ، بە گۆجانێکەوە سەرئەکەوتەسەرەوە .
لە ماڵەوە کورەکە پێی ووت :—
— لێت دووبارە ئەکەمەوە ، ئەم بیرە نایابەی من بەرژەوەندی ئێوەوئێمەشی تێدایە ئەبێتە هۆی ئەوەی وەك مرۆڤێکی بەختیار بژیم)
سەیرێکی لەشەناتەواوەکەی کردو گوتی :—
— (بەختیار ئەبی ؟)
— (بەڵێ ، ئەی نازانی ئەو مرۆڤانەی کارئەکەن ، بە تەواوی لە ئێمە جیاوازن ، بیری سەرسورهێنەریان پێوە ئەخولقێ ، چەند خۆشە ببیتە خانوو دروستکەرو لە شەقامی ئەو شارەدا پیاسە بکەی ، کە چەند خانوویەکت تێدا دروست کردەوە .
زۆر لە کرێکارەکان سۆشیالیستین ، مێشکیان ئاوەڵایە ، هەستێکی بەهێزیشیان هەیە بۆ پاراستنی ئابرووی خۆیان ، ئێمە زۆر کەم لەبارەی ئەم خەڵکەوە دەزانین) .
خوشکەکەی هەڵی دایە :
— قسەیەکی سەیرە
لەم رۆژەوە ، پشتکۆمەکە ، گەشایەوەو زۆری ئەووت :
— (ئەوی راستبێ ، تۆش ئاوات بە سەرەنجامان ئەخوازی ، ئەبمە جادوگەرێکی بلیمەتو شاری پەككەوتووان هەڵئەسورێنم ، گەر ویستت ئەتوانی ببیتە جندۆکەیەکی چاك لەلامان ، بۆچی وەڵامت نی‌یە) .
خوشکەکەی یاری بەزنجیری کاتژمێرەکە ئەکرد ، ووتی :
— (دوایی قسەی لێ ئەکەین)
رۆژێکیان بە شێواز = اسلوب =یکی زۆر تازە لەگەڵ خوشکەکەیدا ، دوا :
— (لەوانەیە منیش هێندەی تۆ وەبگرە زێتر هەڵەم کردبێ بەرامبەرت)
— (من هەڵەم بەرامبەرت کردووە ؟ !)

– (چاوەڕوانبە ، سوێندت بۆ ئەخۆم ، من مامە حەمەبی نازانم ، زۆر دووریشم لەوەی توانجم تیّبگری لەسەر ئەوەی ویستم لە تۆڵەی لێدانەکەتدا ، پەنجەی ئەو دەستەت بقرتێنم کە پیّی لێتدام)

کچەکە ووتی :

– وازبێنە ، ببیرەوە .

– ئەتوانین بۆیەك دڵنەرم بین ، چونکە دڵنەرمی خەون نییە ، بەڵکو شتێکە ئەتوانرێ بەدی بهێنرێ .

خانووە حوچەکەی دەری شار ، بە خێرایی بەرەوتەواوبوون ئەچوو ، رۆژێکیان کۆمەڵێ مووچەخۆری میری هاتنەسەری ، باش سەیریان کردو لە ناو خۆیاندا کردیان بە چپە ، بڕیاریاندا ، ئیشەکە بوەستێنن .

پشتکۆمەکە شالاویبردە سەر کچەکەو ، دەستی خستە بینەقاقای وقیژاندی .

– (ئەمە ئیشی تۆیە)

بەلام خەڵکەکە پیاگەیشتنو لیّیان دوور خستەوە ، کچەکە ووتی :

(خەڵکینە ، بینیتان کە مێشکی تەواونییە ، پێویستی بە چاودێریکردن هەیە ، باوکمی زۆر خۆش ئەویست ، پاش کۆچیدوایی ئەو ، تووشی ئەمە بوو) .

کاتیّ ئەمەی بیست ، شینبووەوە ، چاوی دەرپەڕیو توانای قسە کردنی نەما ، کەوتە چرنوك گرتن لەوانەیگرتبوویان ، کچەکە لەسەر قسەکەی رۆی ،

(ئەم خانووەمداوە بە شارەکەمان ، تا بیکەن بە خەستەخانەیەکی (دەروونی)و بەناوی باوکمەوە ناوی بنێن ، بەلام ئەو خەریكبوو لێمی زەوت بکات)

کورەکە قریشکەیەکی لێوە هاتو بیّهۆش بوو ، هەڵیان گرتو بردیان خوشکەکەی خانووەکەی تەواوکرد ، براکەشی وەك یەکەم نەخۆش ناردە ناوی . حەوت ساڵ مایەوە ، هێمنو گێلو گەوج بوو ، تووشی (میلانخۆلیا) بوو ، خوشکەکەشی پیر بوو ، ئومێدی بەوەنەما ، ببێتە دایك ، کەزانی براکەی سەرکێشییەکانی نەماوە ، براکەی هێنایەوە ژێرچاودێری خۆی ، بەم شێوەیە لەم سەرزەوییەدا ، وەکو باڵندەیەکی رەوکەر ، ئەملاو ئەولایان ئەکرد ، چاویان لە گشت شتیّ ئەبری بەلام تەنیا خۆیان ئەدی.

# ڕۆشنبیرەکان

جەرخی پاپۆرەکەبێ قرەو بێ ورتە لە ئاوە شینەکەدا ئەسوڕایەوە ، چارۆکەکەی بەرەوئاسمانەساوەکە ئەشەکایەوە ، لە سۆنەی ناو ئاوێکی مەنگ ئەچوو ، هێندە بە هێواشی ئاوەکەی ئەبڕی ، گەر یەکێ ئەو شەپۆلە سەوزانەی نەدیایە کە بەکەنارەکانیا هەلێ ئەبەزینەوەو ئەشکاوە ، وای ئەزانی ناجوڵێو لە شوێنی خۆی‌دا چەقیوە .

هێشتا نە خۆرە کە لە کەلەوە سەری کێشابوو نە دەریاکە بەتەواوەتی خەبەری بوو بووەوە ، تاکو بەباشی ڕیزە خانووە سپی‌یەکەی ڕۆخەکەی ببینێ ، هێندە زوو بوو تازە ماسی‌گرەکان لەسەر پشتی بەلەمەکانیان بە دەم تۆڕ هەڵدانە ناو ئاوەکەوە وا چەمیبوونەوە ، ئەتگووت کڕنوشیان بۆ خۆرەکەی دەم کەل برد ووە .

لە دوورەوە چیا ئەرخەوانی‌یەکانی کەناری = لیگۆریان = دیاربوون ، دوو سێ کاژێر = سەعات =ی کە نابات پاپۆرەکە ئەگاتە بەندەرە قەرەباڵغەکەی (جنیوا) .

دوو خزمەتچی جولەیان خستە ناو پاپۆرەکەوە ،یەکێکیان لاوێکی قۆز بوو نیشانەی فیڵبازی لە دەم وچاوی‌دا ئەخوێنرایەوە ، ئەویکەیان ، پیاوێکی تەمەن ناوەند بوو ، سمێلی ماشو برنجی‌و بڕۆی ڕەشو کاکۆلی وەك زیو سپی بوو ، لوتی قنجو چاوی تیژ بوو ، بە دەم نوکتە گێڕانەوەو پێکەنینەوە چوون لەسەر مێزێك دانیشتن .

سواربووەکان لە شوێنەکانیانەوە هاتنەدەرەوە ، کابرایەکی قەڵەوی دەمو چاو پفنی بەرگ خۆڵەمێشی‌و کابرایەکی بالاّبەرزو پۆشتەوە ڕەنگ‌هەڵبزرکاو لوت‌بچوك دەورەیان دابوو لە کابرایەکی سمێڵ زلی ، شەبقە سەوز ، کە بەرگێکی (ئەلپانی) لەبەردابوو . پاش‌کەمێ چوونەلای پەرژینە ئاسنەکەی پاپۆرەکە ، قەڵەوەکە ووتی :

— (باوەڕناکەم هیچی ڕاست‌بێ !)

بالاّبەرزەکەیان دەستی خستە گیرفانی‌و لاقە مقەستی‌یەکانی جووت کرد ، سمێڵ‌زلەکەش کاتژمێر = سەعات =ێکی ئاڵتونی دەرهێناو بەدەم سەیرکردنی سەرپاپۆڕو ئاسمانەوە دەستی‌کرد بە فیکە لێدانو قاچ بەزەوی‌یادان و کاتژمێر هەڵسوڕاندن .

دوو خانم دەرکەوتن ، یەکێکیان گەنجێکی چاو شینی گۆشتن بوو ، برۆی هیندە تێر بوو وادەرئەکەوت بۆیەی‌کردون، ئەوی‌کەیان پیرەژنێکی بەرگ‌خاکی ، کورتەبنەی قژماش‌و برنجی‌بوو ، خاڵێکی‌ڕەشی‌گەورە لەسەر کوڵمی ڕاستی‌بوو ، زنجیرێکی ئاڵتونی لە ملدابوو کەمەر بەندێکیشی لە پشت‌کردبوو .

کە دانیشتن خانمە لاوەکە داوای قاوەی‌کرد ، هەرکەدەستی کرد بەتێکدانی قاوەکە ، پیاوەکانیان بەسەرادابارین ، قەڵەوەکە کوپێکی هەڵگرت‌و ڕازی قسەی دابەست .

– (ئەمڕۆ ، ڕۆژێکی گەرم ئەبێ)

ئافرەتە پیرەکە ڕووی تێ‌کرد :

– (سەیرکە قاوەکەت ڕژان بە خۆتدا) .

کوپەکەی داناو چەند دڵۆپەقاوەکەی سەر بەرگەکەی بە دەستەسڕێك سڕی‌و دەستێکی هێنا بەدەم‌و چاویدا ، کابرای سمێڵ‌زل ، بە دەنگی بەرز کەوتەقسەکردن :

– (بەڵێ ، گەر بێت‌و چەپڕەوەکانیش دەست بە سکاڵای ڕەگەزپەرستی بکەن ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کە . . .) .

پیرەژنەکە قسەکەی پێ‌بڕی :

– (ئیسڤان ، بیبرەرەوە ، پێم‌بڵێ (لیسا) چۆنە ؟)

خانمە لاوەکە گوتی :–

– (هەست بە چاك‌بوونەوە ناکات) .

– (دەریا ، یەکجار هێمنە)

– (ئەم بارەمولەقەش بۆتە سەرباری ئازارەکانی =لیسا=) .

قەڵەوەکە چاوی قوچاندو بزەیەکی گرت ، باڵابەرزەکە سەرەنجی لەو کۆمەڵە (دۆلفین)ە ئەدا کەلەسەر ڕووی ئاوەکە بەیەکدا ئەهاتن ، گوتی :

– (دۆلفین زۆر لە بەراز ئەچێ) .

سمێڵ زل وەڵامی دایەوە

– (زۆر شت لە بەراز ئەچن !) .

خانمە لاوەکە ، بۆنێکی قاوەکەی کردو گوتی :

– (بێزم لێ‌ی دێتەوە) .

قەڵەوەکە هەڵی دایە :

– (شیریش وایە) .

خانمە گەنجەکە سەری کزکردو گوتی :

– (هەر چۆن بێز لە جولەکە ئەکەمەوە ، ئاواش بێز لە زۆرشت ئەکەمەوە) .

سمێڵ زل ، بەزمی قسەی لەگەڵ بالاّبەرزدا گەرم کرد بوو ، ئەویش بە دەربەست بوونەوە ، گوێی بۆ رادێرا بوو ، جار جارەش سەرێکی ئەلەقاند ، ئەوسا بەدەنگێکی بەرز قسەکەی پێبری :

– (ئێستا لای خۆمان . . .)

قسەکەی تەواو نەکرد ، کەوتە تەماشاکردنی سمێڵی بەرامبەرەکەی کە بە دەم قسەکردنەوە هەڵبەزو دابەزی ئەکرد ، قەڵەوەکە، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکیشاو گوتی :–

– (ئیڤان بۆ دەمت بووە بە تەڵەی تەقیو ؟)

– (کوا قاوەکەی من ؟)

کە کورسی‌یەکەی لە مێزەکە نزیك کردەوە ، جیرەیەکی لێوەهات ، بالاّبەرزەکە هەڵی دایە .

– (ئیڤان ئەیەوێ شتێکتان پێبڵێ)

پیرەژنەکە لە نێوان چاویلکەکەوە ، سەیرێکی بالاّبەرزی کرد ،

– (وا دیارە ، شەوباش نە خەوتوویت !)

ئیڤان دەستی هێنا بەدەمو چاویدا ،

– (ئەڵێی دەمو چاوم تۆزاوی‌یە ، هەرگیز ئێوەش وا هەستان نەکردووە؟) .

خانمە لاوەکە هەڵی دایە :

– (بەڵێ ، بەڵێ ، ئاوو هەوای ئیتاڵیا هەروا پێست ووشك ئەکاتەوە) .

پیاوێکی لوت زلی ، قژ بۆزی ، چەتوڵ ، جگەرەیەکی بە دەمەوە بوو بەرەولای پەدژینی پاپۆرەکە ئەچوو ، شاگرد= خزمەتچی = یەکەی نزیکی بۆی چەمایەوە ، کابراشی سەرێکی بۆئەمان خوارکردەوەو بەدەنگێکی بڵند گوتی :

– (رۆژتان باش هاورێیان)

رووسی‌یەکان بێدەنگ بوون ، بەتیلەی چاو سەیریان ئەکرد ، (ئیڤان) بە چرپە پێی ووتن :

– (سەربازێکی کارکەنار = متقاعد =ە)

ئەمان پەشۆکان ، کابرا جگەرەکەی دەمی دەرهێناو بەجوانی بۆیان چەمایەوە ، پیرەژنەکە خۆی بەسەرپۆشەکەیەوە خەریك‌کردو مۆرەیەکی لی‌کرد ، سمێڵ‌زلەکە کاتژمێرەکەی دەرهێنایەوەو بەدەم تێنوارینێکی حەپەساوی‌یەوە ، دوورکەوتەوەو کەوتە هەڵسوڕانی کاتژمێرە زنجیردارەکەی دەستی . پیاوە قەڵەوەکەنەبێ خۆی بۆ چەمانەوە ئەوانی‌دیکە وەڵامیشیان نەدایەوە ، ئەمە کابرای ئیتاڵیایی پەست کرد ، جگەرەکەی خستەوە سوچی دەمی‌و لە خزمەتچی‌یەکەی پرسی :

– (ئەمانە رووسین ؟)

– (بەڵێ بەرێوەبەرێك‌و خێزانەکەیەتی)

– (سەیری دەم‌و چاویان)

– (بەڵێ مرۆڤی چاکن)

– (مەگەر لە (سلەڤ = کوێلە)ەکان چاکترین)

– (هیچیان لە باردا نی‌یە)

– (زۆر هەڵەشەن)

قەڵەوەکە ووتی :

– (باسی ئێمە ئەکەن)

پیرەژنەکە پرسی :

– (چی ئەڵێن ؟)

قەڵەوەکە دەمی بەیەکداهات :

– (ئەڵێن گوایە ئێمە لە =سلەڤ=ەکان چاکترین)

پیرەژنەکە پلارێکی هاویشت :

– ستایشیان کردین ! ؟)

سمێڵ‌زلەکە کاتژمێرەکەی لابردو بە لووت‌بەرزی‌یەوە گوتی :

– (ئێمەیان هەر لەبیریش نی‌یە)

قەڵەوەکە ووتی :–

– (ستایش = مدح =یان کردین ، ئەمەش ئەوەئەسەلمێنێ کە فەرامۆش = اهمال = نەکراوین) .

– (فیشاڵە ، من ئەمەم مەبەست نی‌یە ، ئەزانم ئێمە چاکترین) .

بالاّبەرزەکە خۆی بە سەیرکردنی یاریکردنی (دۆڵفین)ەکانەوە خەریك کرد بوو لەپڕ ووتی :

– (چەند گیانلەبەرێکی گێلو گەوجن !)

پیرەمێردێکی چاویلکەلەچاوی پاڵتورەشو گەنجێکی قژ درێژی ناوچەوان پان هاتنەلای کابرا ئیتاڵیایی‌و خزمەتچی‌یەکەوە ، ئەمیش گوتی :

– (کەرووسی ئەبینم ، «مەسیح»م بیر ئەکەوێتەوە)

لاوەقژنەکە ووتی :

– (ئەو رۆژەت بۆ بیرناکەوێتەوە ، کە دەریاوانە رووسی‌یەکان هاتنە = ناپلس =چ پێشوازی‌یەکیان لی‌کردن)

– (ئەوە هەر هیچ ، هەرگیز لەیاد ناکرێ) .

– (ئەو مەدالیایانەت دیوە لە بەرۆکی‌یان داوە)

– (بەلێ)

قەڵەوەکە بە هاورێکانی ووت :

– (باسی = مەسیح = ئەکەن)

خانمە لاوەکە هەڵی دایە

– (سەیرکەن پی‌ئەکەنن بی‌گومان گاڵتە بە = مەسیح = ئەکەن)

قاوەیان هێنا بۆ ئیتاڵیایی‌و هاورێکانی ، ئەمانیش گەوتنە ، هەڵدانی بسکویت بۆ ئەو مەلانەی بەسەر کەناری پاپۆرەکەدا هەل‌ئەفرین .

پیرەژنەکە پەست بوو ، گوتی :-

– (ئەلی‌ی مەیمونن)

قەڵەوەکە ، کە گوی‌ی لە گفت‌وگۆکەیان گرتبوو هەڵی‌دایە :

– (سەربازنی‌یە ، بازرگانە ، باسی کرین‌و فرۆشتنی گەنم ئەکەن ، ئەڵێن کە گوایە ئێمە ئەمان‌توانی = خەڵوزو تەختەو گیروسین = شیان لی‌بکرین)

پیرەژنەکە ووتی : – (هەر ئەمزانی سەرباز نی‌یە)

سمێڵ‌زل‌و بالاّبەرزەکە کوری قسەیان گەرم کردەوە ، جارجارە ئیتاڵی‌یە قژ درێژەکە سەیرێکی ئەکردن‌و ئەیگوت :

– (حەیف ، زۆر لەبارەی ئەو وولاّتەوە نازانین ئەم هەموو چاوشینانەی تێدا گۆش

ئەبن) .

خۆرەکە گەیشتبووە ناوەندی ئاسمان ، ئاوەکەی ئەبریسکانەوە ، شێوەی شاخو هەورەکان لە ناو ئاوەکەدا ئەبینران .

باڵابەر زەکە دەمی نا بە گوێی هاوری‌کەیەوە :

– (ئەنتینی ، ئەم (جیان)ە ناپیاوە ، تەڵەکە ئەنێتەوە بۆ دامرکاندنەوەی ڕاپەرینی گوندنشینەکان)

قەڵەوەکە ، بە دەم هێنانو بردنی کورسی‌یەکەوە ، هێدی هێدی ئەیووت :

– (ئەڵێ ، لە ڕۆژی پشودان‌دا ، لە بازاری گوندەکاندا ، بەردو خشتێکی زۆر کۆئەکەینەوەو دایئەنێین ، چل پەنجا سەتڵ = ڤۆدکا[1] =ش ئامادە ئەکەین بەمە جوتیارە یاخی‌بووەکان ئەکەین بەتەڵەوە) .

ژنە پیرەکە ووتی :

– (تۆبڵێی بەراستی بێت ؟)

سمێڵزل هەڵی دایە :

– (ئەی بەراستێتی ، سەیرکە چی‌ئەکەن ؟)

خانمە لاوەکە ، شانی پیرەژنەکەی ڕاتەکاند :

– (هێشتا ، باوەر ناکەی ، ئەمانە ئەیانەوێ بە ڤۆدکا . . . . . .)

سمێڵزلەکە بەرزەپێ ڕاست بووەوەو بەدەنگی بەرز گوتی :–

– (ڕاوەستە = مالایدا =)

باڵابەرزەکە دەستی‌کرد بەقاقای پێکەنین .

– (ئەوانەی = ڤۆدکا = ناخۆنەوە ، بەرئەبنە وێزەی یەکتری)

قەڵەوەکە پرسی :

– (بۆ بەرئەبنە وێزەی یەکتری ؟)

پیرەژنەکە ووتی :

– (تۆ گاڵتە ئەکەی !)

سمێڵزلەکە ، بە توندی‌یەوە قسەکەی تەواو کرد :

---

(١) – ڤۆدکا = Vodka : خواردنەوەیەکی ڕوسی‌یە ،

(کاتێ کاربەدەستان تەنگ بە جوتیارەکان هەڵئەچنن ، ئەمانیش ئەکەونە هاوارو رەخنەگرتن لە کاربەدەستان ، بەمە خۆیان دەرئەخەنو ئەکەونە داوەوە ، ئەبێ چارێکی بکەین ، نەیەڵین خۆیان دەربخەن) .

لە ناخڵە فا ، پاپۆرەکە وەرچەرخا ، خانمە لاوەکە خۆی بەمێزەکەوە گیرسانەوە قاپو قاچاغی سەر مێزەکە کەوتنەخوارەوە ، پیرەژنەکەش خۆی بە شانی قەڵەوەکەوە گرتەوەو قیژاندی :-

- (ئەمە چی بوو ؟)

- (پێچ ئەکەینەوە)

باغچە چرە ، پر سێبەرەکانی گەردن چیاکان ، کەنارەکەیان رازاندبووەوە قەڵەوەکە ، ووتی :

- (لێرە هەموو شتێ زۆرە)

پیرەژنەکە دەستێکی هێنا بەسەرپۆشەکەی‌داو بەساردی‌یەوە سەیرێکی کەنارەکەی کرد ، چەند کابرایەکی کالاّ رەش لەسەر تەختی پاپۆرەکە ، بەدەنگی بەرز قسەیان دەکرد .

خانمە لاوەکە ووتی :

- (بۆچی وا خۆیان هەڵئەسورێنن ؟)

قەڵەوەکە ، بۆی شی کردەوە :

- (ئەمە جوداگانە = صفة ، میزة =ەیەکی زمانەکەیانە ، هێندە زمانەکەیان هەژارە ، ئەبێ وا لەشیشیان هەڵسورێنن تا ئەوشتەی کە ئەیانەوێ دەری‌ببرن لە بەرامبەرەکەیانی بگەیەنن)

پیرەژنەکە ووتی :

- (ئەمەش چاکە)

پاش کەمێ پرسی :

- (جنیوا ، مۆزەخانەی باشی هەیە ؟)

قەڵەوەکە وەڵامی دایەوە :

- (لاموایە ، سێ‌یانی لی‌یە)

خانمە لاوەکە پرسی :

– ئەی گۆڕستانەکەت لەبیرچوو ؟)

– (بێگومان گۆڕستانی = کامبۆسانتۆ = وکڵیسەکانیش ، هەرمۆزەخانەن) بالآبەرزو سمێڵزلەکە بە دەم پیاسەکردنەوە ، بەرەو چەپەری پاپۆرەکە ، باسێکی نوێیان کردبووەوە ، هەردوکیان لەهەمان کات‌دا قسەیان ئەکرد

خانمە لاوەکە پرسی :

– (ئیتاڵیاییەکان باسی چی ئەکەن ؟)

– (ئەڵێن گوایە یاسایەکی هێجگار چاکیان هەیە ، ناهێڵین جولەکە ، سەر لە = مۆسکۆ = بدات ، ئەمەش بۆپاراستنی ئاسودەیی خەڵکی) .

– خۆڵێپرسراوی = ڕۆما =کە دێرینترو پیرۆزتریشە لە = مۆسکۆ = خۆی جولەکەیە) .

پیرەمێردە چاویلکە لە چاوەکە ، کۆڕەکەی گەرم کردبوو ، پیرەژنەکە بە دەم داگرتنی سەرپۆشەکەیەوە پرسی :–

– (ئەو کابرایە وا بەکوڵ باسی چی ئەکات ؟)

– (ئەو کابرا جولەکەیە ئەڵێ ، چووە بۆ مۆسکۆ ، داوێن‌پیسی بکات)

خانمە لاوەکە هەڵی‌دایە :–

– (چیدی ڕوویدابوو ؟)

– (خانمەکە لە پێشەوە پارەکەی لێسەند بوو ، ئەوسا دابوویە دەست پۆلیس)

پیرەژنەکە ووتی :

– (چەند ناپیاوە)

قەڵەوەکە دەستەسرێکی هێنا بە دەم‌و چاوی‌داوگوتی :

– (نوکتە لەسەر جولەکەکان ئەگێڕنەوە)

خانمە لاوەکە ووتی :

– (گاڵتەیان پێ‌ئەکەن)

پیرەژنەکە ووتی :

– (ئەزانی ئەم خەڵکانە سەربەگۆبەندن)

قوڵەو باڵکۆنی خانووی مەرمەری شارەکە دەرکەوتن ، تا ئەهاتن لە شارەکە نزیك ئەبوونەوە ، خانووی بان گردەکە وا ئەبریسکانەوە ، ئەتگوت لە دانی فیل دروست کراون ، خانمە لاوەکە هەستایە سەرپێ‌و گوتی :

(له =یاڵتا=ئەچیٚ ، من ئەچمە خوارەوە)

بەسەر تەختی پاپۆڕەکەدا بەرەوخوار بووەوە ، لەشە گۆشتنەکەی لەگەڵ هەنگاوەکانیدا ئەلەری‌یەوە ، کاتیٚ بەلای ئیتاڵیاییەکاندا تیٚپەری ، کابرا لوت‌زلەکە قسەکەی بری‌و لەژێر لیٚوەوە ووتی :

- (سەیرکە ، چاوی چەند جوانە ؟ !) .

کابرای پاڵتۆرەش گوتی :

- (بەڵیٚ جوانە ، ئەبیٚ خەڵکی = باسیلیدا = بیٚ)

- (لە = باسیلیدا = بی ناچیٚ)

- (خۆ = سلەڤ = یش نی‌یە ؟)

قەڵەوەکە ووتی :

- (باسی = لایدیا = ئەکەن)

پیرەژنەکە ووتی :

- (چی‌ئەڵیٚن ؟ ، بی‌گومان پلاری تیٚ‌ئەگرن)

- (نەخیٚر باسی (جوانی چاوی‌یان کرد)

ژنەکە مۆن بوو ، پاپۆڕەکە هیٚدی هیٚدی لەنگەری گرت ، ئالاٚ بیٚجوڵەکان لەگشت لایەکەوە خۆیان ئەنواند ، قرە قرو غەڵبە غەڵبی شارەکە ئەگەیشتە پاپۆرەکە ، ئیتاڵیایی‌یە لووت زلەکە دەستی کرد بە قاقای پیٚکەنین پیرەژنەکە مۆرەیەکی لی‌کردو پرسی :

- (گاڵتە بەچی ئەکات ؟)

- (گویٚ مەدەریٚ ، بەخودا ئەبینی ئەڵیانەکان ئەیان‌بەزیٚنن)

- (تۆ بۆ ئەوەندە حەزئەکەیت ببەزن ؟)

- (هەروا ، نازانم)

بالاٚبەرزەکە سەیریٚکی پیٚ‌ی خۆی کردو لەسمیٚلٚ زلەکەی پرسی

- ( ئەمەت پیٚ خۆش بوو ؟)

سمیٚڵ‌زلەکە بە توندی سمیٚڵی خۆی باداو نقەی نەکرد

قەراغی پاپۆڕەکە لەگەڵ ئەو بۆری‌یانەدا جووت بوو کە ئامیٚزیان بۆ گرتبووەوە .

# ئاژاوه چی یه‌که

پیاوێکی لاوازو تراش کردوو ، که جل‌و به‌رگێکی شینی کاڵی له‌به‌ردا بوو ، له‌سه‌ر مێزێکی ئاسنی نزیك ده‌رگای چێشتخانه‌که‌وه دانیشتبوو ، ته‌مبه‌ڵانه خزمه‌تچی‌یه‌که‌ی بانگ کرد :

— (خزمه‌ت . . .چی)

گوڵه دار جه‌وی‌یه سپی‌یه‌کان له‌گشت لایه‌که‌وه ، به‌ده‌م تیشکی زێڕینی خۆره‌که‌وه ، پێ‌ئه‌که‌نین ، که‌رێکی گوێ قیت له‌چه‌قی ڕێگاکه‌دا وه‌ستابوو ، چه‌ند ئه‌سپێکی بارگاویش ، هێدی هێدی ملی ڕێیان گرتبووه به‌ر ، منداڵان به‌جل‌و به‌رگی ڕه‌نگاو ڕه‌نگه‌وه خۆشی‌و جوڵه‌یان خستبووه ناو خه‌ڵکه‌که‌وه ، که له‌سه‌ر خۆ پیاسه‌یان ئه‌کرد ، چه‌ند ئافره‌تێکی پۆشته ، پێکه‌وه پیاسه‌یان ئه‌کرد ، جارجاره ، ڕه‌وته‌که‌یان هێواش ئه‌کرده‌وه .

کابرای جل‌و به‌رگ شین ، په‌نجه درێژه‌کانی له‌سه‌ر لێواری مێزه‌که دانابوو ، ده‌ستکێشیکی خاکی به ده‌سته‌وه بوو ، جارجاره ئه‌یدا به‌سه‌ر ئه‌ژنوی‌دا و به‌چاوه بێ‌ڕه‌ونه‌قه‌کانی‌یه‌وه ، له‌ده‌وروبه‌ری خۆی ئه‌ڕوانی وه‌کو چاوه‌نواری یه‌کێك بکات ، نیشانه‌ی خۆگری‌و بلیمه‌تی له ده‌م‌و چاوی‌دا ، ئه‌خوێنرایه‌وه .

شاگرده‌که هات‌بۆلای ، خۆی‌بۆچه‌مانده‌وه‌و کوپێ قاوه‌و شوشه‌یه شله‌مه‌نی سه‌وزو پارچه‌یه‌ك بسکویتی له‌به‌رده‌ما دانا ، کابرایه‌کی چوارشانه له‌سه‌ر مێزه‌که‌ی به‌رامبه‌ری دانیشتبوو ، ده‌ست‌و گه‌ردنی له چڵکی دوکه‌ڵ‌دا دیارنه‌مابوون . کاتێ کابرا به‌رگ شینه‌که چاوی تێ‌بڕی ، ئه‌م که‌مێ خۆی به‌رزکرده‌وه ، ده‌ستی برد بۆ شه‌بقه‌که‌ی و گوتی :—

— (ڕۆژباش ، جه‌نابی = ئه‌ندازیار = مهندس) .

— (ئای ،=تراما=ئه‌وه‌تۆی ؟)

— (به‌ڵێ منم ، جه‌نابی ئه‌ندازیار)

– (ئەبێ شتێکت بە دەستەوە بێ ؟)
– (ئێوە کارتان چۆنە ؟)

ئەندازیارەکە بە دەم زەردەخەنەیەکی هەڵبزرکاوەوە، وەڵامی دایەوە :–

– (ئەتەوێ دانیشتنەکەمان بە پرسیارکردن بەرینەسەر ؟)

کابرای چوارشانە ، هەستایە سەرپێو شەبقەکەی نا بە لایەکی سەرییەوە ، چووە سەر مێزی ئەندازیارەکە ، بە دەم دانیشتنەوە لەسەر کورسیەکەی ، پێکەنیو گوتی :

– (ڕاستەکەی ، بەڵام واناکەین ، سوێندت بۆ ئەخۆم ، شتێکی بەکەڵکت پێڕائەگەیەنم ، تا تێبگەم کە . . .) .

لەم کاتەدا کەرێك گالیسکەیەك خەڵوزی بەردی ڕائەکێشا ، ڕاوەستاو ملی قووت کردەوەو بە دەنگێکی ناقۆڵاکەوتە زەڕین ، وادیاربوو ، ئەورۆژە ، دەنگی خۆی بە دڵ نەبوو ، هەر زوو لە زەڕین کەوتو گوێی لەقاندو سەری شۆرکردەوەو ملی ڕێی گرتەوە بەر

– (ئارامم لێبڕاوە ، هەرچاوەڕێی =(ماشین =مکینە)ەکەی تۆم ، هەرچۆن بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی پەرتوکێکی نوێئەکەم تاپەندێکی نوێی لێوەربگرم)

ئەندازیارەکە ، قاوەکەی هەڵقوڕاندو گوتی

– (من زۆر سەر لەم (لێچواندن = تشبیە)انە دەرناکەم)

– (ماشینەکەت وزەی مرۆڤ سەربەست ئەکات ، هەرچۆن پەرتوکی چاك گیانی مرۆڤ ئازاد ئەکات)

ئەندازیارەکە سەری هەڵبڕیو گوتی :–

– (لەوانەیە ڕاست بکەی)

(کوپ)ە بەتاڵەکەی لەسەر مێزەکە داناو قسەکەی تەواوکرد :–

– (ئێستاش هەر خەریکی ئاژاوەچێتی ؟)

– (ماوەیەکە دەستم پێکردۆتەوە) .

– (خەریکی مانگرتنو گۆبەند ، نانەوەی ، وانیە ؟)

شانێکی هەڵتەکاندو بزەیەکی گرتو بە نەرمییەوە ، ووتی :

– (ئەمانە پێویستن)

پیرەژنێکی ڕەشپۆش ، کەپەچەی دادبووەوە ، بەبێورتە ، چەپکێ وەنەوشەی بۆ

ئەندازیارەکە راگرت ، ئەویش دوو گوڵی هەڵگرت ، یەکێکی یانی دا بە هاوریێکەی

— (تراما= تۆ مێشکێکی چاکت هەیە بەلاّم حەیف (ئایدیالیستی = مثالی)ت) .

— (سوپاس بۆ گوڵەکانو بۆ ئەو حەیف کردنەت)

— (بەڵێ ، تۆ بەهرەی هۆنەریت تێدایە ، گەر بتەوێ ئەتوانی ببیتە ئەندازیارێکی چاك) تراما بە پێکەنینەوە گوتی :—

— (ئەمەیان راستەکەی ، خۆشە مرۆڤ ئەندازیاریش بێو هۆنەریش بێ لەوکاتەوە لەگەڵ تۆدا کارئەکەم ، فێربووم کە . . .)

— (تۆ زۆر دڵنەرمی)

— (بیرم لەوەئەکردەوە ، کە جەنابی ئەندازیار بۆ نابێ بە = سۆشیالیستی= سۆشیالیستی و هۆنەری) .

لەدڵەوە ، دایانە قاقای پێکەنین :—

— (نا ، تراما ، وامپێ باشترە ، کارگەیەکی خۆم هەبێو سێ دەستە کوری چاکی وەك تۆ بخەمە ئیش ، ئەو کاتە ، پیاوەتیەکان پێ ئەکرێ) .

وەنەوشەکەی خستەگیرفانی ،لەسەر خۆ پەنجەی ئەدا بەسەر مێزەکەدا ، بێدەنگ بوون ،تاکو = تراما= ووتی :

— (زۆر بە هەڵەداچووی ، گەروابزانی ، شتێکی بچوك رێگای کاروژیانی مرۆڤ ئەگرێت ؟)

ئەندازیارەکە ، بە دەم بزەیەکی فێڵبازانەوە ، پرسی :

— (ئێ ، کەواتە ، تۆ مێژووی مرۆڤ بە شتێکی بچوك دا ئەنێی) تراما ، شەبقەکەی داگرتو بەگەرمی یەوە ، ووتی :

— (مێژووی نەژادەکانم چی یە ؟)

ئەندازیارەکە پرسی :

— (نەژادی تۆ ؟)

بە دەم بزەیەکی گاڵتەجاری یەوە ، ووشەی (تۆ)کەی درێژ کردەوە .

— (بەڵێ ، نەژادی من ، وائەزانی هیچو پوچ بوون .

کێ ئەڵێ (گیوردانۆ برۆنۆ ، ڤیکۆ ، مازینی) باو باپیرانی من نین ، لەیەك جیهاندا نەژیاوین ، چێژ لە بەروبومی مێشکە گەورەکانیان وەرناگرم) .

- (ئاوا !)
- (کەلەپوری پێشینان ، سامانی ئێمەیە)

ئەندازیارەکە ، ناوچەوانی گرژ کردو گوتی :

- (بێگومان ، ڕاستە)
- (ئەوەی لەپێش ئێمەدا کراوە ، وەك کانزای خاو = وایە ، ئەبێ ئێمە بیکەین بە پۆلاً ، وانی‌یە ؟)
- (وایە ، ڕاستە)
- (ئێمەو ئێوەش ، هەر سود لە بەرهەمی مێشکی پێشینان وەرئەگرین)

کوڕێکی خڕەلە ،هاتە تەنیشت ئەندازیارەکەوە ، چەپکێ (گوڵەخەنە)ی بەدەستەوە بوو ، هاواری ئەکرد :

- (ئەوە گوڵە خەنەتان بەمێ)
- (کڕیومانە)
- (هەرچەنێ گوڵ بکڕی ؟ ، هێشتا بەس نی‌یە)

تراما ووتی :

- (ئافەرین ، ئا دوو چەپکم بدەرێ)

شەبقەکەی بەرزکردەوە ، چەپکێکی‌یانی دا بە هاوڕێکەی :

- (سوپاس)
- (ڕۆژێکی خۆشە ، وانی‌یە ؟)
- (بەڵێ تەنانەت ، چێژ بە منی پیریش ئەدات)

ئەندازیاردەکە ، بەسەر قاڵی‌یەوە ، کەمێ لە دەوروپشتی ڕوانی‌و گوتی :–

- (تۆ بە جۆرێ جیهان ئەبینی‌و بە جۆرێکی‌کە دێتە پێش چاوی من)

تراما پێکەنینەوە ، وەڵامی دایەوە :

- (هەرچۆنی بێ ؟ ، ژیان خۆشە)

ئەندازیارەکە بە خانەگومانی‌یەوە ، هەڵی‌دایە :

- (بۆچی وائەڵێی ؟)

تراما ، کەمێ شڵەژا ، شەبقەکەی کردەسەری‌و گوتی :

- (هاوڕێ ، هەرچەندە چیم خۆش‌ویستووە ، لەم جیهانەدا تیاچووە ، بەڵام ووتەکانم

تەنیا بریتی‌نین لە (پیت‌و دەنگ) ، کاتێ سەرەنج لە بەرهەمێکی هونەری ئەگرم ، واهەست ئەکەم ، بەم‌دەست‌و پەنجانەی خۆم خولقاندومە)

پێکەوە ، دایانە قاقای پێکەنین ، ئەندازیارەکە ووتی :

— (تراما ، تۆ مرۆڤێکی چاکی ، هەمیشە حەز ئەکەم بت‌بینم)

بە چاو داگرتنێکەوە قسەکەی تەواوکرد :

— (ئەوەنەبێ ، تۆ زۆر حەزت لە ئاژاوەچێتی‌یە)

— (من حەز بە ئاژاوەچێتی ئەکەم ؟ ، هەڵس‌و کەوتی ئەمجارەمت بە دڵ نەبوو ؟)

ئەندازیارەکە شانێکی هەڵتەکاند :

— (چۆن بە دڵم نەبوو ؟ ، زیانی = سی‌و حەوت هەزار = لیرەت لێ‌داین)

— (چاکتر وابوو ، ئەو پارەیە بخەنە سەر (بودجە = میزانیة)ی کرێی کرێکارەکانتان)

— (هم ، تۆ هەڵەیت ، تۆ وات پێ‌باش بوو)

دەستە لاوازەکانی بۆ کرێکارەکە درێژکرد ، بە دەم تەوقەکردنەوە ، گوتی :—

— (بەرای من ، بخوێنەرەوەو خۆت ماندوو بکە)

— (کاتم بە فیڕۆ نادەم)

— (ئەتوانی ببی بە ئەندازیارێکی خەیاڵ بڵاو)

= (خەیاڵم زۆر بڵاوە)

— (خوات لەگەڵ ، هاورێ کەللە ڕەقەکەم)

ئەندازیارەکە ، بە سێبەری دارجەوی‌یەکان‌دا ، دوورکەوتەوە ، خزمەتچی‌یەکی بچکۆلانە ، کە خۆی لەباس‌و [illegible] ئەمان گرتبوو ، لە =تراما = هاتەپێشەوەو گوتی :

— (ئەندازیارەکەمان پیر بووە)

— (ئەوسەرەی هەزار پیلانی لەژێردایە)

— (ئەم جارە ، لەکوێ قسە ئەکەی ؟)

— (وەکو جارانی پێشوو ، لە بارەگای کرێکاران ، لەمەوبەر گوێت لە قسەکانم بووە ؟)

— (بەڵێ ، سێ‌جار)

تەوقەیەکی گەرمیان کردو لێك‌جیابوونەوە ، تراما بەپێچەوانەی ڕێی ئەندازیارەکەو ، ڕۆیشت‌و خزمەتچی‌یەکەش ، کەوتە پاك‌کردنەوەی مێزەکان .

# —تۆڵە—

کاتێ مرۆڤ لەسەر خاکی باو باپیرانی ، پارچەیە نانی بۆ پەیدانا کرێو ناچار ئەبێ ، بڕوات بۆ شوێنێکی وەکو ئەمەریکای خواروو بۆ نان پەیدا کردن ، چی لەو مرۆڤە چاوەڕوان دەکرێ ، چۆن هەست بە ژیان ئەکات ؟

گرنگ نی یە کێیەو کێ نی یە ؟ ، گرنگ ئەوەیە وەکو منداڵێکی لێ دێ کە لە دایکی دوور خرابێتەوە ، تامی خواردنو خواردنەوەی ئەو نامۆیی یەی لە دەما تاڵ ئەبێو ئەبێتە نێچیری دێوی خەمو پەژارەو مێردەزمەی دڵتەنگی و ناسۆر سەر دڵی ئەگرن .

نەریتانوایە ، کە گەنجێك ویستی بەدوای نان پەیدا کردندا بچێ بۆ وڵاتێکی دوور ، پێش ڕۆیشتنەکەی ئەبێ ژن بهێنێ ، ئەمەش لەبەر ئەوەی بڕوامانوایە (کە خۆشەویستی ژن سەرەڕای خۆشەویستی نیشتمان ، والەو گەنجە ئەکات هەرکە بواری هەبوو سەر لەشوێنی باوانو خزمو خوێشی بداتەوە) .

قسەیەکیش بۆ دز بکەین ، زۆربەی ئەم زەماوەندانە سەرکەوتوو نابن ، کارەساتێکی ساکارو دژوار لەم جۆرە هەیە ، ئەڵێن :

«ئافرەتێکی شۆخو شەنگ لەدێیەکی بچوکی (ساراسینا) لە ترۆپکی چیاکاندا ئەژیا ، ناوی (ئیمیلیا براکۆ)بوو ، پێنج ساڵ لەمەوپێش مێردەکەی چوو بۆ ئەمەریکا ، ئەمی لای ماڵی باوانی بەجێ هێشت ،تابلێی خانمێکی لەش سوكو ئیش کەرو گاڵتەچی بوو ، بە دەنگە خۆشەکەی گوندنشینو داربڕەکانی سەرگردەکەی گیرۆدە کردبوو ، لەگەڵ ئەم هەموو سەربەستی یەشدا ، ئابڕووی خۆی وەك چاوی پاراست بوو ، خەسوی پیرەژنێکی سەر ئاسنینە بوو ، جارێکیان بە (ئیمیلیا)ی ووت :

— (ئازیزەکەم ، تۆ مێردەکەت لێرەنی یە ، بەڵام زۆر دڵت خۆشە ، ئەوەبزانە ئابڕووی تۆ ئابڕووی ئێمەیە ، ئەمە بۆ کوڕەکەم ئەنوسم ، ئاگاداری ئەکەمەوە ، ئاگاشم لە هەموو هەنگاوەکانتە) .

لەسەرەتاوە ، لەسەر خۆو بە هێمنی ، خەسوی دڵنیا ئەکردەوە کە ئەم ، مێردی خۆی

خۆش ئەویۆ لە خەونیشدا بیر لەوەناکاتەوە کە ، ناپاکی لیٚ‌بکات ، بەلاٚم پیرەژنەکە لەخانەگومانی خۆیەوە ، وازی لەم بیرکردنەوانە نەئەهێنا ، هەمیشە بوکەکەی ئەدایە بەر توانجو پلارتی‌گرتن ، لەولاشەوە کردی بەقاو ، کەبوکەکەی شەرمو شورەیی لیٚ‌هەلٚ‌گیراوە ، کە ئەمەی بیست ترسا ، لە خەسوی پارایەوە ، ئەم قسانەی نەخاتە دواو مالٚی کاول نەکا ، بەلاٚم ئەیووت :-

- (ئەم قسانە بۆ من مەکە ، بۆ خۆشم سەردەمیٚ گەنج نەبووم ، تازە بۆم نوسیوەو ئەگەرێتەوە ئابرووی لەکەداربووی ئەشواتەوە) .

بوکەکەی تۆقان ،-(ئێستا بەراستی بۆت نوسیوە ؟)

- (بەلٚیٚ بۆم نوسیوە .)

- (دەستت خۆش !)

رۆژێکیان ، خەسوی چوو بۆ جەنگەلٚەکە ، چیلکەو چەوالٚی وشك کۆبکاتەوە ، ئیمیلیا بە تەورداسێکەوە دوای کەوت ، کوشتیو خۆی دایە دەست کاربەدەستان ، ووتی :

- (مرۆڤیٚ بکوژی لەوەباشترە ناوت لەخۆرا بزریٚ)

هەموو خەلٚکەکە لەدادگا ، لایەنگیری‌یان کردو بۆی‌پارانەوە ، تەنیا (ئارچبیشۆپ کۆزی) نەبیٚ‌کە سوربوو لەسەر ئەوەی (ئیمیلیا) تاوانبارەو پێویستە تاوانباران سزا بدرێن ، لە ئەنجامدا بریاری (چوار سالٚ بەندی) بەسەردا ، درا .

(دۆناتۆ گوارناشیا) ، وەکو مێردەکەی -ئیمیلیا- چوو بوو بۆ ولاٚتی بێگانەو ژنە گەنجەکەی لەلای دایك‌و باوکی بەجیٚ‌هێشتبوو ، سیٚ سالٚ لەمەوبەر نامەیەکی لە دایکی‌یەوە پیٚ‌گەیشت تیٚدانوسرابوو :

(سیریسا=ی ژنت دەستی لەگەلٚ باوکت‌دا تێکەلٚ کردوە ، وەکو ژنو مێرد پێکەوە ئەژین)- دوناتۆ- بەبیٚ‌دەنگی‌وبەزووترین‌کات خۆی گەیاندەوە -ناپلس ، هاتەوە مالٚەوە باوك‌و ژنەکەی لەم هاتنەوە کتوپریە سەریان سورما ،ئەمیش گەنجێکی کەللەرەق‌و خانەگومان بوو ، بەلاٚم بەسەرهاتەکەی - ئیمیلیای بیستبوو ، بۆیە لەپێشەوە رقەکەی خۆی خواردەوە ، تاکو نەکەوێتە هەلٚەوە ، بەنەرمی لەگەلٚ ژنەکەیدا ، ئەجولاٚیەوە زۆری پیٚ‌نەچوو ، وەکو = هەنگوینە مانگ - Honey moon = لەگەلٚ ژنەکەی‌دا کەوتنەوە خۆشی‌و شادی ، دایکی لەپالٚەوە قسەی بۆ ئەکرد ، بەلاٚم پیٚی ووت :

— (دایە ، بەسە ، من خۆم لێرەم و چاوم هەیە ، با بزانین سەرەنجام چی ئەبێ ؟)
تا ناوەندی هاوین هیچ نەبوو ، بەڵام ڕۆژێکیان باوکە چەپەڵەکە ئەوەی بەهەل‌زانی ، کورەکەی لە ماڵەوە نی‌یە ، چووە بن کلێشەی بوکەکەیەوە ، ئەویش هیچ ڕووی نەدایە . . . ئەمە باوکەکەی پەست کرد ، بریاری دا تۆڵەی ئەمەی لێ‌بکاتەوە ، هەڕەشەی لە بوکەکەی کرد :-(ماڵت وێران ئەکەم) .
بۆ سبەینێ بە کورەکەی ووت :- (ئەزانی ، ژنەکەت ناپاکیت لێ‌ئەکا ؟)
کورەکە ڕەنگی هەڵبزرکا :-(هیچت لێ‌دیوە ؟)
— (ئەوانەی دەستیان لەگەڵ ژنەکەتا تی‌کەڵ‌کردوە ، بەمنیان ووتووە ، کەنیشانەیەکی گەورە بەبەشی خواروی سکی‌یەوەیە ، وایە ؟)
دۆناتۆ ووتی : (ئەبێ تاوانبار بمرێ)
باوکە بێ شەر مەکە سەری بۆلەقاند :(بێ‌گومان ئەبێ ئافرەتی سوك بکوژرێ)
دۆناتۆ ، هەڵی‌دایە — (پیاوی سوکیش ئەبێ بکوژرێ) ئەمەی ووت‌و لێ‌ی‌دا ڕۆیشت چوو بۆ لای ژنەکەی ، دەستەقورسەکانی خستە سەرشانی‌و پی‌ی ووت :
— (گوێم لێ‌بگرە ، ئەزانم کە ناپاکیت لێ‌کردوم ، حەوسەڵەم لەگەڵتا هەیە ، بۆئەوەی خۆشەویستی‌یە کەمان نەشێوێ ، پێم‌بڵێ ، ئەوکەسە کێ‌یە دەستی لەگەڵا تێکەڵ کردوی ؟)
بەگریانەوە گوتی : (تەنیا باوکە نەفرەت لێ‌کراوەکەت ، ئەمەی پێ ووتووی)
خوێن پەڕی‌یە دەم‌و چاوی : (کەواتە ، ئەوە ؟) .
— (بە هەڕەشەو گورەشە ، ناچاری کردم) پشووی سواربوو ، مێردەکەی ڕای‌تەکاندو قیژاندی بەسەریا : (قسە بکە) ، مینجە مینجێکی کرد ( بەڵێ ، سی چل جار پێکەوە خەوتوین) .
— دۆناتۆ – ڕایکردە ماڵەوەو پری‌کرد بەتفەنگەکەی‌دا و ڕای‌کرد بۆ ئەوشوێنەی باوکی بۆی چووبوو ، خەڵکەکە ئەیان ووت ، بەدوو گوللە کوشتویەتی‌و کەللە سەری بە قۆناغە تفەنگ وردو خاش کردوە ، لەپاشا چووە ماڵەوە ، تفەنگەکەی هێنایە سەرپی‌و بەژنەکەی ووت :
— (چوار هەنگاو بچۆ دواوە ، گەر نوێژیش ئەکەیت ، بیکە ؟)
دەستی کرد بە گریان و پاڕانەوە ، بەڵام کوشتی‌و خۆی دا بەدەست

کاربەدەستانەوە ، کە بە شەقامی شارەکەدا ، بەرەو خوار ئەبووەوە ، خەڵکەکە ڕێیان بۆ ئەکردەوە ،

– (کارێکی پیاوانەی کرد) .

لە دادگا زۆر بە پەرۆشەوە ، بەرگری لەخۆی ئەکرد :

– (مرۆڤ بۆچی خێزان پێکەوە ئەنێ ؟ ، بێگومان بۆ خوڵقاندنی شادیو خستنەوەی وەچەیە ، کەپەروەردەیان بکا بۆ مرۆڤایەتی ، کەواتە ئەوکەسەی ئەو شادییە ئەڕوخێنێ و ڕێی ئەو بە ئاکام گەیشتنە ئەبەستێ ، پێویستە بمرێ)

خەڵکەکە پشتگیریانکرد ، دادگاش بە (بێتاوان)ی دانا ، ئەمیش وەکو پاڵەوانێکی سەرکەوتوو ، گەڕایەوە بۆ (سنێرکیا) ، ماوەیەك پاش ئەم کارەساتە ، (ئیمیلیا)ش لە زیندان بەربوو ، ئەم دووانە لەوەدا لەیەك نزیك بوون کە دەستیان خوێناویو دڵشکاوبوون ، وردە وردە لەیەك نزیك بوونەوەو هۆگری یەك بوون .

پاش ئەوەی (دۆناتۆ) ماچێکی کرد ، پێی ووت :

– (ئیمیلیا – ئێمە لێرە بمێنینەوە چی بکەین ؟)

– (وا ئێستا ناپاکیم بەمێردەکەم کرد ، ئەگەر بگەڕێتەوە ئەم کوژێ) .

بڕیاریان‌دا ، کەپارەیان کۆکردەوە ، سەری‌خۆیان هەڵبگرن ، ئەم بڕیارەیان دەنگی دایەوە تا گەیشتەوە گوێی دایکی (ئیمیلیا) ، کە ئافرەتێکی ڕەوشت بەرزی پەنجا ساڵە بوو ، لە سەرەتادا باوەری بەم قسانە ، نەئەکرد ، ئەیووت :–

– (درۆیە ، کچی من واناکات ، ئەو چوار ساڵی بەندی لە پێناوی پاراستنی ئابڕویدا چێشت ، ئێستا کاری وا ناکا)

– (نەخێر ، ئەو خۆی ئەمەی لە بیرچۆتەوە)

دایکەکە خۆی گەیاندە لای کچەکەیو پێی ووت :–

– (نامەوێ ئەوقسانە ببیستم ، کە خەڵکی لەبارەی تۆوە ئەیکەن)

کچەکە دەستی کرد بەگریان ، (جیهان بۆ مرۆڤ خوڵقاوە ، مرۆڤ چی‌یە ؟ گەر خۆی لە بیربەرێتەوە ؟)

دواپی چوو بۆلای = دۆناتۆ = و پێی ووت : (وازلەکچەکەم بهێنە ، دەنا نایەڵم بەزیندوویی بە سەرزەوی دا بڕۆی) .

پیاوە گەنجەکە ، وەلامی دایەوە : (گوێبگرە ، منو کچەکەت یەکمان

خۆش ئەویَ ، ریَان بدە ، با پیَکەوە زەماوەند بکەین و لیَرە نەمیَنین)

دایکەکە بە تورەیی یەوە ووتی : ( ئەتەویَ کچەکەم هەلَبگری ؟ ، نا نەخیَر ، نابیَ ئەمە رووبدات) .

هەرەشەی لیَکردن ، کە یەك نەبینن بەلاَم ئەمە ریَی ئەوەی لیَ نەگرتن بە پەنهانی بچنەژوانی یەك و پیلانی دوارۆژ بکیَشن ، کە ژنەکە بەمەی زانی ، چاوی پەری یە پشتی سەری .

رۆژی یەك شەممە بوو ، خەلَکی لە کلَیَسەدا کۆبووبوونەوە ، دلَدارەکانیش هاتبوون نزابکەن ، دایکی = ئیمیلیا = لەپاش خەلَکەکەوە هاتە کلَیَسەکەوە ، تەورداسیَکی لەژیَر جل و بەرگەکەی دا شاردبووەوە ، هیَدی هیَدی بەرەو دۆستی کچەکەی رۆی کە وەکو خەلَکەکە چوکی دا دابوو ، کە گەیشتە پالَی ، دووجار تەورداسەکەی دا بەسەریا ، شیَوەی پیتی (ڤ)[1]ی لەسەریا دروست کرد .

خەلَکەکە حەپەسان ، زۆریان لەهۆش خۆیان چوون ، هەندیَکیان وەکو مندالَ ئەگریان ، دایکەکەش تا خەلَکەکە هاتنەوە سەر خۆیان ، هەر بە تەورداسەکەوە ، راوەستا بوو ، خویَن گرتبوی خەلَکەکەگرتیان ، ئەمیش داوای لیَکردن ریَی بدەن ، نویَژیَبکات ، بە دەنگی بەرز ، قسەی ئەکرد :

– (میکائیلی پیرۆز – زۆر سوپاسمەندی تۆم کە هیَزت دامیَ تولَەی کچەکەم بسیَنمەوە)

کاتیَزانی (دۆناتۆ) نەمردووە ، خۆی لەدەستیان راپسکان ووتی :

(نا نەخیَر ، نابیَ ئەو کابرایە بژی)

بیَگومان برایەبەردەم دادگاو ئەوپەری سزایەکی توندی بەسەرادرا ، بەلاَم چ جۆرە سزایەك ئەو مرۆڤانە ئەترسیَنیَ ، کە باوەریان بەراستی خۆیان هەیە ، ئاسنەکەی بەفوو نەرم کراوەتەوە ؟

دادوەرەکە بە دلَرەقی یەوە پیَی ووت : (تۆ تاوانباری)

ئەویش وەلاَمی دایەوە : (من تاوانبارم یان بیَتاوانم ، ئەمە هیچ شتیَ ناگۆریَ) .

---

(١) – شیَوەی پیتی (ڤ) نیشانەی ووشەی(Vendetta) ایە کەبەواتای (تولَە) دیَت .

# جیۆڤانی تۆبا

جیۆڤانی تۆبا ، هەر لە منداڵی‌یەوە سەوداسەری دەریا بوو ، دەریا ئەو فراوانی‌یە شینە کاڵەیە ، کە یاوەکو تێنواڕینی کیژێکی ناسك هێمن و جوانە یان وەکو سۆزی دڵی ئافرەت بە گەواڵەیە ، چەندە واق ورهێنەرەبێ ئەوەی ماسی پێویستی پی‌بێ خۆر هەڵئەمژێ و تیشکی ئەو خۆرە ئاڵتونی‌یە وائەبریسکێنێتەوە ئاوی چاو ئەبات .

دەریا لە خشتەبەرەکە ، وەك هاوارێکی ناوەکی مرۆڤ ئەو ئارەزووەی ئەخوڵقاند کە مرۆڤ بیەوێ خۆی هەڵداتە ناو قوڵایی‌یەکەیەوە ، زۆر مرۆڤی بەم جۆرە لەخشتەبردبوو زەوی بەرداوی ڕۆخەکە داوای بەخشینی زیتری لە ئاسمان ئەکرد بۆ ئەوەی ئاڵودەی هەندێ ماندوویی مرۆڤ بێت و خۆشی‌یەکی پی‌بخوڵقێنێ .

کاتێ لاوبوو لە گەردنی شاخەکەدا لە نێوان دارهەنجیرو زەیتونە لق میتاڵی‌یەکاندا ، لە نیوان درەختە سەوزە تۆخە نارنج و لق و پۆپی بە یەکداچووی دارهەنارەکان دا ، لە ژێر خۆرەدرەوشاوەکە ، لەسەر زەوی‌یە گەرمەکەدا لە نێوان مێرگی گوڵاندا لە ڕەزێکدا کاری ئەکردو تەلانی لەبەرد بۆ ڕەزەکە هەڵئەچنی ، لەم کاتانەدا جیۆڤانی تۆبا بەوپەڕی تینوویەتی‌یەوە لە دەریا شینە کە ڕائەما ، هەواخوێیاوی‌یەکە ، مێشکی گۆت کردبوو ، هێندە مەست ئەبوو ئەتگوت ڕازگری ئەو دڵدارانەی دەریاکەیە کە بەسەردا نقومی دەریاکە بوو بوون .

بەیانیانی پشودانیش لەودەمەدا کە خۆر تازە هەڵهاتووە ، ئەو دەمەی ئاسمانی دەمەکەل وەکو لە گوڵە هەڵوژە چژابێ ، پەمەیی ئەنوێنێ ، تۆبای گەنج شوڵی ڕاوکردنەکەی ئەخستە بان شانی و وەکو سەگی شوانکارەیی ، گورج و گۆلانە بەبناری گردەکەدا تی‌ی ئەتەقاند ، لە گاشەبەردێکەوە بازی هەڵئەدایە سەر گاشەبەردێکی دیکە بەرەو دەریاکە گلۆر ئەبووەوە ، ئەتگوت لەشە ماسولکەیی‌یەکەی ئێسقانی تێدانی‌یە .

بزەیەکی وەك هاژەی تیژی دەریاکە دەم و چاوە زیبکاوی‌یەکەی ڕوناك ئەکردەوە ، لە بۆنی ئەو گوڵانە تیژتر بوو کە سروەی بەیانی‌یەکە ئەیدا بە ڕوویدا .

وێرەوێری کزی شەپۆلەکان لە ئەنجامی بەرکەوتنیان بەبەردەکاندا ، وەکو کیژۆڵە بۆ خۆیان کێش ئەکرد .

لەسەر قەراغی گاشەبەردێکی خۆڵەمێشی ڕەنگ پەمەیی دائەنیشتو قاچە گەنم ڕەنگەکانی بەرئەدایەوە ، بە چاوە ڕەشە گەورەکانی کە لە دوو قۆخ ئەچوون لە ئاوە سەوزباوەکەی ئەڕوانی ، شووشەی ڕووی ئاوەکە جیهانێکی سەیری بۆ خوڵقاندبوو ، وەکو جیهانی ناو چیرۆکی (جندۆکان) .

= گیاکەڵە = ئاڵتونی یەکان بە نێوان بەردەکانی بنی دەریاکەدا ورووژمیان ئەبردو گوڵە ڕەنگ گەشەکانی دا ئەپۆشی ، زۆرجار ماسی یە روباری یەکان بە سکە میللدارو پنت پنتاوی یە شینەکانیانەوە ، بە چاوە تووتەکانیانەوە لە ناو بژوێنی گیاکەڵەکەوە دەرئەپەڕین . ئاوەکە بە چەندان جۆرە ماسی ڕازابووەوە ، چ ماسی یە ڕەنگ زەردە درکاوی یەکان یا نقەی تەڵخی میللدار ، چ خڕە ماسی یە ڕەنگ ڕەشەکان کە وەکو ئەهریمەنی گچکە گچکە بە نەرمی یەوە ئەجمان ، یان ماسی یە سمێڵەو درە ماسی یەکان کەوەك پارچە زیو ئەبریسکانەوەو فێڵبازانە بەددانە وردیلەکانیان نانی دەم قوڵاپەکانیان ئەگرتو لەپاشا بەدەمە خڕە بچوکەکانیان گەمارۆیان ئەدا .

کێچەکانی دەریاش لە ئاوەڕوونەکەدا ، وەکو باڵندە قونەیان ئەکرد ، قرژانەکانیش بەسەر بەردەکاندا ئەکشانو قاوغە نەخشاوی یەکانیان لە ژێری یانەوە کێش ئەکرد ، ئەستێرە ماسی یە سورەکانی لە خوێن ئەچوون بەرەوپێشەوە خۆیان پاڵ ئەنا (سی ڕەگدار)[1] ە بەنەوشەیی یەکان بێورتە ئەجمانەوە ، جار جارەش (مورینا)ددان تیژە ترسناكو تۆقێنەرەکان لە ژێر بەردەکانەوە قیت ئەبوونەوە ، وەکو جادوگەری ناو چیرۆکی (جندۆکان) جەستە ماری یە سورەکانیان بەملاو بەولادا پێچ ئەدا ، لە ناخڵەفیشدا قرژاڵێکی خۆڵەمێشی خۆی پان ئەکردەوەو بەپەلە بەدوای نێچیردا هەڵپەی ئەکرد ، کوللەکانی دەریاش بە دەم ڕێکردنەوەوە ، بۆی ئەچەمانەوە .

دەریاکە لەگەڵ هەناسەدانەکانیدا ، کرۆکە شینەکەی دەخستە کەندولەند شەپۆلە سپی یە سەوزباوەکان بەسەر ئەو گاشەبەردەدا ئەشکانەوە کە لە سەری دانیشتبوو ، بە

---

١ – سی ڕەگدار : گیاندارێکی دەریای یە ، لاشەی چەتری و هێلکەیی یە ، ڕەنگی وەنەوشەیی یە .

نەرمی‌یەوە بەرەنگاری یەك ئەبوونەوە ، ئاوەکە هەوڵی ئەدا بەرپێی بکەوێت ، هەندێ جار سەرئەکەوت‌و ختوکەیان ئەداو بزەیان ئەخستە سەرلێوی ، ئەوسا بە دەم پێکەنینەوە تیێان ئەتەقاندو لە گاشەبەردەکە دوور ئەکەوتنەوە ، زۆری نەئەخایاند دووبارە ئەهاتنەوە ویزەی .

تیشکی خۆرەکە بە ئاوەکەدا ڕۆچوو بووە قوڵایی ،گورزە ڕووناکی‌یە درەوشاوەکانیش بە ناو کرۆکی ئاوەکەدا چەقیبوون .

گیانی جیۆڤانی کە وەکو دەریا کە بێپایان سەربەست‌بوو ، مەستی شادی‌بوو نە ئارەزوو نە بیرکردنەوە نەیئەوروژان ، شەپۆلە ڕۆشنەکان هەموو‌بوونیان داگیرکردبوو ، هەرچی‌یەکی بەرچاو بکەوتایە لیێ‌ڕائەما . بەم جۆرە ڕۆژانی پشوودانی ڕائەبوارد ، پاش ماوەیەك ، لە ڕۆژێ لە ڕۆژەکانی هەفتەدا ، دەریاکە کەوتە ئاخاوتن لەگەڵیاو لە خشتەی بردو کردی‌یە پارچەیەك لەخۆی‌و ڕایکێشایە ئەوشوێنەی جیۆڤانی شەیدای بووبوو .

ئەو ڕۆژە بوو لەگەڵ هەندێ مرۆڤ دیکەدا بەرەو ڕۆخی = سەقلیە = بارگەیان پێچابەوەو زەوی‌و زارەکەی بۆ براکەی بەجێ هێشت ، چوون بۆ ڕاوە = مەرجان = ، ئای کە پیشەیەکی ترسناك‌و بەچێژە ، ئەشێ هەڵکەوێ مرۆڤ دەجار لە ڕۆژێکدا بە نوقابچی‌و بخنکێ .

چ شتێکی واق‌ورهێنەری دی ، تۆڕەکان نوقی دەریاکە بووبوون‌و بەئاستەم ئەبیزان ، لە ناوەندیشدا لق‌و پۆپی وەنەوشەیی مەرجانەکانی دی کە وەکو بەخشینی دەریاکەوان بۆ مرۆڤ ، لەم کاتەدا کەوتە ژێر کاریگەری جادووی دەریاکەو بۆ هەتاهەتایی لە ووشکایی برا .

تەنانەت ئەوکاتانەش کە لەگەڵ دڵبەرەکانیشدا ئەدوا ، قسەی خۆشی باسی مەرجان‌و ماسی بوو ، باسی هەموو ئەو شتانەی بۆ ئەکردن کە لەبارەی یاری شەپۆلەکان‌و سەرگەرمی ڕەشەباو پاپۆرە گەورەکانی ناو دەریا نەناسراوەکانەوە ئەیزانی ، . تا لەسەر ووشکانیش بوو ، دوورەپەرێز ئەژیا ، بە پەرۆشی‌یەوە بەسەر زەوی‌یەکەدا ئەرۆیشت‌و دەنگی لەگەڵ خەڵکدا دەرنەئەهات بە دوو چاوە هەڵۆیی‌یەکەیەوە کە فێری پشکنینی ئەو قووڵایی‌یانە بوو کە پشتیان پیێ نابەستریێ ، لە خەڵکەکەی ئەڕوانی ، کاتیێ لە ناو دەریاشدا بوو ، وەکو = دۆلفین = چوست‌و چالاك بوو ، مرۆڤ خۆی ژیانی خۆی هەڵئەبژێریێ هەرچەندە باشیش بیێ ، پێنج دوو ساڵێك ئەخایەنیێ ،

کاتیٚ تەمەنی گەیشتە (٨٠) ساڵی ، کاری زۆر بۆ نە ئەکرا ، ئیدی نەیئەتوانی ماسی بەتامیان بۆ راوبکات ، دەستی تووشی باداری بوو ، بەگرانی لەشە چەماوەکەی بە سەر قاچە گێرەکانیەوە هەڵگرتبوو بە غەمگینی پاژنەی لە زەوی براکەی توند کرد بوو ، لەگەڵ برازاو نەوەکانیدا ئەژیا هەژارو شوێن بەزەیی بوون ، سەرەنجیشیان لەو پارچە نانە ئەگرت کە بە دەستە چەماوە پیرەکانی‌یە وە ئەیخستە ناو دەمە بیٚ ددانەکەیەوە ، هەر زوو هەستی بەمە کرد ، بۆ یە تووشی ژانو بەدبینی بوو ، چرچی پێستە تاوەسوتەکەی ئازارێکی نویٚیان ئەدایە .

هەرچەندە هاتنە رۆخی دەریا بۆ پیاوی پیر ئاسان نی‌یە ، هەر لەبەیانی‌یەوە تا شێوان لەسەر بەردی بەردەم زەوی‌یەکەیاندا دائەنیشتو چاوە کەنەفتەکانی لە دەریا درەوشاوە کە ، لەو شوێنە ئەبری کە ژیانی تێدا کۆتایی پیٚ هات .

دەریا شینەکە وەك خەون لەبەر دەم خۆرەرۆشنەکەدا ئەبریسکایەوە . شەوێکیان لەسەر بەردێکی تیژی وەك گوێزان دانیشتو بریاری خۆیدا ، کاتیٚ گەیشتە شەپۆلەکان ، بە وێرەوێرە ئاشناکەیان پێشوازیان کردو خۆیان ئەدا بە بەردی‌رۆخەکەدا ، لەوەوپاش خەڵك گێرایانەوە ، کە چۆکی دادابووە بان زەوی‌یەکەو رووی‌کردبووە ئاسمانو بەدەنگە زوڵاڵەکەی ، نزای بۆ هەموو ئەو مرۆڤانەش ئەکرد کە نەیئەناسین ، ئەوسا ئەو سیپالانەی داکەند کە ئێسکە کۆنەکانی‌یان داپۆشیبوو ، پێستە پیرەکەی نا بە گاشەبەردەکانەوەو سەرە بژنەکەی خوراندو سەری بڵندکردبووەوە ، لە ئاسۆی سەر دەریاکەی ئەروانی لەو شوێنەی کە ئەستێرەکان هێندە لە ئاوەکە نزیك دەرئەکەوتن ، ئەتگوت مرۆڤ ئەتوانیٚ بەدەست بیانگاتیٚ .

دەریاکە لە شەوە هێمنە هاوینەکەدا ، وەکو گیانی منداڵێك هێمن بوو ئەو منداڵەی یاری‌کردنی رۆژ ماندووی کردبیٚو کەروێشکەخەو بکا .

گەر بەشەو لە ناو ئاوە گەرمەکەدا مەلە بکەیت ، بروسکە شینەکانی لەژێر دەستدا ئەخلیسکێنو بلێسەیەکی شین خولت ئەداو دەست لە ئەستۆت ئەکا ، وردەوردە گیانت لە تیشك دانەوە نەرمەکەیدا ئەتوێتەوە وەکو ئەو چیرۆکانەی دایکان ئەیگێرنەوە جلەوی هەستت لەدەستدا ناهێڵنو ئەت‌دەنە بە دەم گێژاوەسەرشێتەکانەوە .

❋❋❋

# سیسکۆی پیرەمێرد

تازە یەکەم گورزە تیشکی خۆری دەم‌کەل ، بەسەر ناوچەکەدا بڵاوی ئەبووەوە ، بەر شەونمی سەر گژوگیاکان ئەکەوت‌و وەکو مرواری ئەیدرەوشاندنەوە ، هاژە هاژی ئاوی دەریاکە لە باوێشکی مرۆڤیٚ ئەچوو تازە بێدارکرابێتەوە ، باڵندەکان بە نێوان گەڵای دارزەیتونەکان‌دا هەڵ‌ئەفرین‌و سرودی بەیانیان ئەخوێند ، هێمنی باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشابوو .

پیرەمێردێکی سەر رِوتاوەی ، کەمیٚ پشت کۆماوە ، لە دەرگای ماڵێکی بچوکەوە هاتە دەرەوە ، بۆ ژوانی خۆرەکەی دەم‌کەل ، ئەم پیرەمێردە = ئیترۆ سیسکۆ =ی ناوە ، بە تەنیا ئەژی ، چرچ‌و لۆچی دەم‌و چاوی نیوەی چاویان شاردبووەوە . . . دەستە توکنەکانی بۆ ناوچەوانی بەرزکردەوەو سەیرێکی ئاسمانی کرد ، پۆست‌کارتێکی لەگیرفان دەرهێناو دوور لە خۆیەوە گرتی ، ماوەیەکی درێژ لیٚ‌ی‌راما ، پۆست‌کارتەکە وێنەی دوو گەنجی سەرزلی قژلول بوو ، لەپاڵ یەکدا دانیشتبوون ، بزەیەکی وەك بزەکەی سیسکۆیان بەسەر لێوەوە بوو ، لە خواریشەوە ، بە نوسینێکی گەورەو ئاشکرا ، نوسرابوو : (ئارتۆرۆ)و (ئینریکۆ)ی کورانی سیسکۆ ، دوو هاوریٚ‌ی بلیمەتی یەك پۆلن ، لەسەر ئەوەی (بیست‌و پێنج هەزار) کرێکاری چنین‌و رِستنیان هوشیار کردۆتەوە کە هەفتەی بە (شەش دولار) کاریان ئەکرد ، لەسەر ئەمە فریٚ‌دراونەتە بەندیخانەوە) . سیسکۆ نەخوێندەوار بوو ، نوسینەکەش ئینگلیزی بوو ، بەڵام ئەیزانی چی‌نوسراوە ، ئەم پۆستکارتەی دوومانگ لەمەوپێش پیٚ گەیشتبوو ، لەوباوەرِودابوو (وێنەی پیاوی هەژار تەنیا ئەوکاتە چاپ ئەکریٚ کە لە یاسا یاخی ئەبیٚ) لەبەر ئەمە ، دوودڵ بوو ، نەی‌ئەزانی چی‌بەسەرکورەکانی هاتووە ، وێنەکەی لەگیرفانی بەردڵیدا شاردەوە ، زۆرجار ئەیویست پیشانی (قەشە) کەیانی بدات تا کارەساتەکەی تیٚ‌بگەیەنیٚ ، بەڵام تاقی‌کردنەوە رِاستی ئەو قسەیەی بۆ دەرخستبوو کە ئەڵێن (لەوانەیە ، قەشە لەگەڵ خودا ، رِاست‌گۆبیٚ ، بەڵام

هەرگیز لەگەڵ مرۆڤدا ڕاستگۆ نابێ) .

یەکەم کەس کە ڕازی وێنەکەی زانی ، هونەرمەندە سەر سورەکە بوو ، بێگانەیەکی باڵابەرزو لاوازبوو ، زۆرجار سەری لە(سیسکۆ) ئەدا :

– (جەناب ، ئەم کورانە چی‌یان کردووە ؟) .

پاش کەمێ وردبوونە ، هونەرمەندەکە ووتی :–(سەیرکە وەکو یەك شادن)

– (باشە لێرەدا چی‌نوسراوە ؟)

– (بەئینگلیزی نوسراوە ، من ئەوزمانە نازانم ، ژنەکەم ئەیزانێ ، گەرئەویش ڕاستی بلێ) .

پیرەمێردەکە بە دڵشکاوی‌یەوە ، ڕۆیشتەوە ، بۆ سبەینێ چووبۆلای خانمی خێزانی = هونەرمەند =ەکە ، لە باغچەکەیاندا ، لە ناو جۆلانەیەکی بەرخۆرەتاودا ، پاڵکەوتبوو ، جل و بەرگێکی سپی ڕوونی لەبەردابوو ، چاوە شینە پرخەمەکانی لەئاسمانە شینەکە بریبوو ، بە ئیتاڵیایی‌یەکی تێك‌شکاو گوتی : (ئەمانە بەندکراون)

سیسکۆ هێزی ئەژنۆی نەماو لاقی لەرزی ، هەرچۆن بوو وێرای بپرسێ :

– (ئایا هیچیان دزیوە ؟ یان کەسیان کوشتووە ؟)

– (نەخێر ، لەبەرئەوەیەکە سۆشیالیستین)

– (سۆشیالیستی چی‌یە ؟)

خانمەکە چاوی نوقاندو وەڵامی دایەوە :–

– (پیرەمێرد ، ئەمە (ڕامیاری = سیاسە)ەکاری تۆنی‌یە)

سیسکۆ ئەیویست ، ڕاستی کارەساتەکەی بۆ دەربکەوێ ،تا خانمەکە چاوی کردەوە ، وەستا ئەوسا پرسی :

– (خۆشتێکی بێ‌ئابڕوویی‌یان نەکردووە ؟)

یەکەسەروەڵامی دایەوە : ( پێم‌ووتی ئەمە ڕامیاری‌یە ، تۆ تێ‌ناگەی)

نەخێر تێ‌نەئەگەیشت ، سەرکارو پیاوی دەوڵەمەندی ڕۆما ڕامیاریان بۆ ڕوتاندنەوەی هەژاران بەکارئەهێنا ،

ئەوشەوە ، لەبەر مانگەشەو بە دیار وێنەکەوە دانیشت ، بریاریدا ، بەیانی لە (قەشە) بپرسێ ، ئەویش پێی‌ووت :

– (سۆشیالیستی‌یەکان ، ئەوانەن نکۆڵی لەویستی خودا ئەکەن، ئەمەندەبزانە بەسە) .
کە پیرەمێردەکە ویستی بڕوا ، پێی‌ووت :
– زۆرجیێ شەرمەزاری یە تۆلەم تەمەنەدا ، خوت‌داوەتە ئەم شتانە) .
سیسکۆ بەخۆی‌ووت : (باش‌بوو وێنەکەم پیشان‌نەدا !)
پاش چەند رۆژێك ، پیرەمێردەکە چووبۆلای سەرتاشێك کە هەڵس‌و کەوتی لەگەڵ ئەوبێگانانەدا زۆربوو ، کە بۆ گەشت‌و گوزار ئەهاتن بۆ ناوچەکەیان ، وێنەکەی پیشان‌دا ، ئەویش بەخۆشی‌یەوە ووتی :
– (خۆئەمە (ئارتۆرۆ) و (ئینریکۆ)ی برادەرمن ، چاوو دڵم ڕۆشن بەڵام شتێکیان نەکردوە مرۆڤ شانازی پێوەبکات)پیرەمێردەکە ووتی : (ووس‌بە ، زمان درێژی نەکەی)
سەرتاشەکە هاواری کرد : (شتێکی‌نایابە !)
– (باشە لێرەدا چی‌نوسراوە ؟)
– (نازانم بیخوێنمەوە ، بەڵام دڵنیام دەوڵەمەندبووە)
لیێ‌دا ڕۆیشت ، بۆلای ئەو کابرا ڕووسی‌یەی ڕێزی ئەگرت ، چووە ماڵەکەیان‌و لیێ پرسی : (لێرەدا چی‌نوسراوە ؟ ، ئەم دوو گەنجە چی‌یان کردوە ؟)
ڕووسی‌یەکە سەرەنجێکی لەوێنەکە گرت‌و بەدەنگێکی نزم‌و بەبەزەیی‌یەوە بۆی خوێندەوە ، پیاوە پیرەکە ووتی : ( ئەم کوڕانەم بۆگیراون ، سبەینێ کە مردم ، چۆن وەڵامی –مریەم– بدەمەوە کەلیێ پرسیم ، کوڕەکانت چی‌یان کردوە ؟)
ڕوسی‌یەکە دڵنیای کردەوە : (بەمریەم – بڵێ ، کوڕەکانم زۆرباش لە ئامۆژگاری‌یەکانی کوڕەکەت گەیشتوون‌و دراوسێکانیان خۆش ئەوێ) .
باوەری بەڕوسی‌یەکە کرد ، تەوقەیەکی گەرمیان کرد :
– (کەواتە ئەمە فەرمانی بەندکردنیان نی‌یە ؟)
– (نەخێر ، تۆ ئەزانی هەرکە هەژارێ کارێکی باشەی کرد ، لە بەندیخانە توندئەکرێت ، بەڵام دەوڵەمەند کاتێ بەندئەکرێ ، کە هێندەی بەدکاری کردبێ بە کاربەدەستانیش نەشاردرێتەوە ، باپێت‌بڵێم تۆ باوکێکی بەختەوەری کوڕەکانی تۆ بەئابروون ، مرۆڤی بەئابروو لەم جیهانەدا زۆران لەگەڵ هەژاری‌و نەزانی‌دا ئەگرن) .
لەبەر خۆرەتاوەکەدا ، ڕاوەستاو بیری لە کوڕەکانی ئەکردەوە ، ئێستا لە

هەرگیز لەگەڵ مرۆڤدا ڕاستگۆ نابێ) .

یەکەم کەس کە ڕازی وێنەکەی زانی ، هونەرمەندە سەر سورەکە بوو ، بێگانەیەکی باڵابەرزو لاوازبوو ، زۆرجار سەری لە(سیسکۆ) ئەدا :

– (جەناب ، ئەم کورانە چی‌یان کردووە ؟) .

پاش کەمێ وردبوونە ، هونەرمەندەکە ووتی :–(سەیرکە وەکو یەك شادن)

– (باشە لێرەدا چی نوسراوە ؟)

– (بەئینگلیزی نوسراوە ، من ئەوزمانە نازانم ، ژنەکەم ئەیزانێ ، گەرئەویش ڕاستی بڵێ) .

پیرەمێردەکە بە دڵشکاوی‌یەوە ، ڕۆیشتەوە ، بۆ سبەینێ چووبۆلای خانمی خێزانی = هونەرمەند =ەکە ، لە باغچەکەیاندا ، لە ناو جۆلانەیەکی بەرخۆرەتاودا ، پاڵکەوتبوو ، جلو بەرگێکی سپی رِوونی لەبەردابوو ، چاوە شینە پرخەمەکانی لەئاسمانە شینەکە بریبوو ، بە ئیتاڵیایی‌یەکی تێك‌شکاو گوتی : (ئەمانە بەندکراون)

سیسکۆ هێزی ئەژنۆی نەماو لاقی لەرزی ، هەرچۆن بوو وێرای بپرسێ :

– (ئایا هیچیان دزیوە ؟ یان کەسیان کوشتووە ؟)

– (نەخێر ، لەبەرئەوەیەکە سۆشیالیستین)

– (سۆشیالیستی چی‌یە ؟)

خانمەکە چاوی نوقاندو وەڵامی دایەوە :–

– (پیرەمێرد ، ئەمە (رامیاری = سیاسة)ەکاری تۆنی‌یە)

سیسکۆ ئەیویست ، ڕاستی کارەساتەکەی بۆ دەربکەوێ ،تا خانمەکە چاوی کردەوە ، وەستا ئەوسا پرسی :

– (خۆشتێکی بێ‌ئابروویی‌یان نەکردووە ؟)

یەکەسەروەڵامی دایەوە : ( پێم‌ووتی ئەمە رامیاری‌یە ، تۆ تێ‌ی‌ناگەی)

نەخێر تێ‌نەئەگەیشت ، سەرکارو پیاوی دەوڵەمەندی ڕۆما رامیاریان بۆ روتاندنەوەی هەژاران بەکارئەهێنا ،

ئەوشەوە ، لەبەر مانگەشەو بە دیار وێنەکەوە دانیشت ، بریاریدا ، بەیانی لە (قەشە) بپرسێ ، ئەویش پێ‌ی‌ووت :

– (سۆشیالیستی‌یەکان ، ئەوانەن نکۆڵی لەویستی خودا ئەکەن، ئەمەندەبزانە بەسە) .
کە پیرەمێردەکە ویستی بروا ، پیِ‌یْ‌ووت :
– زۆرجیِ‌یْ شەرمەزاری یە تۆلەم تەمەنەدا ، خوتداوەتە ئەم شتانە) .
سیسکۆ بەخۆی‌ووت : (باش‌بوو وێنەکەم پیشان‌نەدا !)
پاش چەند رۆژێك ، پیرەمێردەکە چووبۆلای سەرتاشێك کە هەڵس‌و کەوتی لەگەڵ ئەوبیِگانانەدا زۆربوو ، کە بۆ گەشت‌و گوزار ئەهاتن بۆ ناوچەکەیان ، وێنەکەی پیشان‌دا ، ئەویش بەخۆشی‌یەوە ووتی :
– (خۆئەمە (ئارتۆرۆ) و (ئینریکۆ)ی برادەرمن ، چاوو دڵم رۆشن بەڵام شتێکیان نەکردوە مرۆڤ شانازی پێوەبکات)پیرەمێردەکە ووتی : (ووس‌بە ، زمان درێژی نەکەی)
سەرتاشەکە هاواری کرد : (شتێکی‌نایابە !)
– (باشە لێرەدا چی‌نوسراوە ؟)
– (نازانم بیخوێنمەوە ، بەڵام دڵنیام دەوڵەمەندبووە)
لیِ‌یْدا رۆیشت ، بۆلای ئەو کابرا رووسی‌یەی رێزی ئەگرت ، چووە ماڵەکەیان‌و لیِ‌یْ پرسی : (لێرەدا چی‌نوسراوە ؟ ، ئەم دوو گەنجە چی‌یان کردوە ؟)
رووسی‌یەکە سەرەنجێکی لەوێنەکە گرت‌و بەدەنگێکی نزم‌و بەبەزەیی‌یەوە بۆی خوێندەوە ، پیاوە پیرەکە ووتی : ( ئەم کورانەم بۆگیراون ، سبەینیْ کە مردم ، چۆن وەڵامی –مریەم– بدەمەوە کەلیِ‌یْ پرسیم ، کورەکانت چی‌یان کردوە ؟)
روسی‌یەکە دڵنیای کردەوە : (بەمریەم – بڵیْ ، کورەکانم زۆرباش لە ئامۆژگاری‌یەکانی کورەکەت گەیشتوون‌و دراوسێکانیان خۆش ئەویْ) .
باوەری بەروسی‌یەکە کرد ، تەوقەیەکی گەرمیان کرد :
– (کەواتە ئەمە فەرمانی بەندکردنیان نی‌یە ؟)
– (نەخێر ، تۆ ئەزانی هەرکە هەژاریْ کارێکی باشەی کرد ، لە بەندیخانە توندئەکرێت ، بەڵام دەوڵەمەند کاتیْ بەندئەکریْ ، کە هێندەی بەدکاری کردبیْ بە کاربەدەستانیش نەشاردرێتەوە ، باپێت‌بڵێم تۆ باوکێکی بەختەوەری کورەکانی تۆ بەئابروون ، مرۆڤی بەئابروو لەم جیهانەدا زۆران لەگەڵ هەژاری‌و نەزانی‌دا ئەگرن) .
لەبەر خۆرەتاوەکەدا ، راوەستاو بیری لە کورەکانی ئەکردەوە ، ئێستا لە

مەی‌خانەیەکی شارێکی ئەوبەر دەریالوشەکەدا کارئەکەن ، یان لەوانەیە لە بەندیخانەدابن ، گەروابێ بەندیخانە بۆ تەندروستیان باش‌نی‌یە ، کەوتەبیری ئەوەی ، گەر بەندکرابن لەسەر ئەوەیە کە ویستویانە وەکو باوکیان بە ئابڕووەوە ژیان ببەنەسەر ، ئەوبیرۆکانەی لە مێشکی دا چاندبووی ، لە مێشکی منداڵەکانی‌دا چەکەرەیان کردبوو ، زۆر شانازی بەمەوە ئەکرد ، هەرکەمەستی یادی منداڵەکانی ئەبێ ، ئەوسا پشتە کۆماوەکەی ڕاست ئەکاتەوەو هەناسەیەکی قوڵ ئەداو ڕوو لەوشوێنە ئەکات کە منداڵەکانی کاری تێدائەکەن‌و هاوار ئەکات : — ( ڤال— — —ۆۆ)[1] چەندجارێ ئەم ووشەیە دەنگ‌ئە ئەداتەوەو (ۆۆ) کە تا ماوەیەکی درێژ ئەدرێتەوە .

---

(١) — (ڤالوو)Valo — واتە ئازاو چاونەترس ، لەبەر زنجیرەی کارەساتەکان ووشە کوردی‌یەکەم لە شوێنیدا ، دانەنا .

# جەژنی لە دایك بوون

زۆری نەمابوو ببێتە نیوەشەو ، هەورەکان بارگەیان پێچایەوەو ئاسمانی (کاری)یان بەجێ‌هێشت‌و بەری ئەستێرەکانیان بەردا ، کە ئەیان‌جریوان .

دەنگی ئۆرگۆنی کڵیسەکان ئەبیسترا ، لە بەرزایی شەش‌سەد مەتر ، لە ترۆپکی ئەوچیایەی هەورێکی سپی لی‌ئالأبوو ، جی‌نزرگای پیاوێکی لە خواترس هەبوو ، چەندان گۆر دەوروپشتیان گرتبوو .

خەڵکەکە بە هەموو لایەکی شارەکەدا بڵاو بووبوونەوە ، پی‌ئەکەنین‌و ئەیان قریشکاندو گۆرانیان ئەووت ، تاوەناتاوی منداڵێك فیشەکەشێتەیەکی بە ئاسمان‌دا هەڵ‌ئەدا ، لەناخلەفا ، کاتژمێری بان قوله = برج =یك لی‌ی‌دا ، لەسەرەتادا چوارجارو لەپاشا دوازدەجار لی‌ی‌دا ،وێردەئایینی کڵێسەکان کۆتایی‌هات ، خەڵکی ناو کڵێسەکە هاتنەدەرەوەو هوروژمیان هێنا بۆ ئەوشوێنەی فیشەکەشێتەکانی لی‌دا هەڵ‌ئەدرا بە ئاسمان‌دا .

چیانشینەکانی (ئەبرۆزی) وەك هەموو جەژنی سەری‌ساڵی هاتنەخوارەوە بۆبەشداری‌کردنی خەڵکی شارەکە لەم خۆشی‌یەدا ، جل‌و بەرگێکی کورتی شینیان لەبەردابوو ، شەبقەیەکی پانیان لەسەردابوو ، پوزەوانەو گۆرەوی خوری‌یان لەپی‌کردبوو شمشاڵ‌و بلوێری تەختەیان بەدەستەوە بوو ، دوای کەژاوەیەك کەوتبوون = پەیکەری مەسیحی ساوا =ی تێدا دانرابوو ، دەستی خستبووە سەریەك‌و لە خودا ئەپاڕایەوە = بەرەو کڵێسەکە ئەچوون ، دەنگی مۆسیقاو گۆرانی شوانکارەکان لە پێچاو پێچی شەقامەکەوە ئەهات ،هۆردوایە منداڵ دوایان کەوتبوون ،

تا گەیشتنە گۆڕەپانەکە ، ئاگریان هەڵ‌گیرسان ، گۆڕەپانەکە رووناك بووەوە .

لە شەقامێکی دیکەوە کەژاوەیەك بەرەو گۆڕەپانەکە هات ، کیژۆڵەیەك ، پەیکەری = مریەم =ی هەڵ‌گرتبوو لەپێش خەڵکەکەوە ئەرۆیشت ، لەلایەکی گۆرەپانەکەدا تابلۆیەك دانرابوو ، کاروانی پادشاو خەڵکی تێدا کێشرابوو کەبەرەو ئەو ئەشکەوتە ئەکەوتنەڕێ کەجی نزرگای ( یوسف‌و مریەم) ، کاروانەکە نومیدی‌و عەرەب‌و

جولەکەشی تێدابوو ، هەریەکەیان دیاری خۆی بار کردبوو ، کەژاوەکانیان بە کەلەپوری خۆیان ڕازاندبووەوە .

نیگارکێشەکان لە تەنیشت تابلۆکەوە ڕاوەستابوون ، گوێیان لە ڕازو خوازو ستایشی منداڵەکان ڕاگرتبوو کە بەوردیو ساکاریەوە لە تابلۆکەیان ڕامابوون . وردەوردە منداڵان ، لێرەو لەوێ ، کۆبوونەوەو چەند ئامێرێکی ساکاریان ئەدابەیەکداو بەدەم تەقە تەقە کانیانەوە ، سرودی میللی جەژنی سەری ساڵیان ئەووتو بەدەمیەوە کەوتبوونە سەماکردن :—

خانمو جوانان
ئەم ساڵتان شاد
گوێڕادێرن بۆ ئەو مزگێنیەی
هاورێ بچوکەکەتان پێتان ئەڵێ :
دڵو گوێتان بکەنەوە
جزدانەکەتان دامەخەنەوە
ئەمڕۆ ڕۆژی خودایە
سەرلەنوێ ئەژینەوە
ڕزگارکەری ئێمە
بەڕووتیو هەژاری لە دایك بوو
گاکان بە هەناسە
گەرمیان کردەوە
لە گشت خەمو خەفەتەکانمان
دا ئەماڵێ
هەموو ژیانی تەرخان ئەکات
بۆ ئێمەی هەژار
ستایشی خودا بکەن
ناوی بە پیرۆز ڕابگرن

ئەمڕۆ بکەن بە ڕۆژی ئەو
بیکەن بە جەژنی شادی

کۆمەڵە منداڵێکی کە ، گۆرانی یەکی دیکەیان ئەووت و سەمایان ئەکرد ئەوکەسە بەبیر خۆت بهێنەرەوە
شوانو پادشاو گەداکان کڕنوشی بۆ ئەبەن

بوم بوم ، تەپڵەکان لێئەدران ، لولك ژەنەکان هاتنەپێشەوەو گۆرانی یەکی نوێیان بۆ منداڵان ڕێكخست :-

لە دێریندا
فیرعەونی تەڵەکەباز
لەترسی کۆرپەیەك
هەموو منداڵە بچووکەکانی
وولاتەکەی سەربڕی
بەڵام ئەو مردو ئێمە ماینەوە
ئەمڕۆ تەنیا
مریشكو کەڵەشێر سەرئەبڕێن

پێگەیشتووەکانیش ، کەوتنە سەماکردنو گۆرانی ووتن ، (کارلۆبامیلۆلا)ی باخەوان ، کە کابرایەکی قەڵەو بوو ، هەستایە سەرپێو منداڵەکانی بێدەنگ کردو کەوتە گۆرانی ووتن :

خەمو ناسۆرتان بدەن بەبا
چەرمەسەریتان لە بیربەرنەوە
لەمەولا نەخۆشی نابێتە میوانتان
لەمەولا ئەهریمەن توختتان ناکەوێ
سەیری ئەو ئەستیرانە بکەن
لە ئاسماندا ئەدرەوشێنەوە

ژیانی ئێمەش
گەرم ئەبێتەوەو ئەدرەوشێتەوە

لە پەنجەرەیەکەوە ، دەنگی گۆرانییەك بەرز بووەوە :

گەرتۆ شادو لەش ساغ بی
هەموو شتێ بە دڵی تۆ ئەبێ .

زۆری نەمابوو ، کازیوە بدات ، نارنجو لیمۆی ناو باغچە تاریکەکان دەستیان کرد بە بریسکاندنەوە ، هێشوە ترێکان لە گەردانەی گەوهەرو یاقووت دەچوون ، هەوا شێدارو خوێیاوییەکە پڕبوو لەبۆنی نێرگسو مێخەکی ڕەنگاوڕەنگ ، سپیدەیدا ، سوپای تاریکی هەرەسی هێنا .

# نانسیا

ناوچەی (سان جیا کۆمۆ) تەنیا شانازی بە (فوارە) دڵرفێنەکەیەوە ناکات ، زۆر مرۆڤی گەورەو بەناوبانگی تێدا لە دایك بووە ، (جیۆڤانی بۆکاشیۆ)ی نەمر ، لەم ناوچە یەدا لە دایك بوو ، لە پێناوی خەڵکە هەژارەکەیدا جەنگاو خۆی بەخت کرد ، جاران پتر مرۆڤی بەناوبانگ لە دایك ئەبوون بەڵام ئێستا مرۆڤ زۆر بەگرانی ئەتوانێ لە هاورێکانی بەرزتر بێتەوەو ناوبانگ دەربکات !

تا هاوینی پێشوو ناوچەکەمان ، شانازی بە (نانسیا) وە ئەکرد ، ئافرەتێکی شۆخ‌و شەنگی سەوزە فرۆش بوو ، بە (فەروخ لیخا = ملكة الجمال)ی ناوچەکەمان دائەنرا ، ڕووخۆش و گوفت شیرین بوو ، مێردەکەی جاری لێ‌ئەکێشاو لێی خانەگومان بوو ، ڕۆژێکیان لەسەرنانسیا ، چەقۆیەکی لە کابرایەك‌دا ، کاربەدەستان گرتیان ، پاش بەربوونی سەری خۆی هەڵگرت‌و چوو بۆ (ئەرجەنتین) ، ئەمی لە بیست‌و سێ ساڵی دا بە بێوەژنی بەجێ‌هێشت ، کچێکی پێنج ساڵان‌و باغچەیەکی سەوزەمەنی‌و گالیسکەیەکی بچوك‌و دوو کەری بۆ بەجێ هێشت ، (نانسیا) کەوتە ئیش کردن تا بە ئارەقی ناوچەوانی ژیانی خۆی‌و کچەکەی پێ ببات‌بەرێوە .

هەندێ ئافرەتانی ناوچەکەمان خۆشیان نە ئەویست ، بەڵام ئەم رووی بە پیاوی ژن‌و ماڵدار نەئەدا ، گەر ئاژاوەیەك بکەوتایەتە نێوان ژن‌و مێردێکەوە ڕێکی ئەخستنەوە ، ئەیووت :

— (خۆشەویستی ڕاست ئەوەیە ، هەرگیز تێیدا نەبەزی)

(ئارتۆرۆ لانۆ) ماسی‌گرو گۆرانی بێژ ، زمان لووسی وەك خۆی لەم ناوچەیەدا نەبوو ، بە (نانسیا)ی ووت : (لەوانەیە وابزانی ، خۆشەویستی وەکو (خواناسی) ئاڵۆزە ؟)

— (هیچ لە زانست نازانم ، بەڵام گۆرانی‌یەکانتم لەبەرە)

دەستی کرد بە گۆرانی ووتن بۆ (لانۆ) قەڵەو

(بەم زووانە کچەکە مێرد ئەکاو

لەسەرەتای بەهاردا ، کورێکی ئەبێ)
لانۆ = دەستی کرد بە پێکەنین .

نانسیا باشترین سەماکەری ناوچەکەمان بوو ، لەبەر چاوو دڵان بوو ، وەك ئەستێرە ئەدرەوشایەوە ، بێگانەکانیش خۆیان لێخۆش کردبوو ، هەوڵی زۆریان داو پارەی زۆریان خەرج ئەکرد ، تاژوانێ لەگەڵ = نانسیا = دابیەستن ، بەلام بێهودە ، پێیان پێئەکەنی و ئەیووت : ( بە چ زمانێ لەگەڵ ئەو کابرایە دا قسەبکەم ؟)
– (بەزمانی دراوی زێڕ)
– جگە سیرو پیازۆتەماتە هیچمنی‌یە بە بێگانەکانی بفرۆشم ؟)
بە پەنهانی ئەچوونە بن‌کلێشەیەوە :
– (تەنیا مانگێ ئەم کارە بکە ، ئیدی ئەبیتە دەوڵەمەندترین ئافرەت لە بیریشت نەچێ تۆ کچێکت هەیەو ئەبێ باش بیژێنی)
– (نا نەخێر ، من لەشێ خۆم خۆش ئەوێو نایفرۆشم ، هەر ئەوەندەت خۆشە تا چەندکارێك ئەکەیت بە دڵی‌خۆت نەبێ ،ئیدی خۆتت لەبەر چاو ئەکەوێ)
– (ئەی بۆچی دەست نانێی بەرووی ئەو خەڵکانەی کەوە ؟)
– (گەر دڵم بچێتە سەر هاوشێوەیەکی خۆم ، دەست بەروویەوە نانێم)
– (مەبەستت چی‌یە ؟ ، لە هاوشێوەی خۆت)
– (ئەو خەڵکەی کە لە ناویاندا لەدایك بووم و گۆش بووم ، لێم تێئەگەنو لێیان تێئەگەم) .
دوستێکی هەبوو ، خەڵکی ئینگلستان بوو ، پیاوێکی سەیرو بێدەنگ بوو ، بەزمانی خۆشمان قسەی ئەکرد ، هەرچەندە گەنج بوو ، بەلام قژی ماش‌و برنجی بوو ، هەندێ کەس ئەیانووت ، چەندان (پەرتوك = کتێب)ی داناوە ، هەندێکی کە ئەیانووت ، قومارچی‌یە . هەژاریش بوو ، زۆرجار = نانسیا=ی لەگەڵ خۆی ئەبرد بۆ (سەقلیە) ، رۆژێکی یەك‌شەممە ، لەگەڵ (نینا)ی کچی لە تەنیشت سەوزەمەنی‌یەکانیانەوە راوەستابوون ، کە خەڵکەکە لە کڵێسەکە هاتنە دەرەوە ، بەسەرسورمانەوە بەیەکیان ئەووت : (سەیرکەن ، (نینا) هەرئەڵێی دایکێتی !)
راستیان ئەکرد ، وەکو دایکی شۆخ‌و شەنگ بوو ، چواردەساڵان ، باڵابەرز ،

کەزی یە ئاڵتونی ، هەموو شێوەیەکی ژنێتی تێدابوو .

– (نینا ، ئەتەوێ لەمن جوانتربی ؟)

کچەکە بزەیەکی گرت :– (نەخێر ، گەرهێندەی تۆ جوان بم بەسمە)

بۆ یەکەم جار ، ترس کەوتە دڵی (نانسیا)وە ، ئێوارەیەکیان بە دەستەخوشکەکانی ووت : ( ژیان وایە ، هێشتا نیوەی پەرداخەکەی بەردەمت نەخواردۆتەوە یەکێك دەست درێژئەکاو ، نیوەی ناو پەرداخەکەت هەڵئەقورێنێ)

لە پێشەوە نیشانەی جارکێشان لە نێوانیان دا بەدی نەئەکرا ، کیژەکە بە شەرمەوە رەفتاری ئەکرد ، گەر نێرینەیەك لەوناوەدا بووایە ، بە دەگمەن لێوی هەڵ ئەهێنایەوە قسەبکات ، = نانسیا = چەند خشت و مشت بوو ، هێندەش بە شارەزابی جل و بەرگ و بۆن و بەرامەی هەڵئەبژاردو جوانی یەکەی پێ زاخاو ئەدایەوە .

ساڵێ ، دووساڵ تێپەری ، خەڵکەکە نەیان ئەزانی کامیان جوانترە ، دەستە خوشکەکانی نانسیا ، ئەیان ووت :– ( کچەکەت خەریکە بازاری نازت ئەشکێنێ)

بە پێکەنینەوە وەڵامی ئەدانەوە :– (مانگ و ڤینۆس لەیەك ئاسمان دا هەڵدێن !)

وەکو دایکێك شانازی بە جوانی کچەکەیەوە ئەکرد ، بەڵام وەکو ئافرەتێ ، بەرچاوی لە جوانی یەکەی تەنگ بوو ، – لانۆ – گۆرانی یەکی نوێی هۆنی یەوە :–

– خۆم بە جوانی لە دایك بووم
ئەرکی خۆم بەجێ دێنم و
حەزئەکەم کیژەکەشم
بەجوانی لە دایك بێ –

دڵی بەم گۆرانی یە تەنگ ئەبوو ، لەوقسەیەی کچەکەی ئەچوو کە زۆرجار پێی ئەووت :

– (دایە ، گەر کەمێ بەرچاوت فراوانتربێ ، ئەوا ئەتوانین بە شادی بژین)

ئەورۆژەهات ، (نینا) بڵێ :

– (دایە ، ئیدی من منداڵ نیم ، تۆ تەمەنێکی پرخۆشیت بەسەربردوە ، ئیدی سەرەی من هاتووە بە شادی بژیم) .

دایکەکە بە دڵشکاوی‌یەوە پرسی :( بۆ چی‌بووە ؟ ! )

لەم کاتەدا ، (ئێریکۆ بۆربۆرن)ی دۆستی = نانسیا = لە =ئوستراليا= گەڕایەوە ، پیاوێکی سی‌و شەش ساڵەی باڵابەرزو ڕیش‌دارو ڕووخۆش بوو ، سەرگوروشتەی جەنگەڵەکانی بۆ ئەگێرانەوە ، دایك‌و کچەکە ، تەواو هۆگری بووبوون ، – نینا – ووتی :

(ئێریکۆ – دڵی بەمنەوەیە ، بەڵام لەبەرتۆ ئەم هەستەی خۆی شاردۆتەوە) .

نانسیا ووتی : (تێ‌گەیشتم ، ئیدی من ڕووی نادەمێ)

دەستی لەوپیاوە هەڵگرت ، کە هەموو کەس ئەیزانی ، لە هەموو کەسێکی کە زێتر خۆشی ئەوێ ، ئیدی (نینا) پی‌ی‌لی‌هەڵبری و بەبێ شەرمانە ، لەگەڵ دایکی‌دا قسەی ئەکرد ، تا لە پشودانێکدا ، لەگەرمەی کۆری گۆرانی و سەما کردن دا ، لەوکاتەدا نانسیا ، بەگورەوە سەمای (ترانتیلا)ی ئەکرد ، بەدەنگی بەرز بەدایکی ووت :

– (دایە ، پشوویە بدە ، لەوتەمەنەی تۆدا ، ئەو سەماکردنە بۆ دڵ باش نی‌یە) .

نانسیا ، لە سەماکردن وەستا ، دەستی خستە ناوقەدە باریکەکەی و قیژاندی :

– (دڵی من ، تۆ خەمی دڵی منتە ؟)

پاش دامانێك قسەکەی تەواو کرد : ( باپێشبرکێ‌یەك بکەین ، بزانین دڵی کاممان بەهێزترە ، سێ‌جار بێ‌وەستان لێرەوە ڕائەکەین تا فوارەکەو ئەگەڕێینەوە) .

خەڵکەکە بەدەم گاڵتە پی‌کردنەوە ، (نینا)یان هەڵئەنا ، سەرەنجام بە پێشنیارەکەی دایکی قایل بوو ، چاودێرو دەمڕاستیان هەڵبژارد ، زۆربەی خەڵکەکە حەزیان ئەکردو نزایان بۆ (نانسیا) ئەکرد ، کە بیباتەوە .

دایکەکە سەرپۆشێکی سوری بە سەرەوە بە ستبوو شان بەشانی کچەکەی ڕاوەستا کە سەرپۆشێکی شینی ئاسمانی بە سەرەوە بە ستبوو ، زەنگ لی‌درا ، تی‌یان تەقاند ، بەرەو گۆرەپانەکە ڕایان کرد ، لە دوو باڵندەی سپی ئەچوون ، دایکەکە هێندە لەش سوك بوو ، هەرلەسەرەتاوە دایان‌نابوو کە ئەو ئەیباتەوە ، لە پەنجەرەکانەوە گوڵبارانیان ئەکردن‌و (ئافەرین)یان لی ئەکردن ، (نینا) دواکەوت ، هەرەسی هێناو نەیتوانی خولی سی‌هەم ڕابکا ، ڕاوەستا ، نانسیا خۆی بەسەردا نوشتانەوە ، لەگەڵ خەڵکەکە پی‌کەنی‌و بەکچەکەی ووت (منداڵ) دەستی بەقژی شێواوی کچەکەی‌دا هێناو پی‌ی ووت :

– (ئەبێ بزانی ، بە هێزترین دڵ چ لەکار یا یاری‌یان خۆشەویستی‌دا ئەو دڵەیە کە ژیان پەروەردەی کردوە )

بێ پشوودان ، داوای مۆسیقای سەمای (ترانتیلا)ی کرد بۆی لێبدەن ، هاواری کرد : (کێ سەمام لەگەڵ ئەکا ؟)

ئیژیکا ، هاتەپێشەوە ، شەبقەکەی داگرتو لەبەردەم ئەو ئافرەتە شیرینەدا چەمایەوە ، دەفەکە لێدرا ، ئەتگوت بۆ سەمای جندۆکان لێئەدرێ ،

وەکو مارپێچی ئەخواردو خۆی بائەداو سەمای ئەکرد ، تا ماوەیەکی زۆر لەگەڵ زۆرکەس دا سەمای کرد ، تا نزیك نیوەشەو ، کە نیوەشەو ڕابورد ، هاواری کرد :

(ئینریکۆ ، وەرە بۆ دواجار ، پێکەوە سەما بکەین)

لەسەر خۆ کەوتنە سەما ، چاوی فراوان بوو ، لەپڕ هاوارێکی لێهەڵسا ، باڵی بلاوکردەوەو کەوتە سەرزەوی دکتۆرەکە ووتی :– (دڵی پساوە)– کێ ئەڵێ وانەبوو ؟

# کارلۆن گاریالدی

شەوێك لەشەوە خامۆشەکانی (کانونی یەکەم) ، دوو پیاو لەنێوان گاشەبەردەکانی کەنارەکەدا ، دانیشتبوون بەدەنگی نزم قسەیان دەکرد ، یەکێکیان سەربازێکی گەنج بوو ، بەدیار خویّی نێوان گاشەبەردەکانەوە دانرابوو ، بۆ ئەوەی نەهێڵێ گوندنشینو ماسی گرەکان کۆی بکەنەوەو ببەن ، زەلامەکەی کەیان ماسی‌گرێکی پیری لوت‌چەماوەو گەنم ڕەنگ بوو . سەربازەکە باسی دڵداری ئەکرد ، پیرەکە تەمبەڵانە پێی‌ووت :

– (کێ بەم زستانە دڵداری ئەکات ؟ ، ئێستا کاتی لە دایك بوونی منداڵانە !)

– (جا ئەوەقسەیە ؟)

– (ئەی بۆ قسەنی‌یە ؟)

– (نە بەخودا قسەنی‌یە)

– (من وەك تۆ سەربازنیم ، بەبەستریمەوە ، من سەربەستم و کارم زۆرکردووە ژیان تاقی کردنەوەی زۆری فێرکردوم)

– (من تێ‌ناگەم)

– (ڕۆژێ‌دێ تێ‌بگەی)

تەپەدۆری تۆڕەکان لە ناو ئاوەکەدا بێ‌جوڵە وەستابوون .

– تۆ بۆچی نا خەوی ؟

پیرەمێردەکە بەدەم کۆکە کۆکەوە وەڵامی دایەوە :

– (تەپەدۆری تۆڕەکان نابینی ؟ ، بەدیار تۆڕەکانەوە دانیشتوم)

– (با ئەیان بینم)

– (سێ ڕۆژ لەمەوبەر تۆڕێکیان دڕاندبوو)

– (دۆلفین – دڕاندبووی ؟)

– (نەخێر ، لەوانەیە سەگی دەریا دڕاندبێتی)

بەردێکی بچوك وەك لەژێر پێی گیاندارێکەوە ترازابێ ، بە کەنار گردەکە بەناو

گژوگیاوشکەکەدا بەربووەوەو کەوتە ناو دەریاکەو شلّپەی‌هات . سەربازەکە دەستی کرد بە گۆرانی ووتن :

ئەزانی بۆ
مرۆڤی پیر ، وەکو نەخۆش ئەخەون ؟
لەبەر ئەوەیە لە لاوی‌دا
زۆر خۆیان مەست‌کردوە .
پیاوە پیرەکە بۆلاندی (من وانیم)
لەسەر گۆرانی‌یەکەی رۆیشت :
چی‌دی وایان لی‌ئەکا
وەك نەخۆش بخەون ؟

**لەبەر ئەوەیە لە لاوی‌دا**
**دلداری باشیان نەکردوە**

– (مامە پاسکال ، بە دلّت بوو ، وانی‌یە ؟)
– (کە تەمەنت لە شەست سالان تی‌پەری ، لەبری من وەلامی خۆت بدەرەوە) .
بی‌دەنگ بوون ، پیرەمێردەکە سەبیلەکەی لەدەمی دەرهێناو کێشای بەبەردێکدا ، ووتی

– (ئەزانی جاران چۆن دلّداری ئەکرا ؟) .
– (دلّداری هەمووکاتی هەروەك یەك ئەکری)
–(وانی‌یە ، لە بناری ئەم گردەی ئەیبینی ، خێزانی (سینزامان) ئەژین ، لی‌یان بپرسە با سەرگورشتەی (کارلۆ)ی باپیرانت بۆ بگێرنەوە ، ئەوسا ئەزانی کۆن دلّداری چۆن کراوە)
– (گەر تۆ ئەیزانی ، بۆ داوا لەوان بکەم ؟)
بالّندەیەك بە قریشکەیەکی ناسۆراوی هەناوی شەوەکەی هەلّدری .
– (جاران ئافرەت بایەخێکی کەی هەبوو)
– (ئەمەیانم نە ئەزانی ؟)
– (هەمیشە پیاوان ، لەجەنگ‌دا بوون)

– (بێوەژنانیش زۆر بوون ؟)

– (خۆ سەربازیش هەبوو ، بەڵام جەردە ژیانی بەوخەڵکە تاڵ کردبوو ، هەر پێنج ساڵ جارێ فەرماندەیەکی نوێیان لە (ناپلس)دائەنا ، ئافرەت هەرلەماڵەوە ئەمانەوە)

– (باشتر وایە ئەمڕۆش ڕێی چوونە دەرەوەیان نەدرێ)

– (جەردەکان وەکو جوجەڵە ئافرەتیان ئەفڕاند)

– (نەتزانی،بڵێ وەك ڕێوی)

سەبیلەکەی داگیرساندەوە ، مژێکی درێژی لێدا :

– (چیدی ؟)

– (گەر ئەتەوێ بۆت بگێڕمەوە ؟ بێدەنگ بە)

سەربازەکە لەبێدەنگی پیرەکە وەڕس بوو .

– (دەی ، گوێم گرتووە !)

– (نزیکەی سەدساڵ لەمەوپێش ، لەترۆپکی ئەوچیایەدا ، کابرایەکی پشت کۆمی (گریك =اغریق)ی ئەژیا ، ناوی (ئیشلانی) بوو ، بە دزی یەوە جادوگەری ئەکرد ، کوڕێکی ڕاوچی هەبوو ناوی (ئەرایستایدیس) بوو ، دەوڵەمەندترین بنەماڵەی ئەو دەمەش (گالیاردیس) بوون ، ئەمڕۆش بە ناوی باپیریانەوە (سێنزامان) بانگ ئەکرێن) .

خشەیەك هات ، گوێیان قوڵاغ کرد ، هاژەهاژێك لە کەنارەکەوە هات .

– (ئەوە ماسی یە ، خەریکی خواردنی دەم قولاپەکانە)

– (چی دی بوو ؟)

– (بەڵێ گالیاردیسەکان سێ برابوون ، ئەوەی من لێی ئەدوێم (کارلۆن)ی ناونجی یانە لەبەر دەمزلی و دەنگ گری ناویان نابوو = کارلۆن = ، حەزی لە (ژۆلیا)ی کچی = بلاك سمیث = کردبوو ، خاتوونێکی بلیمەت بوو ، لەبەر چەن هۆیەك مارەکردنەکەیان دواکەوت ، کوری گریکەکەش مرخی لە (ژۆلیا) خۆش کردبوو ، بەڵام هیچی بۆ نەئەکرا زۆر هەوڵی دا ، دڵی بۆ خۆی ڕابکێشێ ، بەڵام بێهودە بوو ، سەرت نەیەشێنم

ڕۆژێکیان (ژۆلیا) ، لە ڕەزەکەیان دا ئیشی ئەکرد ، کورەکە ئەمەی بەهەل زانی و بەو گوزەرەدا هەڵگەڕا ، واخۆی پیشاندا ماندووەو ڕێی هەڵەکردووە ، بەلای کچەکەدا تێپەڕی ، خۆی لەبەر پێی داخست ، کچەکە دەستو دڵی باش بوو بۆ لێقەوماوان ، چیچکانی دایەوە ، بزانێ ئەو زەلامە چی یەتی ، کوڕەکە مینجە مینجێکی کردو بە

لاوازی‌یەوە ووتی : ( دەستم بەدامانت ، زۆر ماندوم با کەمێ لێرەبحەوێمەوە ، ئەوسا ئەڕۆم ، هەرچەندە زۆر لە دەستگیرانە خانەگومانەکەت ئەترسم بێت و لەگەڵ تۆدا بم‌بینێ ئەم‌کوژێ) ، سەری خستە سەررانی = ژۆلیا = ، خۆی کرد بەمردو ، کچەکە ترساو هاواری کرد ، کە بەفریایان بکەون ، خەڵکیان بەسەرا رژا ، لەپڕ کورەکە هەستایە سەرپێ‌و واخۆی نواند ، لە کۆبوونەوەی خەڵکەکە حەپەساوە ،دەستی کرد بە قسەکردن گوایە دەستی لە گەردنی کچەکە کرد وەو یەکیان خۆش ئەوێ‌و بۆ سرینەوەی ئەم شەرمەزاری‌یە ئامادەیە ، بیخوازێ ، خەڵکەکە ئەوەیان لە بیرچووەوە کە کچەکە خۆی هاواری کردوە ، باوەڕیان بە قسەی کورەکە کرد ، کچەکە سوێندی خوارد کە ئەمە درۆیە ، بەڵام ، کوری گریکەکە ووتی گوایە ، ژۆلیا لەبەر ئەوە ڕاستی‌ناڵێ چونکە لە (کارلۆن) ئەترسێ ، کچەکە خەریك بوو لەتاوا شێت‌بێ ، کەوتە بەردبارانکردنی خەڵکەکە ، ئەوانیش گرتیان و چوار پەلیان بەست‌و بەرەوشار هەڵیان گرت ، کارلۆن ، گوێی لە هاواری (ژۆلیا) بوو ڕای‌کرد بیگاتێ ، بەڵام کە کارەساتەکەیان بە لنگەو قوچی بۆ گێرایەوە ، خۆی‌گەیاندە دەستگیرانەکەی‌و بەدەستی چەپ ، بە هەموو هێزی شەقازلەیەکی دالی‌ی‌و ئیدی کەوتە ویژەی کوری گریکەکە ،خەڵکەکە تی‌کەوتن‌و لەیەکیان دورخستنەوە) .

سەربازەکە ووتی : (بەخودا گێل‌و گەوج بووە !)

— (مێشکی پیاوی بە ئابروو لە دڵیایەتی ، ئەمە هەمووی چەندرۆژێ پێش جەژنی لە دایك بوونی ( مەسیح) ڕوویدا ، نازانم چۆن‌بوو ، (کارلۆن) لە ئاکاماراستی بەسەرهات‌و تەڵەکەی کوری گریکەکەی بۆ ئاشکرابوو ، دایك‌و باوکی = ژۆلیا = لەجەژندا لەماڵەوە مانەوە ، نەش‌چوون بۆ کڵێسە ، دیاری‌یەکیان لە (کارلون)ەوە پی‌گەیشت بریتی‌بوو لەبەرچنە یە لقی درەختی‌کاژو دەستی چەپی (کارلۆن)ی لە ناودا بوو ، بە هەڵەداوان چوون بۆ تەلارەکەی ، ئەویش بەچۆك‌دادانەوە پێشوازی کردن دەستە بڕاوەکەی بەستبوو ، وەکو منداڵ ئەگریا .

ئەوەچیت کردووە ؟

— (چی پێویست‌بوو ، کردم ، ئەوکابرایەم کوشت ، کە خۆشەویستەکەی ئەتك کردم ، ئەودەستەشم بری ، هەڵەی پی‌کردم‌و کێشام بە دولبەرە بێ‌تاوانەکەمدا ، ئێستا تەنیا ئەوەم‌ئەوێ ، ئێوەو ژۆلیا بم بەخشن)

بێگومان لێی خۆش بوون ، دادگا بڕیاری دووساڵ زیندانی بەسەردا دا ، ئەمیش براکانی ڕاسپارد ، کە لەزیندان دەری بێنن ، لەپاشا (ژۆلیا)ی هێناو ناوێکی تازەی لەخۆی نا کە (سێنزامان = واتە بێدەست )بوو ، بەم جۆرە تا دوایی ژیانیان بەخۆشیو شادی ژیان)

**پیرەمێردەکە بێدەنگ بوو ، مژێکی درێژی لە سەبیلەکەیدا ، گەنجەکە ووتی :**

— (حەزم لەو بەسەرهاتانە نییە ، ئەو کارلۆن —ەی تۆش باستکرد ، دڕندەو گێلو گەوج بووە)

— (سەد ساڵی کە،ئەم ژیانەی ئێستای تۆ بە گێلو گەوجی دائەنرێ ، گەر مرۆڤێ یادی کردیتەوەو زانی کە لەسەر ئەم زەمینە هەبوویتو ژیاوی)

**خشە خشێك گۆمی بێدەنگییەکەی شڵەقان ، بەڵام ئەم جارەیان توندو بەتینتر بوو ، پیرەمێردەکە شەبقەکەی داکەندو بەرەوخوار بووەوە بزر بوو ، بەڵام دووبارە لە ڕۆخەکەدا دەرکەوتەوە ، ماسییەکی بەدەستەوە بوو پولەکە زیوینەکانی ئەبریسکانەوە . . .**

# گەنجی ئیتاڵیایی

**شەو ، وەکو کالاَیەکی قەیفەی ڕەش خۆی بەسەر شارەکەدا ئەکێشا ، دوو خانمو کورێکی گەنج ، بە ناو کێڵگەکاندا ڕێیان ئەکرد ، وێرە وێری شارەکەی پاش گێرمەو کێشەی ڕۆژ خۆی لە ڕەوتەکەیاندا ئەنواند ، سێ جووت پێ ، نەرم نەرم ئەکوتران بەتەختی ڕێگا نوێکەدا .**

**خانمێکیان زۆر دڵنەرمانە ئەدوا :**

– (تا ئەتوانی نەرمو نیانبە لەگەڵ خەڵکی)
لاوەکە بەسەر قاڵی‌یەوە ووتی :
– (دایە ، هەرگیز توندوتیژیت لە من دیوە ؟)
– (زۆر بە پەرۆشەوە قسە ئەکەی)
– (زۆر بەپەرۆشەوە ڕاستیم خۆش ئەوێ)

**کچەکە کوێرانە لە دەستەچەپی براکەیەوە ڕێی ئەکرد ، چاوی بڕیبووە ئەستێرەو تیشکی سوری خۆرەکە ، کە لە ئاوابووندا بوو ، دایکەکە بە هەناسەیەکی قووڵەوە گوتی :–**

– (بەشی سۆشیالیستی‌یەکان هەرگرتنو زیندانە)
**کوڕەکە بە هێمنی‌یەوە ووتی :–**

– (هەمیشە وانابێ)
– (بێهودەیە)

– (بەڵێ بەڵام لە کاتێکدا . . . .)

– (هیچ هێزێك نی‌یەو ناشبێ ، بتوانێ دڵی نوێی جیهان لەکار بخات)

– (ڕۆڵە ئەم قسانە ، قسەی ناو گۆرانین)

– (دایە ، ملیۆنـەها مرۆڤ ئەم گۆرانی‌یە ئەڵێتەوە ، تا بێت ژمارەی ئەوانەش پتر ئەبێ ، کە گوێی بۆ ڕائەدێرن ، هەر خۆت دایکە هەرگیز لەمەوبەر وابە پەرۆشەوە گوێت بۆ من یا بۆ (پاولۆ) شل کردووە)

– (بەڵێ ،بەڵام مانگرتنی تۆی لە شار تەراندووە) .

– (مانگرتنەکە هەر ئەبەینەوە ، پێویستیش بە هەردوکمان ناکا ، = پاولۆ = ئەمێنێتەوە) .

**کچەکە بەگەرمی‌یەوە بەشداری کردن :**

– (بەڵێ تۆو = پاولۆ = ئەیبەنەوە) .

کچەکە دایە قاقای پێکەنین ، تا کەمێ بەبێ دەنگی ڕێیان‌کرد ، هەندێ کەلاوە لە تاریکستانی .لای ژووروویانەوە دەرکەوت ، کالیپتۆزێکی بۆنخۆش لقە باریکەکانی بڵاوکردبووەوە بە سەرڕێ کەیاندا ، **کچەکە ووتی :**

– **(پاولۆ = لێرەیە)**

**تارمایی‌یەکی درێژ لە کەلاوەکانەوە دەرکەوتو هاتە چەق ڕێگاکە کوڕەلاوەکە بە پێکەنینەوە پرسی :**

– **(دڵت پی‌ی ڕاگەیاندی ؟) .**

**تارمایی‌یەکە پرسی :**

– **(ئەوە ئێوەن ؟)**

– **(بەڵێ ئێمەین ، چیدی پێویست‌ناکا لەگەڵما بێیت ، پێنج کاژێری ماوە بۆ = ڕۆما = چونکە بڕیارم داوە بە تەنیا بچم بۆ = ڕۆما = تا ڕێ‌کەی بە باشی شارەزابم) .**

پاولۆ ، شەبقەکەی داگرت و گوتی :

– (خەمی دایك و خوشکت مەخۆ) دەنگی نەوی کردو قسەکەی تەواو کرد :
– (هەموو کارێ بەباشی ئەنجام دێت)
– (ئەزانم ، دایە ، خواتان لەگەڵ)

دایکەکە دەستی کرد بە نوکە نوك ، مڵچەی سێ ماچ دەنگی دایەوە ،
– (بچنە ماڵەوە ، بۆ خۆتان بحەسێنەوە چاك ماندوو بوون ، پاولۆ وەکو کورت وایە ، وەکو من وایە ، خوات لەگەڵ خوشکە بچوکەکەم) .

تەپەی پێیان لە شەوە خامۆشەکەدا ، ئەدرایەوە ، لە تاریکستانی یەکەدا کۆبوونەوە ، پاش کەمێ بێ ورتە جیابوونەوە ، سێیانیان بەرەو شارەرووناکەکە گەڕانەوە ، ئەوی کەیان هێدی هێدی بەرەو رۆژئاوا بووەوە .
– دەنگێکی غەمگین شەوەکەی شڵەقاند :–
– (خواتان لەگەڵ)

دەنگێکی زولاڵ بەرز بووەوە :
– (خوات لەگەڵ ، خەفەت مەخۆ ، بەم زووانە پێك شادئەبینەوە)

پاولۆ بە دەنگێکی کەمی گر دڵی ئەدانەوە :
(دۆنا فیلۆمینا = دڵنیابە هەمووکارێ سەرەنجامی چاك ئەبێ ، کورەکەت مێشکێکی چاك و دڵێکی گەورەی هەیە ، ئەزانێ خەڵکی چۆن خۆش بوێ و واله خەڵکی بکا خۆشیان بوێ ، خۆشەویستی مرۆڤ وای لێ کردوە ، گشت سەختی یەکی لا ئاسان بێ) .

تا ئەهات تاریکی یەکە لەبەردەم ڕوناکی شارەکەدا ، ئەڕەوی یەوە ، پیاوەکە زۆر بەگەرمی قسەی ئەکرد :
– (ئەوکەسەی پەیامی یەك خستنی مرۆڤ لە دڵی دا هەڵگرتبێ ، لە هەموو لایەکەوە پێشوازی لێ وە ئەکرێ)

نزیك دیوی دەرەوەی دیواری شارەکە میوانخانەیەکی سپی نزم ، دەرگاکانی خستبووە سەرپشت بۆ بەخێرهاتنی ڕێبواران خەڵکەکە لەدەوری سێ مێز کۆبووبوونەوە ، سەرمەستی ئاوازی گیتارو ماندۆلین[1] بوون کاتێ سێ مرۆڤەکە گەیشتنە دەرگاکەو هاتنە

---

١ – ماندۆلین : ئامێرێکی مۆسیقایی یە ، شەش تاکو هەشت ژێی هەیە ، شێوەکەی لە = عود = دەچێت .

ژوورەوە ، غەڵبە غەڵبەکە کپ بوو ، مۆسیقاکە کزبوو ، هەندێکیان بەرزەپێ ڕاست بوونەوە ، پاولۆ = بە هاوارەوە سلاوی لێ کردن :

— (ئێوارەتان باش هاورێیان) .

وەلامیان دایەوە :

— (ئێوارەت باش هاورێ پاولۆ ، فەرموو لەگەڵانا پەرداخێ بخۆرەوە)

— (سوپاستان ئەکەم بۆجاریکی کە) .

دایکەکە بە هەناسە هەڵکێشانەوە گوتی :

— (خەڵکەکەمان تۆشیان خۆش ئەوێ !)

— (دۆنا فیلۆمینا = ووتت خەڵکەکەمان ؟)

— (پێم پێ مەکەنە ، من بێگانە نیم بەم خەڵکە کە تۆو کورەکەمی یان خۆش ئەوێ)

پاولۆ = باسکی کچەکە گرت :

— (سەرباری هەموان یەکێکی دیکەش خۆشی ئەوێن ، وانی یە ؟)

کچەکە بەنەرمی یەوە گوتی :

— (بەڵێ ، بێ گومان)

دایکەکە بەدەم پێکەنینەوە هەڵی دایە :—

— (ئای ، ڕۆڵەکانم کاتێ سەیرتان ئەکەم و گوێتان لێ ڕائەدێرم ، دڵنیائەبم کە ژیانی ئێوە لە ژیانی ئێمە چاکتر ئەبێ) .

هەرسێکیان بەرێی شارەکەدا بەرەو خوار بوونەوەو بزربوون .

# ڕق و کینە

پاش ئەوەی لە بەیانی‌یەوە بەلێزمە ئەباری ، لە نیوەڕۆدا هەورەکان ڕەوینەوەو ئاسمان بوو بە (ساو = سایەقە) ، تیشکی زێڕینی خۆر کە ئەیدا لە شەونمی سەر گەڵامێوو پۆلکەکان ، وەکو مرواری ئەی‌بریسکاندنەوە ، خامۆشی باڵی بەسەر دورگەکەدا کێشابوو ، تەنیا هاژەی دەریاکەو خورەی جۆگەلەی نێوان گاشەبەردەکان ئەهاتنە گوێ ، چوار کرێکاری پایزەبرای جل‌و بەرگ چەرمین ، لەسەر چیمەنێکی سەوزی شێ‌دار ، دانیشتبوون ، نانی نیوەڕۆیان ئەخوارد ، خواردنەکەیان بریتی بوو ، لە قازانێکی سەرلێوان‌کراو = گۆشتی ئەستێرەی‌دەریا = کە لەگەڵ پەتاتەو تەماتەدا بەڕۆن زەیتون لی‌نرابوون ، بەدەم پارو هەڵگلێنانەوە ، بە سەرەشوشەیە (مەی)یان ئەنا بە سەریانەوە .

دووانیان تراشیان کردبوو ، هێندە لەیەك ئەچوون ئەتگوت (دوانە)نو بەیەك سك لەدایك بوون ، سێ هەم کرێکار ، کابرایەکی یەك چاوو گێڕو بچکۆلانە بوو ، هێندە تورەوترۆ دیاربوو ، لە مەلێکی پیری نەخۆش ئەچوو .

ئەوی‌کەیان ، کابرایەکی ڕیش‌داری ناوشان‌پان‌و لوت چەماوەبوو تازە چووبووە تەمەنەوە ، مۆڵەمووی سپی کەوتبووە قژی‌یەوە ، بەدەم جوینی خواردنەکەوە ، ووتی :

— (ئەمەدرۆیە ، من هیچی‌وام نەکردووە)

بەدەنگە گڕەکەی لەسەرخۆ ، قسەکانی دووبارە ئەکردەوە ، هەرسێ کرێکارەکەش ، بە پەرۆشەوە گوێ‌یان بۆ ڕادێرابوو ، تاوە ناتاوێ سەیرێکیان ئەکرد وەك بڵێن : ( قسەکەت تەواوبکە) ،

— (چاکم لەبیرە ، ئەندێرا گراسۆ ، کە یەکەم‌جار ، وەکو دز هاتە گوندەکەمانەوە ، چەندە جل‌وبەرگ‌و شەبقەو پێڵاوەکانی کۆن‌و ڕزیو بوون ، هێندە چەپەڵ‌و بی‌چاووڕوو توندو تیژبوو ، هەمووی حەوت ساڵی نەبرد ، هەموو کەسێکی ئەم دەوروبەرە ، کەوتنە

ژێر باری (قەرزی) ئەوەوە ، پیرەکانمان ، شەبقەکانیان بۆ لائەدا ، ئەویش بەفیزێکەوە سەرێکی بۆ ئەلەقاندن)

کرێکارە گێرەکە ، بەدەم هەڵکێشانی هەناسەیەکی قوڵەوە ، سەرێکی لەقاندو گوتی :

- (بەڵێ ، وابوو)

قسەکەرەکە بەتەوسەوە پێی ووت :

- (تۆش کەوتیتەبەر بەزەیی ئەو)

پیاوەپیرەکە خۆی کێشایەوە ، دووانەکەی دیکە ، پێ‌کەنین ، قسەکەرەکە قومێکی لەشوشەکە داو سەیرێکی ئەو هەڵۆیەی کرد ، کە بە ئاسمانە شینەکەدا ، ئەفری ، .

- (سیازدە ساڵان بووم ، لەگەڵ چەند هاورێیەکما ، بەردمان بۆ خانووەکەی هەڵئەکەند ، وەکو (ئاژەڵ = حیوان) تەماشای ئەکردین . کە (لوکیندۆ)ی هاورێم پێی ووت بۆچی وا رەفتارمان لەگەڵ ئەکات ، ووتی :

= ئێسترەکانم لە ئێوە پێ‌چاکترن ، بەزەیم بەواندا دێتەوە چونکە هی خۆمن ، بەڵام ئێوە ، چی‌منن؟ ، بۆچی بەزەیم پێتاندا بێتەوە =

لەگەڵ پیرەکاندا ، درندانەتر ، ئەجوڵایەوە ، کاتێ خەڵکەکە داوایان لێ‌کرد کەمێ باش‌بێ لەگەڵیان ، بە گاڵتە پێ‌کردنەوە ، پێی ئەووتن :-

= کەمن هەژار بووم ، کەس بەزەیی پێمدا نەهاتەوە ، ئێستە من چۆن بەزەیم بە ئێوەدا بێتەوە ؟

بووبووە برادەری کاربەدەستانو پیاوانی کڵێسە) .

پیرە گێرەکە ووتی :

- (بەڵێ وابوو)

- (هەمیشە ئەیووت : لەو کاتەوە ، مرۆڤ‌هەیە ، هەر هەژار پیاوی دەوڵەمەند بووەو نەزان خزمەتچی زانابووە ، هەروابووەو هەرواش ئەمێنێتەوە)

پێ‌کەنی‌و دەستی برد بۆ شوشەکە ، بەتاڵ بووبووەوە ، بۆیە هەڵی‌دایە پاڵ بەردەکانەوە :

- (ئەوسا هەرزەکار بووین ، ئەمقسانە پتر قینی هەڵدەستاندین ، شەوێکیان من‌و (لوکیندۆ)ی هاوەڵم لە کێڵگەدا رامان گرت ، سواری ئەسپێ بووبوو ، بە قسەی خۆش‌و بە هێزی‌یەوە پێیان ووت :

= داوات لیٚ ئەکەین ، بە بەزەیی‌تربە لەگەلٚ ئەو خەلٚکەدا =) .

دووکابراکەی لە (دوانە) ئەچوون ، دایانە قاقای پیٚکەنین ، گیٚرەکەش بە نەرمی‌یەوە پیٚ‌کەنی ، چیرۆك بیٚژەکە هەناسەیەکی قوڵی هەلٚ کیٚشاو گوتی :-

— (بەلیٚ ، کاریٚکی گەوجانەبوو ، بەلاٚم گەنج باوەری بە (هیٚز)ی (ووشە) هەیە ، ئەتوانی گەنج بە (ویژدانی تەمەن) دابنیٚ‌ی

— (ئەی ئەو چی‌ووت ؟)

— (هاواری‌کرد = چەپەلٚینە ، ئەسپەکەم بەردەن = دەمانچەکەی دەرهیٚناو رووەکەی‌تیٚ کردین ، پیٚان ووت :

= گراسۆ ، نە پیٚویست بەوەئەکات بمان ترسیٚنی ، نە بەوەی تورەبی ، ئیٚمە تەنیا ، ئەمانەویٚ ، ئامۆژگاریت بکەیٚن =)یەکیٚ لە تراش کردووەکان ووتی:(چاکتان پیٚ‌ووتووە)

ئەوی‌کەیان سەری پشت‌گیری کردنی بۆلەقاند ، نان خواردنەکەیان تەواو بوو :

— (باوكو مامی = لوکیندۆ = قەرزاری = گراسۆ = بوون ، ئەم کارەساتە ئاکامیٚکی جەرگ‌بری هەبوو بۆ (لوکیندۆ) و خیٚزانەکەی)

جاریٚکیان پیٚ‌ی ووتم = ئای ، چ کاریٚکی هەرزەکارانەمان کرد ، ووشەکەی نرخی نەمیٚنیٚ ، لەرووی گورگدا ؟ =)

رۆژیٚکیان لەسەر شەقامیٚك ، تووشی = گراسۆ = بووم ، چوومە تەنیشتی‌و لە دەستی چەپی‌یەوە ، ریٚم ئەکردو رازی قسەم لەگەلٚیا دابەست ، پیٚم‌ووت :-

— (تا بلیٚن ، تۆ کابرایەکی چەپەلٚو درندەی ، کەس خۆشی لە تۆ نایە ، ئەم رەفتارانەشت دەستی هەندیٚ مرۆڤی جولاٚندووە ، دوورنی‌یە ئەو دەستانە (چەقۆش) هەلٚبگرن ، گەر بەقسەی من ئەکەی واباشە بۆت لیٚرە نەمیٚنی)

ئەویش ووتی :- (لاویٚکی زۆر گەوجی) بە پیٚکەنینەوە ووتی :

— (چەندت بەمیٚ ، بەرۆکم بەرئەدەی ، لیٚرەبەك باشە ؟)

بەمە ئەتکی کردم ، بەلاٚم پەستی‌یەکەم خواردەوە :- (پیٚت ئەلیٚم ، لیٚرە مەمیٚنە) لەناخلەفا ، بە دەستی‌چەپی چەقۆیەکی دەرهیٚناو لیٚ‌ی دام ، باش بوو زۆر بەسنگما نەچەقی ، دام بەزەویدا ، وەك بەراز نیشتمە سەری و پیٚم‌ووت :

— (وادیارە ئیٚستا قسەکانم لەگویٚ ئەگری)

تراش کردووەکان سەیریٚکی بیٚ‌باوەری قسەکەرەکەیان کرد ، ئەویش ووتی :-

– (بۆسبەینیٚ) ، هێشتا لەجێگاکەمدا بووم ، کاربەدەستان گەیشتنە سەرمو کێشیان کردم ، بۆلای =کوێخا[1] = ی برادەری =گراسۆ= ، ئەویش پیٚ ی ووتم =سبرۆ ، تۆ مرۆڤێکی راستگۆی ، کەواتە نابیٚ ، (نکۆڵی = انکار) لەوەبکەیت دوێنی هەوڵی کوشتنی =گراسۆ = ت داوە) هەرچەند ووتم ئەمەراستنییە و بۆیان هەڵبەستوم ، بەلاٚم تا دوومانگ دیلیان کردم پاشئەوە لە دادگادا ساڵێكو هەشت مانگ بەندیان دا بەتەنگەمدا ، بە (دادوەر = حاکم)ەکەم ووت : (وانەزانی ، ئەم بەندییەم کۆتایی بەگشت شتیٚ ئەهێنیٚ) ، سەرتان نەیەشێنم ، کاتیٚ ماوەی بەندییەکەم تەواوبوو ، گەرامەوە گوندەکە ، هەمووکەس لێم ئەسڵەمییەوە ، کەس ژورێکیشی بەکریٚ نەدامیٚ تێیدا بحەسێمەوە ، = لوکیندۆ =م دی وەکو نەخۆش ، لاوازبووبوو ، پیٚ ی ووتم (بارمان تادیٚ بەرەوخراپتر ئەچیٚ) ، چووم =گراسۆ= ببینم ، هەرکە دیمی ، لەترسانا رەنگی هەڵبزرکا ، پێمووت ، (وامن گەرامەوە ، نۆرەی تۆیە ئێرە بەجیٚ بهێڵی) دەمانچەکەی دەرهێناو گوللەیەکی نا بە لاقمەوە ، خۆم پیٚ ڕاگیراو نەکەوتم ، پێمووت (گەر ، ڕێکەویٚو بشمکوژی ، لە (گۆڕ = قبر)یشدا ڕاست ئەبمەوەو لێرە دەرت ئەکەم ، سوێندم بە (مریەم) خواردووە بۆ تۆ بمێنم ، چەندە کەللەت رەقە من لە تۆزێتر لەسەر قسەی خۆم سورم) . کەوتینە هێنانو بردنییەك ، چۆنبوو باسکیٚ شکا خەڵکی لەسەرمان کۆبوونەوە ، منیان باڵبەستکرد ، ئەمجارەیان ، (سیٚساڵو نۆ مانگ بەندیان کردم) (بەندیوان = سجان)ە کەمان ، بەسەرهاتەکەی ئەزانیم ، زۆر دڵی پێم سوتابوو گەلیٚ بەسەرماهات ، نەیەمەوە گوندەکەی خۆمان ، ئیشێکیشی لە (ئاپۆنیا) لە رەزی زاواکەیدا بۆ دۆزیبوومەوە ، بەلاٚم من خۆم بۆ نەگیراو هەرگەرامەوە ، کە گەرامەوە ، ڕۆژییەك شەممەبوو ، یەکسەر چووم بۆکڵێسە (گراسۆ)ش لەویٚ بوو ، هەرکەمنی دی ، بەرزەپیٚ ڕاستبووەوەو رەنگی هەڵبزرکاو هاواری کرد ، (خەڵکینە ، ئەوکابرایە هاتووە بمکوژیٚ) ، دەوریان گرتم ، نەیانهێشت ئەوقسەیە بکەم ، داماو بوو پیٚ ی بڵێم ، ئەمجارەیان بریارم دابوو خۆم بەقسەی پروپوچەوە خەریك نەکەم چونکە ڕۆژگار فێری کردبووم کە (نۆووشەی قسەیەکی دەووشەیی زۆر بلیٚ یی یە) ، ئەمویست تەنیا پیٚ ی بڵێم ، (لێرەمەمێنە) .

---

(١) – کوێخا : بەرامبەر ووشەی شەریف (Sheriff) دانراوە .

هەرچەندە خەڵکەکە منیان گرت بەڵام ئەمە دادی‌نەیا ، کەوتە سەرزەوی‌و لەهۆش خۆی‌چوو ، لای‌ڕاستی تووشی ( گۆت‌بوون = شلل) بوو ، زمانی شکا ، پاش حەوت هەفتە مرد ، ئیدی لەوکاتەوە خەڵکی داستانێکی ئەفسانەیی‌یان بۆ هەڵبەستوم هەرچەندە ، دڵ‌ئەکاتەوە ، بەڵام زۆری درۆو فیشاڵە)

قسەکەرەکە دایە قاقای پێکەنین‌و ڕوی‌کردە خۆرەکەو بەهاوڕێکانی ووت :

(کوڕینە ، بابچینەوە سەرکارەکانمان)

خۆرەکە گەیشتبووە ناوەراستی ئاسمان ، سێبەرەکان چووبوونەوە یەک‌و دیارنەمابوون ، دەریاکە لەگشت کاتێکی‌کە هێمن‌و شینتر دەرئەکەوت .

# پیپ

پیپ کورێکی دەساڵانەبوو ، لاوازو بێهێز ، وەکو مارمێلکە بزیوبوو ، بەرگێکی ڕیشاڵ ڕیشاڵی لەبەردابوو ، بە شانەتەسکەکەیدا هاتبووە خوارەوە ، پێستە ڕەش داگیرساوەکەی بەچڵکو خۆرەتاو لەنێوان قەڵبەی بێشوماری کاڵاکەیەوەسەرەتاتکێی ئەکرد لەگیایەکی ووشك هەڵتوو ئەچوو ، کە نەرمەبای دەریاکە بیشەکێنێتەوە ، لە کازێوە تاکو شێوان ، ئەم بەردو ئەو بەردی ئەکرد ، بێماندووبوون بەدەنگە ناسکەکەی گۆرانی دەوت :

چەندە جوانی ئیتاڵیا
ئیتاڵیای نیشتمانی من

چێژی لەهەموو شتێ وەرئەگرت ، چ گوڵ ، یا ئەو مار مێلکانەی لەنێوان بەردەکانەوە دەرئەپەڕین ، چ ئەو باڵندانەی لەنێوان گەڵای دارزەیتونەکاندا زیتەیان ئەهات ، یا کەپری گەڵامێوو ماسی بن دەریا ، یان ئەو بێگانانەی لەنێو شەقامی تەسکی پێچاوپێچی شارەکەدا ئەبینران ، یەکێکیان ئەڵمانی یەکی قەڵەوبوو ، جێ‌قەڵبەیە بەدەمو چاوی‌یەوە بوو ، یەکێکی‌کەیان ئەمەریکی یەكبوو ، هەمیشە هەوڵی لاسایی کردنەوەی ئینگلیزی‌یانی ئەدا ، یا ئەو فەرەنسیە وەڕس‌کەرەی نەیئەویست لاسایی‌کەس بکاتەوە ، کاتێ پیپ بە چاوتیژەکانی لەو ئەڵمانی‌یەی ئەڕوانی ، کە زۆر بەفیزبوو ، بە هاوڕێکانی ئەووت :

(چ دەمو چاوێکی هەیە ؟ ! ، سەری هێندەی ورگم زلە !)

ئەڵمانی خۆش‌ناوێ ، خولیای ژیانی ناوشەقامو گوڕەپانو ساڵونە بچوکە تاریکەکانە ،

که خەڵکی شارەکە تێیدا ئەخوێنەوەو یاری کاغەز ئەکەنو ڕۆژنامە ئەخوێننەوەو پۆستکەندەی ڕامیاری = سیاسی = ئەکەنو ئەڵێن :

(ئێمە ڕۆڵەی باشورین ، خزمایەتیمان لەگەڵ = سلاڤە =کاندا هەیە ، هاوسوێندەکانمان ئەوانە بوون لە پاداشتی هاوڕێیەتیمان‌دا خوڵی ئەفەریقایان ئەدەنێ)

ئەمەی هێندە لە خەڵکی ساکاری ئەوناوچە باشوریە بیستبوو لە مێشکیدا چاپ بووبوو ، لەبیری نەئەچووەوە ، جارێکیان لەپشت کابرایەکی ئینگلیزی‌یەوە ، کە لاقەکانی لە (شەمبر = مقەست) ئەچوو ، سرودێکی غەمبارانەی ئەووت :-

هاوڕێکەم گیانی سپارد
ژنەکەم زۆر غەمبارە
منیش نازانم چی‌یە ؟
هۆی ئەم هەموو ئازارە .

هاوڕێکانی ئەتریقانەوەو دوای ئەکەوتن ، هەرکە بێگانەیەك بەچاوە خەفەبووەکانی‌یەوە لی‌ی ئەڕوانین ، ڕایان ئەکردو خۆیان لەتەنیشت دیوارێیان پاڵ کۆمەڵە دارێکەوە ئەشاردەوە .

ڕۆژێکیان ، خانمێك ڕایسپارد بەرچنەسێوێك ببات بۆ هاوڕێیەکی‌و پی‌ی ووت :

— (گەر ئەمەم بۆ بکەیت یەك (سولدۆ)[1]ت ئەدەمێ ، بەئارەزوی خۆت خەرجی بکە)

بەرچنەکەی هەڵگرت و خستی‌یە بان سەری‌و تی‌ی تەقاند ، تاکو ئێوارەیەکی درەنگ نەهاتەوە بۆ (سۆلدۆ) کە ، خانمەکە پی‌ی ووت :-

— (بۆ هێندە خاووخلیچك بووی ؟)

بەهەناسەبرکێوە ، وەڵامی دایەوە :

— (خانم ، زۆر ماندووی کردم ، لە (دە) زێتر بوون)

— (بێگومان لە (دە) زێتربوون ، بەرچنەیەکی قەلاّپڕبوو)

— (من سێونالێم ، من ژمارەی کورەکان ئەڵێم)

(۱) — سۆلدۆ Soldo : پارەیەکی ئیتالیایی یە

–(ئەی سێوەکان چی‌یان بەسەرهات ؟)
– (خانم ، یەکەم کوڕیان = میشیل جیۆڤانی = بوو)
ژنەکە پەست بوو ، پیپی گرت‌و شانی ڕاتەکاندو قیژاندی بەسەریا :–
– (پێم بڵێ سێوەکانت چی لێ کرد ؟)
– (خانم گوێ بگرە چیم کرد ، گشتیم تاگۆرەپانەکە هەڵگرت ، لەسەرەتادا گوێم نەدانێ ، ووتم (وازیان لێ ئەهێنم با پێم بڵێن کەرە) ، بەرگەی ئەمانەم هەمووی لەپێناوی ڕێزی تۆدا گرت ، بەڵام کە گاڵتەیان بەدایکم کرد ، جامی تورەیم پڕبوو بەرچنەکەم دانا ، بریا ئەت‌دی ئەو بەچکە ئەهریمەن (بەچکە شەیتان)نەم چۆن سێو باران کرد)
ژنەکە هاواری کرد :
– (میوەکەیان دزیم
پیپ هەناسەیەکی غەمبارانەی هەڵکێشاو گوتی :–
(نەخێر ، سێوەکانیان نەدزیت ، ئەوەی بەردیوارەکە کەوت ، فلیقایەوە ، ئەوی کەی کە بەریان ئەکەوت‌و نەفلیقانەوە ، پاش ئەوەی بەسەریان‌دا سەرکەوتم و ئاشت بووینەوە ، بەوبۆنەیەوە پێکەوە خواردمان)
ئافرەتەکە هەژدە هەژدە جنێوی بەسەریدا باران ئەویش لێ فیزانە گوێی بۆشل کردبوو ، جارجارەش بەقسەکانی خانمەکەی ئەووت :
– (چەند جوانە ، چەند خۆش گوفتارە . . . ! ؟)
کاتێ پەستی‌یەکەی ڕەوی‌یەوە ، پیپ بانگی کردو پێی گووت :
(گەر ئەت‌دی ، چۆن بەوسێوە دڵڕفێنانەی تۆ ، تۆڵەی خۆم لێ سەندنەوە ، ئێستا لە جیاتی یەك (سۆلدۆ) ، دووانیشت ئەدامێ)
ئافرەتەکە تێ نەگەیشت ، چەمۆڵەیەکی لە (پیپ) نا ،
خوشکی = پیپ = کەلەم گەورەتربوو ، کارەکەری ماڵی ئەمەریکایەکی زەنگینی ئەکرد ، ڕەنگ‌و ڕووی گەشابووەوە، کوڵمی بە گوڵان ئەچوو ، ئەتگوت هەرمێی مانگی = ئاب =ە ئەدرەوشێتەوە ، جارێکیان براکەی لێی پرسی :
– (بەڕاستی تۆ هەموورۆژێ نان‌ئەخۆیت ؟)
بەشانازی‌یەوە وەڵامی دایەوە :
– (گەر بمەوێ ، ڕۆژی دووسێ جاریش نان ئەخۆم)

– (ئاگاداری ددائت به هەڵ ئەوەری)
دوای پشویەك پرسی :
– (خانەخوێ‌کەت دەوڵەمەندە ؟)
– (بەڵێ ، وابزانم لە پاشا دەوڵەمەندترە)
– (یەکجار وانا ، چەند دەست بەرگی هەیە ؟)
– (لە ژماردن نایەن)
– (دە) ئەبن ؟)
– (زیتری هەیە)
پیپ گوتی :
– (کەواتە دەستێ بەرگم بۆ بهێنە ، بادەرلنگەکانی زۆر درێژنەبێ ، تا ئەش‌توانی بازستانی بێ)
– (بۆچی ؟)
– (ئەی بەرگەکەی بەرم‌نابینی ؟)
بەرگەکەی ریشاڵ ریشاڵ ، بووبوو ، خوشکەکەی قایل‌کرد ،
– (بەراستی پێویستت بەدەستێ بەرگ هەیە ، بەلاّم ئەی بەدزی دانانێ ؟)
پیپ ورەی خستەبەر ؛
– (کاتێ هێندێکی‌کەم لە یەکێ بستێنی زۆری هەبێ ، بەدزی دانانرێ ، تەنیا هاوبەشی کردنە)
خوشکەکەی بەرەنگاری بووەوە ،
– (قسەی سەیرو بێفەر ئەکەی !)
بەلاّم پیپ زوو بەزوو بەسەر دڵەڕاوکێ‌کەیدا زاڵ بوو ؛ کاتێ خوشکەکەی گەڕایەوە چیشتخانەکە دەستێ بەرگی خۆڵەمێشی کاڵی بۆهێنا ، بەبەری پیپ گەورەبوو ،
– (چەقۆیەکم بۆ بێنە)
پێکەوە ، بەرگی کابرایان هەڵوەشاندو خەریك‌بوون بەرگێکی لەباری کورانەیان لێ‌دروست ئەکرد ، ژنی کابرا ئەمەریکی‌یەکەیان بەسەرداهات ، چەپکێ جنێوی ناشیرینی بەچەند زمانێك وەك باوە لەناو ئەمەریکی‌یەکاندا بەسەریاندا رژان ،

(پیپ) هیچی نەکرد ، خانمەکە بێ‌دەنگ بکات ، ناوچەوانی گرژکردو دەستێکی گرت بەسەری‌یەوەو بەدەستەکەی دیکەی سەردڵی خۆی پەستێوران ، کەوتە هەناسە هەڵکیشان ، ئەمەش خانمەکەی هێمن نەکردەوە ، تا مێردەکەی نەهاتەسەر شانۆی کارەساتەکە ، پرسی

– (چی بووە ؟)

– (جەناب ، سەرم سورماوە ، لەوهەراو هوریایەی خانم بەرپای کردووە وائەزانێ ئێمە دەستێ بەرگی تۆمان دراندووەو ئیدی تۆ ناتوانی دەستێکی دیکە بۆخۆت بکریتەوە)

ئەمەریکایی خۆی گرتبوو ، گوێی شل‌کردبوو بۆقسەکانی ، لەپاشا ووتی :

– (لاوە ، ئەبێ پۆلیس بانگ کەین ؟)

پیپ بە سەرسورمانەوە پرسی :

– (زۆر بەجێ‌یە ، بەلام بۆچی ؟)

– (بۆئەوەی تۆ دیل بکەن)

پیپ خەریك بوو بگری ، زۆرئازاری خوارد ، بەلام ئەسرینەکانی گیرسانەوە ، بەوپەری ئابروداری‌یەوە گوتی :–

(جەناب ، گەربەناردنی خەڵکی بۆ بەندیخانە شاد ، ئەبێ ئەوە ئارەزوی خۆتە ، بەلام گەرمن لە جێی تۆ بوومایە ، وارەفتارم لەگەڵ نەئەکردی ، گەر چەند دەستێ بەرگم هەبووایەو تۆ پێویست پێی بوایە ، دوو بگرە سێ دەسیانیشم ئەدایتێ ، هەرچەندە لەم‌گەرمایەدا ، سێ دەست پێکەوە لەبەرناکرێ .

ئەمەریکایی‌یەکە دایە قاقای پێکەنین ، ئەوسا چەند چکلێتێکی پێ‌داو دراوێکی = فەرەنگ بایی = دایە پیپ ، پیپ دەستی لەپارەکە خست ، ووتی :

(جەناب ، سوپاست ئەکەم ، کەپارەکەت ساختە نی‌یە)

پیپ ، کە بە تەنیا لەنێوان گاشەبەردەکان‌دا ئەوەستێ‌و لەدرزەکانی رائەمێنێ ، وەکو یەکێ مێژووی ژیانی گابەردەکان بخوێنێتەوە ، لەم‌کاتەدا لەوپەری خۆشیدایە چاوەکانی ئەبلەق ئەبێ‌و دەستە لاوازەکانی لەپشتەوە لەیەك ئەئالێنێ ، وەکو گولێکی سەرچلی بەدەم نەرمە باوە ئەشەکێتەوە ، بەدەم سەیرکردنەوە ، گۆرانی ئەڵێ :

:- (فیۆرینۆ ، ئای فیۆرینۆ)

سەری بلند ئەکاتەوە ، خۆرەکە جارجارە چاوی پێ ئەنوقێنێ ، لەو پەپولانە ئەروانێ کە بەسەر گوڵان دا یەکدی ڕاوئەنێن ، کە مارمێلکەیە ئەبینێ لێی نزیك دەبێتەوەو دەست بەیەکدا ئەداو ئەقیژێنێ (کوو) تاکو مارمێلکەکە بترسێنێ .

کاتێ گاشەبەردەکان لەکەفی خێزاوی دەریاکە ڕووت ئەبنەوە لەسەر بەردێ دائەنیشێو بە چاوە ڕوونەکانی سەیری ئاوەکە ئەکات . سەیری ئەو ماسی‌یانە ئەکات کە لەنێوان ڕووەکە دەریای‌یە سورباوەکان‌دا ئەخزێن ، یان ئەو کێچی دەریایانەی ، بەدەم هاتووچۆوە خۆیان ئەماڵن بە (قرژانگە)کاندا .

لەوپەڕی خامۆشی‌دا ، دەنگە زولاڵەکەی ئەبیسترێ گورانی ئەڵێ

(دەریا ، ئای دەریا)

پیرەکان بەنکۆڵی کردنەوە ، سەر لە پیپ ئەلەقێنن و ئەڵێن :

(منداڵێکی سەربەگوبەندە !)

بەلأم مرۆڤە پیاو چاکو بە بەزەیی‌یەکان ، بە پێچەوانەوە دەڵێن :

– (پێپی ئەبێتە (هۆزانەوان = شاعیر)مان)

(باسکالینۆ)ی کەل‌و پەل‌ساز ، کە پیاوێکی پیری ، قژسپی‌یەو دەم‌و چاوی لە دەم‌و چاوی سەرپارە ئەچێ بیروباوەڕێکی تایبەتی خۆی هەیە

– (منداڵەکانمان زۆر لەخۆمان باشتر دەرئەچن‌و لە ئێمە چاکتریش ئەژین)

زۆرکەس باوەڕیان بەم قسەیەی هەیە .

# جەژنی گەورە

شەوی شەمەبوو ، تاریکی باڵی بەسەر کوچەو سەقامەکانی شارەکەدا کێشابوو ، ئافرەتێکی ڕەش پۆشی و چارشێودار ، بەتەنیا ، لەسەرخۆ بەکۆڵانێکی قەراغ شاردا ڕێ ی ئەکرد .

مۆسیقاژەنەکان ، ئامێرەکانیان خستبووە کار ، فیقەفیقی ئامێرەمسەکانو ئاوازی شمشاڵو جوزەلەو لورەی شەیپورو ئاوازی دڵتەزێنی (ساکسۆرن) و تەپەی تەپڵەکان ئاوێتەی تەپەی سەدان پێ بوو بوو . پۆل پۆل کەژاوە سەرسورهێنەکان بە کۆڵانو شەقامەکاندا ئەگەڕان ، تیشکێکی سور ئەکەوتەسەر دیوارە بەرزەکانو نەئەماو دووبارە هەڵئەبووەوە ، وورتە وورتێ بەرزبووەوە : (واهاتن . . . واهاتن)

تینی ڕوناکی یەکە تا ئەهات زێتر ئەبوو ، ئافرەتە تەنیاکە هەنگاوەکانی خێراکرد خەڵکەکە ، کەوتنە پەلە ، گەیشتنە گۆرەپانەکە ، دەوری دوو مرۆڤیاندا یەکێکیان (مەسیح)ی قژبژن بوو ، رۆبێکی سپیو فشی لەبەردا بوو ، ئەوی‌کەیان (جۆن)ی یاوەری مەسیح بوو ، کالایەکی شینی لەبەردابوو .

مەسیح خاچێکی بە گوڵ‌ڕازاوەی بەدەستەوە بوو ، دەستەکەی دیکەی بەدەم قسەکردنەوە ئەجولاند ، گۆرەپانەکە یەکێکی‌کەی نەئەگرت ئافرەتە ڕەش‌پۆشەکە خۆی بەرزکردەوە ، چاوی بۆ (مەسیح) ئەگێرا .

پەردەی کەژاوەیەکیان لادا کەتازە هێنابوویانە ناو گۆرەپانەکەوە (مریەم)ی قژزەردو ئاڵتونی هاتەدەرەوە ، جلو بەرگێکی سپی لەبەردابوو ، بیست کۆتری سپی یان بەسەر (مریەم)دا بە ناو ئاسماندا هەڵدا هەزاران کەس هاواریان ئەکرد :

– (هەزار ستایش بۆ = مریەم)

مریەم – چوو لەنێوان مەسیحو جۆندا ڕاوەستا ، پێکەوە پێ ئەکەنین منداڵەکان دەوری سی‌یانەکەیان دابوو ، پڕ بەقورگیان هاواریان ئەکرد :

– (هەزار ستایش بۆ = مریەم)

پیرەژنەکان چاك (مەسیحو مریەمو جۆن) یان ئەناسی وەکو خەون سەیریان ئەکردنو نوێژی‌یان ئەکرد .

ئەوەی چووبووە شێوەی (مەسیح)ەوە ، (ڤیاپیاسا کلنی) دارتاش بوو ، جۆنیش (کاژێرمەند= سەعاتچی) بوو ، مریەمیش (ئەنتینا برالیا)ی ئالتونچی بوو .

سپیدەی‌دا ، زەنگی کڵیسەکان لێ‌درا ، مۆسیقاژەنەکان لە یەك نزیك بوونەوەو سەریان کرد بە یەکداو کەوتنە مۆسیقالێدان ، گورەپانەکە چۆڵ بوو ، سی‌یانەکە قۆڵیان کرد بە قۆڵی یەكداو بە گۆرانی ووتن بەشەقامەکەدا بەرەو خوار بوونەوە ، مۆسیقاژەنەکان دوایان کەوتنو خەڵکەکەش دوای ئەمان کەوتن ،

ئەم دیمەنە گۆرانی‌یەکی کۆنی ئەهێنایەوە بیری مرۆڤەکە سەرەتاکەی ئەڵێ .

– مەسیح هاتەوە

ئێمە بەرەنگاری مەرگ ئەبینەوەو مێردەزمەی مەرگ زیندەبەچاڵ ئەکەین .

## ناوەرۆك



| بابەت | لاپەرە | بابەت | لاپەرە |
|---|---|---|---|
| مانگرتنەکە | ٥ | خوشك وبرایەك | ٧٠ |
| مندالْەكانى پارما | ٨ | رۆشنبیرەكان | ٨٢ |
| گولاّن | ١٢ | ئاژاوە چى یەكە | ٩١ |
| تونێل | ١٥ | تۆلْە | ٩٦ |
| شارەكە | ١٩ | جیۆڤانى تۆبا | ١٠١ |
| نیوەڕۆ | ٢١ | سیسكۆى پیرەمێرد | ١٠٥ |
| زەماوەند | ٢٦ | جەژنى لە دایك بوون | ١٠٩ |
| پروپاگەندەچى | ٣٠ | نانسیا | ١١٣ |
| دایك | ٣٧ | كارلۆن گاریالدى | ١١٨ |
| ڕمووزنە | ٤٥ | گەنجى ئیتالْیایى | ١٢٣ |
| دایكى ناپاكەكە | ٥٠ | ڕق و كینە | ١٢٧ |
| ڕاسپاردەى ماسى گرەكە | ٥٧ | پیپ | ١٣٢ |
| دادوەرى كردنەكە | ٦١ | جەژنى گەورە | ١٣٨ |
| جیۆڤانى چۆن بووبە سۆشیالیستى | ٦٥ | | |


---


لە كتێبخانەى نیشتمانیى بەغدا
ژمارە ١١١١ ى سالى ١٩٨٤ى دراوەتێ

مطبعة سەركەوتن	السليمانية - شارع حمدي

نیگاری بەرگ قابەق عومەر :



М. Горький

# TALES OF ITALY

## M. GORKY

**1984**

نرخی ١٫٥٠٠ دیناره

مطبعة سەرکەوتن السليمانية - شارع حمدي